رووداو
RÛDAW

ژمارە (471) دووشەممە 2017/8/28 - 6ی گەلاوێژ 2717 (750) دینار


# 400 هەزار گەشتیار بۆ ئەم جەژنە دێنە کوردستان

**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی گەشتوگوزار پێشبینی دەکات هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان لەم جەژنەدا دوو هێندەی جەژنی قوربانی پێشوو بێت.

نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار دەڵێت: "هەلومەرجەکان گونجاو و لەبارن، بۆیە گەشبینین لە جەژنی قوربانی ئەمساڵدا ژمارەی گەشتیار بۆ دوو هێندەیساڵی رابردوو زیاد بکات". لە جەژنی قوربانی ساڵی رابردوودا 213 هەزار گەشتیار هاتبوونە کوردستان.

لە داتای ساڵی رابردوودا دەردەکەوێ 52.7%ی ئەو گەشتیارانەی روویان لە کوردستان کردووە، گەشتیاری عەرەبی شارەکانی عێراق بوون، 23.4% گەشتیاری دەرەوەی عێراق و 23.9%ش گەشتیاری ناوخۆ بوون، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاری عەرەب زیاتر بووە.

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار باسی خەرجیی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "بەپێی بەدواداچوونمان بۆ ئەو خەرجییەی گەشتیار لە هەرێمی کوردستان دەیکات، بە تێکڕایی هەر گەشتیارێک لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان 300 دۆلار خەرج دەکات". بەو پێیە بێ، ئەگەر جەژنی قوربانی ئەمساڵ 400 هەزار گەشتیار روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، 120 ملیۆن دۆلار لەو رێگەیەوە دێتە هەرێمی کوردستان.

8«

## دوو خێزانی داعشی بیانی خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە دەکەن

2

راپۆرتێکی نێودەوڵەتی:

## دەبێت واشنتن لە نێوان بەغدا و هەولێردا بێلایەن بێت

4



د. دلاوەر عەلائەدین:

## دواخستن یان نەکردنی گشتپرسی شکست نییە

5

## کەمپینێکی نێودەوڵەتی شەڕڤان و پیتاکیان بۆ کۆدەکاتەوە

# چەپی توندڕەوی شۆڕشگێڕ لە سەرانسەری دنیاوە روو لە رۆژاڤا دەکەن




6

ئۆزتورک یلماز، جێگری سەرۆکی (CHP) بۆ (رووداو):

# "نەجمەدین کەریم دوای جەژن لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە"



14

ژنان 12

## لە فەیسبووک بە دوای ژنەکەیدا دەگەڕێ



شرۆڤە 19

## پشتی پەردەی گرتنی دوو میتەکەی تورکیا

تەندروستی 15

## سلێمانی خواردنەوە وزەبەخشەکان کۆدەکاتەوە



راپۆرت 4

## مووسڵ بووەتە گۆڕستانێکی گەورە



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (471) - دووشەممە 2017/8/28



## باندێک سێ ئۆتۆمبێل لە شۆفێرێک دەدزن

**رووداو- هەولێر**

لە رێگای قەندیل- هەولێر ، باندێکی دزیکردن سێ ئۆتۆمبێلی شۆفێرێک دەدزن و دواتر ئەشکەنجەی دەدەن و چەند بەشێکی جەستەی دەشکێنن. شۆفێرەکە پێنج ئۆتۆمبێلی تویۆتای 2017ـی لە ئێرانە بۆ هەولێر هێناون، رێگرەکان سێ ئۆتۆمبێلیان بردووە و شۆفێرەکەشیان بە سوکانی ئۆتۆمبێلەکەیەوە بەستووەتەوە و پاشان جێیان هێشتووە. حەسەن زەمانی، شوفێری بارهەڵگرەکەیە و خەڵکی پارێزگای ئەردەبیلە لە ئێران، دەڵێت "کاژێر 12:00ـی شەو بوو چوار چەکداری دەمامکدار بە زەبری چەک رێیان پێگرتم و پاشان دایانگرتمە خوارەوە و لێیاندام، دوای پێنج کاژێر بەهۆش خۆم هاتمەوە و کەلەپچەکەی دەستم کردەوە و چوومە ئاوەدانییەک ئاگاداری هێزە ئەمنییەکانم کردەوە".

# دوو خێزانی داعشی بیانی خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە دەکەن

**ناسر عەلی**
**رووداو- زوممار**

قەزای تەلعەفەر دوایین شوێن بوو لە سنووری پارێزگای نەینەوا کە رۆژی یەکشەممە 2017/8/27 کۆنترۆڵکرایەوە، ئەو چەکدارە داعشانەی لە نێو قەزاکەدا مابوون، هیچ رێگایەکیان لەبەردەم نەمایەوە، جگە لە خۆبەکوشتدان، یان تەسلیمبوون. هەندێک لەوانە خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە کرد، لەوانەش دوو خێزانی بیانیی داعش کە یەکێکیان چینییە و ئەوەی دیکەشیان ئەڵمانی.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە سنووری قەزای تەلعەفەر، زانیاری لەبارەی راکردنی چەکدارانی داعش لە تەلعەفەر دایە (رووداو) و گوتی "مانگێک لەمەوبەر گرووپێکی داعش کە لە 14 چەکدار پێکهاتبوون، پەیوەندییان بە عەرەبێکی رەبیعەوە کردبوو بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە سووریا، بەڵام عەرەبەکە هێزەکانی پێشمەرگەی ئاگادار کردەوە، دواتر پلانێکمان دانا بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەین، بەڵام کە گەیشتنە لای پێشمەرگە تەقەیان کرد، بۆیە هەر چواردەمان کوشتن".

بە گوتەی ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەر، چەکدارانی داعش دەرفەتی هەڵاتنیان نەما، بۆیە ناچاربوون خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە بکەن. گوتیشی "هەندێکیان دەیانویست لە رێگەی ئاوارەکانەوە خۆیان دەرباز بکەن بۆ سووریا، بەڵام دەستگیرکران".

بەپێی زانیاری ئەو بەرپرسەی پێشمەرگە "هەتا ئێستا نزیکەی 100 چەکداری داعش لە تەلعەفەر رایانکردووە و خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، دوو لەوان خێزان بوون و بیانین".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە چیرۆکی ئەو دوو خێزانەی گێڕایەوە و گوتی: "بەرەبەیانی رۆژی 21 ئەم مانگە خێزانێک لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک بوونەوە لە نزیک گوندی حوقنە، دیار بوو عەرەب نەبوون، تەنیا ژنەکە کەمێک عەرەبی دەزانی، دەرکەوت ئەوانە چینین".

خێزانەکە دوای خۆڕادەستکردنیان، چیرۆکی هاتنیان بۆ نێو داعش بۆ فەرماندەکەی پێشمەرگە گێڕاوەتەوە "پیاوەکە ناوی ئەبوو تورکستانی چینی بوو، گوتی دوو ساڵ لەمەوبەر لە رێگەی شانە نووستووەکانی داعشەوە رەوانەی عێراق کراین، لەوێ پێیانگوتین بڕۆن شەڕ بکەن تاوەکو شەهید ببن و بچنە بەهەشت. هەروەها گوتی باری داراییمان باش نەبوو، لەوێ گوتیان مانگانە 300 دۆلارتان دەدەنێ، بۆیە بڕیارماندا بێینە عێراق".

پێدەچێ ئەبوو تورکستانی چینی هەر زوو پەشیمان بووبێتەوە و بە پێشمەرگەکانی گوتووە "لە هەر شوێنێک شەڕی لێ بووایە جێمدەهێشت، لە مووسڵ چووم بۆ تەلعەفەر، دواتر بۆ ئەوەی خێزانەکەم نەبێتە قوربانی، خۆم رادەستی ئێوە کرد".

> هاتووین بۆ ئەوەی منداڵی زۆرمان ببێ
>
> ئافرەتێکی داعشی چینی

هاوژینی ئەبوو تورکستانی چینی رۆڵی وەرگێڕی لە نێوان هاوژینەکەی و پێشمەرگەکان بینیوە. ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە باسی ئەو ژنەی کرد و گوتی "لە چین رێگە نادەن منداڵی زۆرمان هەبێ، کاتێک زانیم لە ئاینی ئیسلامدا رێگە بەوە دەدرێ کە هەرچەندی حەز دەکەی منداڵت ببێ، بڕیارمدا لەگەڵ هاوژینەکەم بێمە عێراق بۆ ئەوەی منداڵی زۆرمان ببێ".



### 300 داعشی بیانی لە تەلعەفەر بوون

ئەو سەرچاوەیەی پێشمەرگە باسی لەو چەکدارە بیانیانە کرد کە لە تەلعەفەر بوون و گوتی "جگە لەو خێزانە چینییە، هەفتەی رابردوو خێزانێکی ئەڵمانییش لە تەلعەفەر خۆیان رادەستی پێشمەرگە کرد، ئەوانیش ژنێک و پیاوێک بوون. بەپێی زانیاریی ئێمە نزیکەی 300 خێزانی بیانی کە مێردەکانیان داعشن، ئێستا لە نزیک ناحیەی عیازیە خۆیان حەشارداوە و باوەڕیان بە داعشە عێراقییەکان نەماوە". ئاشتی کۆچەر، بەرپرسی ئاسایشی رۆژهەڵاتی دیجلە سەبارەت بەو داعشانەی خۆیان رادەستی پێشمەرگە دەکەن، گوتی "ئەوان زۆر لە حەشدی شەعبی دەترسێن، بۆیە خۆیان رادەستی پێشمەرگە دەکەن".

# لە شاشەی رووداوەوە ئەو داعشەی ناسیەوە کە کڕین و فرۆشتنی پێوە کرد

**نوێنەر فاتیح**
**رووداو- هەولێر**

لە ئەورووپاوە و لەڕێی تەلەفزیۆنەوە ئەو کەسەی ناسییەوە کە پێشتر وەک کۆیلەیەک کڕین و فرۆشتنی پێوە کردبوو، بەڵام لەناو ئاوارەکاندا وەکو لێقەوماوێک قسەی دەکرد.

رۆژی 20ی ئاب ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی قەزای تەلەعفەر دەستییپێکرد، لەگەڵ پێشڕەویی هێزەکاندا شەپۆلی ئاوارە ناوچەکانی شەڕیان چۆڵ دەکرد. رۆژی 21ی ئاب ئیڤانا وەلید، لە شاشەی رووداوەوە لەناو شەپۆلی ئاوارەکانی تەلەعفەردا کەسێک دەبینێت و دەیناسێتەوە، دواتر ئیڤانا وێنەکەی لە فەیسبووکدا بڵاوکردەوە و نووسی "ئەمە ئەبوو عەلییە، ئەم کەسە زیاد لە جارێک کڕین و فرۆشتنی پێوەکردم و لێپرسراوێکی کڕین و فرۆشتنی کچانی ئێزدی بوو لە تەلەعفەر". پاشان ئەبوو عەلی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دۆزرایەوە و دەستگیر کرا.

کە داعش لە سێی ئابی 2014 هێرش دەکاتە سەر شنگال ، ئیڤانا لەگەڵماڵباتی مامی، روویان لە چیای شنگال کرد، بەڵام بەر لەوەی بگاتە سەر لوتکەی چیاکە لەلایەن داعشەوە دەستگیر دەکرێن.



ئیڤانا وەلید





ئەبوو عەلی

ئیڤانا دەڵێت: "ژمارەمان گەیشتە 600 کەس، ژن و پیاوەکانیان جیاکردنەوە، ئەوانەی عەرەبی سوننە بوون رێگەیان پێدرا بڕۆن، ئێزدییەکانیشیان گواستەوە بۆ بارەگای فەرمانگەی باری شارستانی لە شنگال".

داعش کچەکان لە خێزانەکانیان جیادەکاتەوە، سەرەتا سێ پاس لە کچانی ئێزدی دەنێرن بۆ مووسڵ، تا کاژێر هەشتی ئێوارە کچەکان جیادەکرێنەوە، ئیڤانا کە لەگەڵ دوا کاروان بوو، بۆ قەزای بەعاج گواسترایەوە.

پاش دوو رۆژ ئیڤانا دەبەن بۆ تەلەعفەر، ئەو دەڵێ "سێ شەو لەوێ ماینەوە، دواتر گواسترāینەوە بۆ شوێنێکی دوور، وامانزانی سووریایە، بەڵام گرتووخانەی بادۆش بوو، لە گۆڕەپانەکەی کۆکراینەوە و نزیکەی 2000 کەس دەبووین".

لە بادۆش داعش رۆژانە یەک ژەم خواردنی دەدایە ئێزدییەکان، لەو کاتەدا فڕۆکەکان گرتووخانەکەیان بۆردومان کرد، بۆیە ئێزدییەکان گەڕێندرانەوە تەلەعفەر، لەوێ کچەکانیان جیاکردنەوە و بە حەوت پاس گواسترانەوە بۆ مووسڵ.

لە موسڵ، لە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمیدا ئیڤانا لەگەڵ نزیکەی 1000 کچی ئێزدی دەستبەسەر بوون، رۆژێک ژمارەیەک ئەمیری داعش سەردانیان دەکەن و هەر یەکێکیان چوار بۆ پێنج کچ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەمیرێکی داعش دەیەوێت ئیڤانا بۆ خۆی ببات، بەڵام ئیڤانا بیردەکاتەوە و بە داعشەکە دەڵێت کە هاوسەرگیریی کردووە و هاوژینەکەی لای ئێوە دەستبەسەرە، ئەو کەسەشی ئیڤانا لە خەیاڵی خۆی وەک هاوژین دایناببوو، ئامۆزاکەی خۆی بوو.

ئەمیرەکە ئیڤانا دەگەڕێنێتەوە بۆ تەلەعفەر و داوا دەکات لە زیندانەکە بکۆڵنەوە ئایا ئەو ناوەی ئیڤانا دەڵێت هەیە، لە بەختی ئەودا ئامۆزاکەی لە زیندانەکە بووە و نەکوژراوە.

ئیڤانا لە قوتابخانەیەک دادەنێن کە پڕە لە ژن و منداڵی دەستبەسەری ئێزدی، بۆ رۆژی دواتر پیاوەکانیش دەهێنن و ئیڤانا ئامۆزاکەی دەدۆزێتەوە و چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

ئیڤانا دەڵێت: "داعشەکان رۆژانە دەهاتنە سەرمان و بەدوای کچاندا دەگەڕان، چوار جار هاتنە لامان، چونکە گومانیان هەبوو کە من و ئامۆزکەم هاوژین بین، هەر چوار جارەکە دوو کەس هاتن بە ناوەکانی باقر و ئەبوو عەلی".

لە تەلەعفەر داعش ئێزدییەکان لە گەڕەکەکاندا نیشتەجێ دەکات و داوایان لێدەکات مەڕوماڵاتیان بۆ بەخێو بکەن و کشتوکاڵیان بۆ بکەن.

ئیڤانا لەگەڵ 33 کەسی دیکە لە ماڵێکدا دەمێننەوە، ئەو دەڵێ "رۆژانە هەواڵی هەڵاتنی خێزانەکانمان دەبیست، ئێمەش تەلەفۆنێکمان پێبوو و ژمارەی قاچاخچییەکمان پەیداکرد و بڕیارماندا هەڵبێین".

قاچاخچییەکە شوێنێکیان بۆ دەستنیشان دەکات کە خانوویەکی تەواونەکراوە، بە دوو ئۆتۆمبێلەوە دەگاتە لایان و 18 کەس دەبات و 15 کەس دەمێننەوە، پێیان دەڵێت بەر لە خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە، ئیڤاناش یەکێک دەبێت لەوانەی کە ماوەتەوە "تا بەیانی نەهاتەوە، پێنج رۆژ تێپەڕی بەبێ نان و ئاو، دەترساین داعشەکان پێمان بزانن چونکە منداڵەکان دەگریان". ئیڤانا دەیگێڕێتەوە.

بەناچاری بڕیاردەدەن داوای هاوکاری لە خەڵکی تەلەعفەر بکەن، بەڵام ئەو کەسانەی ئەمان داوای هاوکارییان لێدەکەن، دووبارە رادەستی داعشیان دەکەنەوە.

چەکدارانی داعش دەیانبەنە زیندانێک و لەوێ پیاوەکان دەکوژن، ئەبوو عەلی ئیڤانا بە کەسێک دەفرۆشێت بەناوی خەلو تەبابە "دەستدرێژی کردە سەرم و لێیدام" ئیڤانا دەڵێت "دوای دوو رۆژ لای ئەو هەڵاتم".

ئەمجارەیان ئیڤانا داوای هاوکاری لە سەوزەفرۆشێک دەکات تا رزگاری بکات، ئەویش رازی دەبێت و دەیباتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام لەوێ دووبارە رادەستی داعشی دەکاتەوە.

ئیڤانا دەکەوێتەوە دەستی خەلو تەبابە و دەیباتەوە ماڵ و ئەشکەنجەی دەدات، دواتر وەک دیاری پێشکەشی بە کەسێک دەکات بەناوی حاجی حەسەن "ئەویش دەستدرێژی کردە سەرم، دواتر فرۆشتمی بە باقر کە خۆی بازرگانی بە کچانی ئێزدییەوە دەکرد".

ئیڤانا بەو حاڵە سێ مانگ دەمێنێتەوە و کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت، بەڵام جارێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێیەکی بڕیاری هەڵاتن دەدەن، ئەمجارەیان پلانەکەیان سەردەگرێت و لە 15ی تەمووزی 2015 لەدەستی داعش رزگاریان دەبێت.

## 500 کوردی ئێزدی لەوێ بوون

# تەنیا حەوت کوردی ئێزدی لە تەلعەفەر رزگار کراون

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

هەموو چاوەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی قەزای تەلعەفەر بوون، بۆ دەرکەوتنی چارەنووسی ئەو سەتان کوردە ئێزدییە رفێنراوانەی کە پێشتر دەگوترا لە تەلعەفەرن، بەڵام ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر کۆتایی هات و تا ئێستا تەنیا چارەنووسی حەوت کوردی ئێزدی دیار بووە. چالاکڤانێکی ئێزدی دەڵێت دەترسین ئێزدییەکانیان گواستبێتەوە تورکیا، بەڵام بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوان دەڵێت زۆربەیان بە قاچاخ براون بۆ دێرەزوور.

شەش کەس لە ماڵی قاسم خدر هەتا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، ئەو لەژێر چادرێکی کەمپی شاریا دانیشتبوو، چاودێری هەواڵەکانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەری دەکرد. ئەو گوتی "هەشت ئەندامی خێزانەکەم کەوتنە دەستی داعش، تەنیا دووانیان رزگاریان بووە".

قاسمی تەمەن 50 ساڵ، خەڵکی گوندی حەردانە گوتی "ئومێدێکی زۆرمان بە کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر هەبوو، کە چارەنووسی منداڵەکانم بزانم، چونکە زانیاریمان هەبوو هەتا سێ مانگ لەمەوبەریش لە تەلعەفەر بوون، بەڵام ئەوە خەریکە تەلعەفەر تەواو دەبێ، هێشتا چارەنووسیان دیار نییە. نازانین ئەوان بۆ کوێ براون".

زۆربەی ئەو کوردە ئێزدیانەی لە سێی ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە لە شنگال و دەوروبەری رفێندران، سەرەتا بردرانە تەلعەفەر، بەشێکی زۆریان لەوێ هێشترانەوە، ئەوانی دیکەش بەسەر چەکدارانی داعش لە مووسڵ و رەققە و دێرەزوور و ناوچەکانی دیکە دابەشکران.

لە هەفتەی رابردووەوە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی قەزاکە دەستی پێکردووە، رۆژی 27ی ئەم مانگە سەنتەری قەزاکە کۆنترۆڵکرایەوە، ناحیەی عیازیە لە باکووری قەزاکە تاکە شوێنە بە دەست چەکدارانی داعشەوە مابێ، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا حەوت کوردی ئێزدی رزگارکراون.

پاشا مەحمود چالاکڤانی کوردی ئێزدی و بەرپرسی گروپێکی بەدواداچوونە بۆ منداڵە بێسەروشوێنەکانی کوردی ئێزدی بە (رووداو)ی گوت "هەتا پێش مانگێگ زانیاریمان هەبوو کە ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدی لەنێو تەلعەفەردا ماون، بەڵام ئێستا هیوامان زۆر کەمبووە، دەترسین لە رێگای عەرەبەکانی رەبیعەوە، بە قاچاخ براین بۆ سووریا". پاشا مەحموود گومانێکی دیکەی بۆ دروستبووە و دەڵێت "گومانمان هەیە گواستراونەتەوە تورکیا".

> زۆربەیان بە قاچاخ گواستراونەتەوە دێرەزوور
>
> نووسینگەی رزگارکراوەکانی کوردی ئێزدی

ئەمین خەلات لە نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی کوردی ئێزدی بە (رووداو)ی گوت "پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کونترۆڵکرنەوەی تەلعەفەر زانیاریمان هەبوو نزیکەی 500 کوردی ئێزدی لەوێن، کە زۆربەیان ژن و منداڵبوون، پێشبینیمان هەبوو زۆربەیان رزگار دەکرێن، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا حەوت کەس رزگاربوون"..

کەسر ئەلمیحراب و قزلقوی دوو شوێنی ناسراوی تلەعفەبون کە زۆرترین کڕین و فرۆشتنی کوردی ئێزدی تێدا کراوە، ئەو دوو شوێنە و زۆر شوێنی دیکەش رزگار کراون. ئەمین خەلات دەڵێت "هەر چاوەڕێ بووین لە کەسر ئەلمیحراب و قزلقوی چارەنووسیان دەربکەوێت، بەڵام یەک ئێزدیش لەو دوو شوێنە نەدۆزراوەتەوە" گوتیشی "چەند ناوچەیەکی شاخاوی سەخت لەوێ هەن، لەو باوەڕەدایین بە هاوکاری عەرەبی رەبیعە بە قاچاخ گواسترابنەوە بۆ دێرەزوور. ئێستا هەموو ئومێدێکمان لەسەر رزگارکردنی ناحیەی عیازیە هەڵچنیوە، بەڵکو هەندێکیان لەوێ رزگاربکرێن".



## بارزانی بە کەسایەتی هەفتە دەستنیشان دەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە، لەلایەن بینەرانی تەلەڤزیۆنەکەوە بە کەسایەتی هەفتە دەستنیشانکرا. بەرنامەی پێشبڕکێی هەواڵەکان "سباق الاخبار" کە بەرنامەیەکی هەفتانەیە و ڕۆژانی شەممە لە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە پەخشدەکرێت، هەر جارە و چوار کەسایەتیی دەستنیشان دەکات کە مانشێتی گرنگترین ڕۆژەڤەکانی هەفتەن و لەڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر و پۆرتاڵی ئەلجەزیرە کەسایەتی هەفتە هەڵدەبژێدرێت، بارزانیش بە کەسایەتیی ئەم هەفتەیە دەستنیشانکرا. ئەلجەزیرە چوار کەسایەتیی کاندید کردبوون، ئەوانیش بریتیبوون لە مەسعود بارزانی، ئوسامە ئەلزوعبی، ڕاگەیاندکاری کۆچکردووی سووری، جۆلیان ئاسانج، دامەزرێنەری ویکلیکس و ستیڤ بانۆن، گەورە ڕاوێژکاری دەستلەکارکێشاوەی دۆناڵد ترەمپ.

## مۆڵەتی یەک مانگیان داوەتە مەکتەبی سیاسی

# 31 ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی داوای گۆڕینی مەکتەبی سیاسی دەکەن

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**



31 ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی یاداشتێکی چوار خاڵییان داوەتە جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، مۆڵەتی یەک مانگیشیان پێداون بۆ گۆڕانکاری لە حیزب و حکومەت و دەڵێن: "ئەگەر لە ماوەی یەک مانگدا ئەو گۆڕانکارییانە نەکرێن، ئێمە ناچینە ژێر باری شکستەکانی داهاتوو کە دووچاری یەکێتی دەبێ".

لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا کە ڕۆژی 2017/7/29 بەڕێوەچوو، دوو لیژنە دروستکراون بۆ گۆڕانکاری لە حیزب و حکومەت، هەروەها لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا گفتوگۆ لەبارەی یاداشتی 31 ئەندامی سەرکردایەتی کراوە و لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو یاداشتە پێکهێنراوە.

بەپێی ئەو یاداشتە، ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی داوای گۆڕینی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، جومگەکانی حکومەت و حیزب دەکەن، لەگەڵ ڕێکخستنەوەی دۆخی نێوخۆی یەکێتی و چاککردنی بژێویی خەڵک.

### ئەسەسەرد: داوای گۆڕینی مەکتەبی سیاسی نەکراوە

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی یاداشتی ئەو ژمارە زۆرەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی پشتڕاست کردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "لە یاداشتەکەدا باسی چاکسازی و گۆڕانکاری بەشێوەیەکی گشتی و ڕێکخستنەوەی نێوخۆی یەکێتی کراوە، نەک گۆڕانکاری لە مەکتەبی سیاسی".

لە بارەی ئالیەتی گۆڕینی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە ئێستا ژمارەیان 16 کەسە لەگەڵ چەند ئەندامێکی یەدەگ، کە ئەوانیش بەشداریی کۆبوونەوەکان دەکەن، فەرید ئەسەرد گوتی "سکرتێری گشتی کاندیدیان دەکات و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەنگیان بۆ دەدات، بۆیە پێویستی بە کۆنگرە نییە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ژمارەیەک ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی ئامادەییان دەربڕیوە واژۆ لەسەر ئەو یاداشتە بکەن، بەشی زۆری ئەو ئەندامانە لە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری یەکێتی و لاهور شێخ جەنگی، بەرپرسی دەزگای پاراستن و زانیاریی هەرێمی کوردستان/ زانیاری نزیکن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی ناوەندی بڕیار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاستە ئێستا ناوەندی بڕیار نەماوە، بەڵام گلەیی و ڕەخنەکان لە ئیدارەدانی یەکێتی بەردەوامە، ئەگەر بە هەموومان چارەسەری نەکەین، شتێکی دیکە دروست دەبێت، یاداشتی ئەو ژمارە زۆرەی هەڤاڵانیش بەڵگەی بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانە".

### د.بەرهەم و لاهور شێخ جەنگی لەیەکدی نزیکدەبنەوە

لە ماوەی ڕابردوودا هاوکێشەی نێوخۆی یەکێتی بە جۆرێک بوو، جێگرانی سکرتێری گشتی، سەرکردایەتیی باڵی ناوەندی بڕیاریان دەکرد، لە بەرامبەردا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرکردایەتیی باڵی گشتی دەکرد، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا بە ڕێککەوتن و لێک نزیکبوونەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە نێوەندگیری بافڵ تاڵەبانی، ڕۆڵ دابەشکردن و وەرگرتنی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی حیزبی بەرامبەر ژمارەیەک بەرپرسی یەکێتی گیراوەتەبەرو سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق گۆڕدرا، بەڵام لە ماوەی ڕابردوو بەرهەم ساڵح و لاهور شێخ جەنگی نزیکبوونەتەوە، کۆبوونەوە و دیداریش لە نێوانیاندا هەبووە، ئەو ئەندامانەی یاداشتە چوار خاڵییەکەیان نووسیوە لەو دوو کەسەوە نزیکن، پێش بەرزکردنەوەی یاداشتەکە بۆ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، لەگەڵ بەرهەم ساڵح کۆبوونەتەوە.

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، کادیری پێشکەوتووی یەکێتی کە بە کەسێکی نزیک لە بەرهەم ساڵح ناسراوە بە (ڕووداو)ی گوت "کاک بەرهەم بەشێک نییە لە کێشە و ململانێکانی ئەمڕۆی یەکێتی. کێشەی شەخسی نییە، بەدڵنیاییەوە بەدوای بەرژەوەندی خۆی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی ڕزگارکەری بۆ یەکێتی تەواوی کوردستان هەیە بۆ دەرباز بوون لە قەیرانە سەختەکانی حوکمڕانی. ئەگەر یەکێتی ئەو دەرفەتە لە دەستبدات ناتوانێت خاوەندارێتی ئەو پرۆژەیە بکات، ئەو ژمارە زۆرەی هەڤاڵانی سەرکردایەتی کە داوای چاکسازی لە نێو یەکێتی دەکەن هاوبیری د.بەرهەمن کە ناکرێ چیدی ئەم وەزعە و بەردەوام بێت.

> بەرهەم ساڵح و لاهور شێخ جەنگی لە یەکدی نزیک دەبنەوە

بە گوتەی سلێمان عەبدوڵڵا یونس "کاک بەرهەم مەبەستێتی دۆخی نێوخۆی یەکێتی چاکبێتەوە، پەیوەندیی گۆڕان و یەکێتی چاکبکاتەوە و برینەکانی ڕابردوو سارێژ بکات، بیکاتە دەستمایەی قۆناخیکی نوێی پەیوەندی نێوان لایەنەکان و دەربازکردنی کوردستانیش لەم قۆناخە سەختە، جۆرێکە لە خۆڕێکخستنەوەی بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی کوردستان".

### بەرهەم ساڵح داوای لیستی لە یەکگرتوو کردووە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)د.بەرهەم ساڵح کۆمەڵێک مەرج و داواکاری بۆ گەڕانەوە بۆ نێو یەکێتی داناوە، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی لیژنەیەک بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی ئەو پێکهێناوە، هاوکات بەرهەم ساڵح لە ماوەی ڕابردوو بە ڕووی زۆربەی هێزە سیاسییەکان کراوەتەوە، لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئاستی باڵا کۆبووەتەوە و پرسی دروستکردنی "لیستێکی نیشتمانی" تاوتوێ کردووە و داوای کردووە ئەگەر یەکگرتوو بەشداری ئەو لیستەش نەکات با ڕێگا بدات چەند سەرکردە و کادیرێکی باڵایان لە سلێمانی بەشداری بکەن، بەڵام یەکگرتوو وەڵامی کۆتایی نەداوەتەوە.

پێشتر عەلی مستەفا ئۆرەماری، جێگری مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بادینان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بوو "خەریکە کاک بەرهەم بە تەواوی بێئومێد دەبێ لە چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی کورستان و یەکێتی، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەک کەسی پێلایەن، تەکنۆکرات و بزنسمان کە لایەنگری حیزبەکانی دیکەشی تێدایە، لیستێک بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەکات".

سەبارەت بە هەڵوێستی کۆسرەت ڕەسول و تێکچوونی هاوکێشەی باڵەکانی نێو یەکێتی، سەرکردەیەکی یەکێتی نزیک لە بەرهەم ساڵح بە (ڕووداو)ی گوت "شاڵاوی کاک کۆسرەت یەکێک لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتییە کە ئیمزای لەسەر یاداشتەکە کردووە، بۆیە ئەو تێکچوونی ڕیزبەندی نییە، بەڵکو هەوڵێکی گەورەترە بۆ دروستبوونی بەرەیەکی فراوانتر".

> **سلێمان عەبدوڵڵا یونس:**
> بەرهەم ساڵح پرۆژەی هەیە ئەگەر یەکێتی دەرفەت لە دەستبدات ناتوانێت خاوەندارێتی بکات

> **فەرید ئەسەسەرد:**
> داوای چاکسازی و گۆڕانکاری کراوە نەک گۆڕینی مەکتەبی سیاسی

> شالاوی کۆسرەت ڕەسوڵ واژۆی لەسەر یاداشتی 31 ئەندامەکەی سەرکردایەتی کردووە

# یەکێتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان چاوەڕێی قسەی کۆتایی گۆڕانە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان پارتی چاوەڕێی یەکێتی دەکات، یەکێتیش چاوەڕێی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی دەکات، سەرکردەیەکی گۆڕانیش دەڵێ "ئەگەر یەکێتی بەبێ ئێمە لەگەڵ پارتی ڕێبکەوێ و پەرلەمان کارا بکەنەوە، قسەی جدی و جیاوازمان لەسەر ڕێککەوتنی نێوانمان دەبێت".

ڕۆژی 2017/7/27 لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بڕیار درا تاوەکو 10ی ئاب پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە. ڕۆژی 2017/7/30یش، ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم ماوەی دوو هەفتەی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان دیاری کرد، بەڵام بەهۆی کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/8/21 لە نێوان پارتی و گۆڕان کاراکردنەوەی پەرلەمان دواخرا.

ئیسماعیل نامیق، ئەندامی شاندی دانوستانکاری گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داواکارییەکانی پارتیمان پێ سەیرە، دەسەڵات و دارایی لەلای ئەوانە، کەچی داوامان لێدەکەن پشتگیری حکومەت بکەین تا بژێوی خەڵک چاک بکات".

### "پارتی یاری بە کات دەکات"

ئیسماعیل نامیق پرۆژە شەش خاڵییەکەی پارتی بۆ گۆڕان بە یاریکردن بە کات وەسف دەکات و دەڵێ "برادەرانی پارتی لە یاریکردن بە ئەعسابی بەرامبەر خەبیرن، وەختی خۆشی بەرامبەر یەکێتی وایان دەکرد، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان پەرلەمان بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەختە بۆ ئەجێندای هیچ حیزبێک ئاسایی ناکاتەوە، دەبێ پارتی داوای لێبوردن بکات و بەڵێن بدات کە ڕێز لە دامەزراوە شەرعییەکان دەگرێت و جارێکی دیکە دەست بۆ شکۆی پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکە ناباتەوە".

بەڵام جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت گۆڕان حەزیان لە گەڕانەوە نییە. جەعفەر ئیبراهیم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیشە، بە (ڕووداو)ی گوت: "تێگەیشتنێک لای ئێمە دروستبووە وەکو بڵێی بزووتنەوەی گۆڕان حەزیان لەوە نەماوە بێنە نێو پەرلەمان و پەرلەمان کارا بکەنەوە، هەڵوێستی ئێمە لە کاراکردنەوەی پەرلەمان وابەستەیە بە هەڵوێستی یەکێتی، هەرچەندە پێمان خۆش نییە بەبێ گۆڕان هیچ بڕیارێک بدرێ".

لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی کە ڕۆژی 2017/7/29 بەڕێوەچوو، مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتبووی "ئەگەر گۆڕان نەیەتە پێش، ئەوکات قسەی خۆمان دەکەین و تا سەر چاوەڕێی گۆڕان ناکەین".

بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو حیزبە لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە چاوەڕێی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان دەکەین بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بدەن".

هەفتەی ڕابردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووەتەوە و تێیدا گفتوگۆ لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان کراوە لە حاڵەتی شکستهێنانی کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕان. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی یەکێتی داوایانکرد بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر ئەو پرسە بدرێ، ئەوەش پێچەوانەی پەیڕەوی نێوخۆی یەکێتییە، چونکە دەنگدان لەسەر پرسێکی چارەنووسساز پێویستی بە 1+50ی دەنگی ئەندامانی سەرکردایەتی هەیە، نەک دوو لەسەر سێ، بەڵام ئەو داواکارییەی ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز لە ترسی موزایەدەی هەندێک ئەندامی سەرکردایەتی بووە، چونکە کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ گۆڕان لەگەڵ پارتی کاردانەوەی توندی لێدەکەوێتەوە، یەکێتیش نایانەوێ هەڵەی 19ی ئاب دووبارە بکەنەوە".

> **گۆڕان:**
> یەکێتی بەبێ ئێمە پەرلەمان کارا بکاتەوە قسەی جدیمان دەبێ

> **پارتی:**
> لەگەڵ گۆڕان نەگەیشتووین بە دەرگای داخراو

> **سەرکردەیەکی گۆڕان:**
> پارتی لە یاریکردن بە ئەعسابی بەرامبەر خەبیرە

> **دڵشاد شەهاب:**
> ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان نرخی نەوت بەرز ناکاتەوە

سالار مەحموود، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "بە مەکتەبی سیاسیمان ڕاگەیاندووە پێویستە یەکێتی لە نەهاتنە پێشەوەی گۆڕان بڕیاری خۆی بدات و پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت کە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە، کار لەسەر جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی، هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە، بە یاساییکردنی ڕیفراندۆم و پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو".

پارتی هێشتا لە گۆڕان نائومێد نەبووە، بەپێی قسەی چەند سەرکردەیەکی پارتی بۆ (ڕووداو)، ئەوان بە ئومێدەوە چاوەڕێی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی دەکەن. سەرکردەیەکی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی لەسەر ئێمە بوو کردمان، چاوەڕێی قسەی کۆتایی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان دەکەین".

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "باشترین بژارە بەلای پارتییەوە، کۆدەنگیی نیشتمانییە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، ئەگەرچی لەگەڵ گۆڕان ڕێکنەکەوتووین، بەڵام نەشگەیشتووین بە دەرگای داخراو".

دڵشاد شەهاب سەبارەت بە داوکارییەکانی گۆڕان، گوتی "ئەوان باسی ڕێککەوتنی سیاسی دەکەن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لە کاتێکدا ڕێککەوتن هەبوو ئەوان پێشێلیان کرد، ئەوان دەیانگوت نابێ حیزب دەست لە کاروباری پەرلەمان وەربدات، کەچی ئێستا داوای ڕێککەوتنی حیزبی دەکەن، گۆڕان باسی ڕێککەوتن لەسەر مووچەی خەڵک دەکات لە کاتێکدا پارتی بۆ باشکردنی مووچە و بژێویی خەڵک کە زۆربەی مووچەخۆران لایەنگری ئێمە و یەکێتین، چاوەڕێی گۆڕان ناکات هەر کاتێک داهات باش بێت، دەستکاری مووچە دەکرێت، چونکە ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان نرخی نەوت بەرز ناکاتەوە".

(ڕووداو) زانیویەتی یەکێتی داوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی لە گۆڕان کردووە، بڕیار بوو ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی 2017/8/25 لە سلێمانی بەڕێوەبچێت، بەڵام بۆچوونێکی بەهێز لە نێو بزووتنەوەکە کۆبوونەوەکەی دواخست، بەشێک لە سەرکردەکانی گۆڕان ئەو کۆبوونەوەیە بە پێویست نازانن.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گۆڕان قسەی فەرمی و کۆتایی خۆی بە پارتی لەسەر پەرلەمان و هەموارکردنەوەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پرسەکانی دیکە وەکو بژێویی خەڵک بە پارتی گوتووە، بۆیە پێویست بە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەش ناکات".

ئیسماعیل نامیق کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتییە لە بارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ گۆڕان دەڵێ "ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی ماددەیەکی تێدایە ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ لایەنێک ناتوانێت ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنی سێیەم دژی ئەم ڕێککەوتنە واژۆ بکات، ئەگەر یەکێتی بەبێ گۆڕان بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی بەبێ چارەسەرکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان ئاسایی بکاتەوە ئێمە قسەی جدیمان دەبێ و قسەی کۆتایی لەسەر ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ یەکێتی دەکەین، چونکە قبوڵ ناکەین پەرلەمان بۆ کاری نایاسایی و ئەجێندای شەخسی و حیزبی ئاسایی بکرێتەوە".



## دوو وڵاتی دیکە نوێنەرایەتیی لە کوردستان دەکەنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هەر یەک لە ئۆکراینا و سریلانکا نوێنەرایەتیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بەوەش ژمارەی نێردەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 38 نوێنەرایەتی و کونسـولخانە. لە ڕاگەیێندراوێکدا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەرەوە و پشتبەستن بە پرەنسیپی دەرگای کراوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دوا بەدوای ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا لەسەرکردنەوەی کۆنسولگەری فەخری هەردوو وڵاتی کۆماری ئۆکراینا و کۆماری سریلانکای دیموکراتی ئیشتراکی لە هەرێمی کوردستان.

# ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی داوا لە واشنتن دەکات لە نێوان بەغدا و هەولێردا بێلایەن بێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕاپۆرتێکـی نێودەوڵەتـی داوا لـە ئیدارەی ئەمریـکا دەکات لـە کێشـە و ملمڵانێی نێوان بەغـدا و هەولێردا ڕۆڵێکـی کاریگەرتر بگێڕێ بۆ نزیککردنەوەی هـەردوولا، بەڵام جەختیش دەکاتە سـەر ئـەوەی کە نابێ هەڵوێسـتێکی لایەنگرانـە لـە بەرژەوەندیـی هیـچ لایەکیان نیشان بدات.

ئـەو ڕاپۆرتـە لـە کاتێکدایـە کە واشـنتن لە کێشـەی نێـوان هەردوولایەندا تا ئێسـتا لە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراق هەڵوێست نیشان دەدات و داوا دەکات گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دوابخرێ.

ڕاپۆرتی گرووپی کار بۆ ئایندەی عێراق لەژێر ناوی "بەدیهێنانی سـەقامگیرییەکی درێژخایەن بـۆ گەرەنتیکردنـی لەناوبردنـی داعش" کە بە سەرپەرشـتیی باڵیۆز ڕایـان کرۆکەر، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق ئامادە کراوە، تیشک دەخاتە سەر عێراقی پاش داعش و ئەگەرەکانی بەدیهاتنی سەقامگیرییەکی هەمیشەیی کە ڕێ لە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی بگرێ.

کرۆکەر کە جگە لە عێراق، لە ئەفغانسـتان، پاکستان، سووریا، کوێت و لوبنانیش باڵیۆزی وڵاتەکەی بووە، لە پێشـەکیی ئـەو ڕاپۆرتەدا، دەنووسێت، ئێستا حکومەتی عێراق کە لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشـتیوانی دەکـرێ "خەریکـە هەموو ئەو خاکـە کۆنترۆڵ دەکاتەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەسـتی بەسەردا گرتبوون، ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا ستراتیژێک دەخەینە ڕوو کە کۆمەکی ولایەتـە یەکگرتـووەکان بکات تاوەکو لەسـەر بنەمای ئەم سـەرکەوتنە، شکستی یەکجارەکی بـە داعش بهێنێ و هـاوکات بەرژەوەندییەکانی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمریکا بـۆ درێژخایەن گەرەنتی بکات".



وەک لە ڕاپۆرتەکـەدا هاتووە، گرووپی کار بـۆ ئایندەی عێراق بە درێژایی سـاڵی 2016 خەریکـی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بوون لەبارەی ئـەوەی کـە چـۆن ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بتوانـێ بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە عێراقـدا بـە باشـترین شـێوە بپارێـزێ. بـۆ ئەمـەش چەندین جار سـەردانی بەغدا، هەولێـر، سـلێمانی، نەجـەف، عەممـان و بەرلینیان کردووە و دوو جاریش لە واشـنتنی پایتەخـت لەگـەڵ سیاسـەتوانانی عێراقـی و سـەرکردە ئاینییەکان و فیگەرەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ژمارەیەکی زۆر شـارەزا و پسپۆڕ و کاربەدەستی بیانیش دانیشتوون.

بەشێک لە ئەندامانی گرووپی کار بۆ ئایندەی عێـراق بریتیـن لـە مایـکڵ باربیـرۆ، جێگری سەرۆکی ئەرکانی پێشووی هێزە فرەڕەگەزەکان لـە عێراق. د.بین کونابل، گەورە شـرۆڤەکاری سیاسـەتی نێودەوڵەتـی لە دامـەزراوەی ڕاند. د.توبی دودج، بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لـە کۆلێـژی لەندەن بـۆ ئابووری. هەروەها سـەرهەنگ حەمەسەعید، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە پەیمانگەی ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشـتی. کاوە حەسەن، بەڕێوەبەری بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقا لـە پەیمانگەی ڕۆژهـەڵات- ڕۆژئـاوا و د.فالـح عەبدولجەبـار، سـەرۆکی پەیمانـگای عێـراق بـۆ لێکۆڵینەوە سـتراتیژییەکان لـە بەیـروت. مایـکڵ نایتس، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و دینیس ناتالی، گەورە توێژەر لە زانکۆی بەرگریی نیشتمانی و زۆری دیکەش.

ڕاپۆرتەکـە دێتـە سـەر ئاسـتەنگەکانی بەردەم عێراق وەکو دەوڵەتێکی شـەکەتبووی دەسـتی جەنگ کە ئێستا لەبەردەم هەڕەشەی لێکترازان و هەڵوەشـانەوەدایە. لە بەشـێکیدا دەڵـێـت کـە متمانـە و نیازپاکـی لـە نێـوان هەرێمی کوردسـتان و بەغدا نەماوە "هەرێمی کوردستان خۆی وەکو قوربانییەک دەبینێ، لە کاتێکـدا بەغداش خۆی وا دەبینێ کە هەرێمی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی خراپ سـوودی لێوەردەگرێ. بەڵام تێکچوونی پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان نییە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش ناکات".

هەروەها دەڵێت: "هیچ گومان لەوەدا نییە کە زۆرینەی کـورد لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆن، بەڵام لەناو خۆیشـیاندا ناکۆکیی گـەورە هەیـە لەبارەی ئـەوەی کـەی و چۆن ئـەوە ڕوودەدات. لەگەڵ ئەوەش کۆدەنگییەکی تەواو هەیە لەسـەر ئەوەی کە پرۆسـەکە دەبێ بە جۆرێـک بەڕێوەبچێ، هەرێمی کوردسـتانی سـەربەخۆ لـە پەیوەندییەکی زۆر دۆسـتانەدا بمێنێتـەوە لەگەڵ بەغدا، بەتایبەتی لە هەردوو بواری ئابووری و ئەمنی".

بـەڵام وەک ڕاپۆرتەکـە دەڵێـت، ئەگەری ئەوەش هەیە کـە جەنگێکی دیکەی نێوخۆیی لەسـەر ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکان بەرپـا ببـێ. بۆیە ئەوە بەبیری واشـنتن دەهێنێتەوە کـە ئەمریـکا "تاکـە لایەنە هـەردوو تەرەفی ناکۆکییەکـە لە عێراقدا متمانەی پێ دەکەن.. بۆیـە زۆر پێویسـتە لەگـەڵ هـەردوو لا لـە گفتوگۆدا بێت".

بـەڵام جەختیش دەکاتە سـەر ئـەوەی کە "نابێ ولایەتە یەکگرتووەکان هیچ هەڵوێستێکی لایەنگرانـە لـە بەرژەوەندیـی سـەربەخۆیی کوردسـتان یان لە دژی نیشـان بـدات، بەڵکو تا ئەو شـوێنەی کـە دەتوانێ، دەبێ هاوکاریی هـەردوولا بکات ئـەو ئامانجانە بەدی بهێنن کە بۆخۆیان داناوە".

ڕاپۆرتەکە داواش لە ولایەتە یەکگرتووەکان دەکات کـە هەمـان هەڵـەی سـاڵی 2011 دووبارە نەکاتەوە ئەوکاتەی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بە سـەرۆکایەتی باراک ئۆباما، لەژێر نـاوی "کشـانەوەیەکی بەرپرسـیارانە" دا، لـە کۆتایی ئەو سـاڵە سـوپاکەی لـە عێراق کێشـایەوە و وڵاتەکەی لەناو تەپوتۆزی فەوزا و بێسەروبەریدا بەجێهێشت.

لـەو ڕووەوە داوا دەکات کـە واشـنتن ئامادەگییەکـی بەهێزی سـەربازی لـە عێراقدا هەبـێ و گۆڕەپانەکـە بـۆ نفـوزی ئێـران و گەڕانەوەی چەکدارە توندڕەوەکان چۆڵ نەکات.

## سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ باجی گەورەی گیانیی پێوە بووە

# مووسڵ بووەتە گۆڕستانێکی گەورە

**ڕووداو- هەولێر**

تەنیـا چەند هەفتەیەکی کـەم تێپەڕیوە بەسـەر سـەرکەوتنی سـوپای عێـراق لە جەنگـی دژ بـە چەکدارانـی داعشـدا لـە مووسڵ. سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گوتاری سـەرکەوتندا گوتی ئەو سەرکەوتنە "خوێن و قوربانیشـی" هەبـووە. ئێسـتا بەرەبەرە قەبـارە زەبەلاحەکـەی ئـەو قوربانییـە دەردەکەوێت. حکومەتی عێراق، لە ترسـی کەمبوونـەوەی بەهـای سـەرکەوتنەکەی، هەمـوو هەوڵـی خـۆی دەدات ژمـارەی ڕاستەقینەی قوربانیان بشارێتەوە.

ئایـە عەبوش لـە خانوویەکـی وێرانبوودا دانیشـتووە و لە تەرمی سـاجیدەی خوشکی و دوو خوشـکەزاکەی دەڕوانێـت. ئایـە بـە ڕۆژنامـەی (واشـنتن پۆسـت)ی ئەمریکیـی گوت کـە چەند خولەکێک بەر لـە بۆردومان لەنـاو ئـەو خانـووەدا گیریـان خواردبوو. کرێـکارەکان تەرمـەکان لەبـەر چاوی ئایە لادەبەن و دەشـزانێت زۆر تەرمی دیکە لەژێر باڵەخانـە وێرانەکانی کۆنە شـاری مووسـڵدا شاردراونەتەوە.

هەڵدانـەوەی وێرانەکانـی مووسـڵی کۆن، لادانـی پەردەیـە لەسـەر قەبـارەی ئـەو کارەسـاتە مرۆییەی لە ماوەی هەشـت مانگ شـەڕی مووسڵدا ڕوویداوە. هەڵدانەوەی خوڵ و بەردی باڵەخانە ڕووخاوەکان، پەردە لادانە لەسـەر تەرمی هـەزاران کەسـی مەدەنی کە لەو شـەڕەدا کـوژراون، خەڵکـی ناوچەکەش تـووڕەن لەوەی شـێوازی ئۆپەراسـیۆنەکەی سـوپای عێراق و هاوپەیمانـان لەدژی داعش بەرپرسـیارە لەوەی خزم و کەسـێکی زۆریان لەو شەڕەدا کوژران.

بـە گوێـرەی ڕاپۆرتەکـەی (واشـنتن پۆسـت)، زۆربـەی خەڵکەکە لە سـیناریۆی هاوشێوەدا کوژراون، خزم و کەسی کوژراوان و ڕزگاربـووەکان دەڵێـن "چەکدارانی داعش خێزانەکانیـان دەڕفاند و لـەو خانووبەرانەی داعـش وەکـوو سـەنگەر بـەکاری دەهێنان، خێزانەکانـی وەکـوو قەڵغانـی مرۆیـی بەکاردەهێنـا. نیشانشـکێنەکانی داعـش لە سـەربانەکانەوە تەقەیان لە سوپای عێراق و فڕۆکەی هاوپەیمانان دەکرد، دواتر شوێنەکە دەبـووە ئامانجی بۆردومان و تۆپباران. بەبێ ئـەوەی گوێیان لەوە بێ، خەڵکی سـڤیل لەو خانووانەدا هەن".



حکومەتی عێراق دەیەوێ ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیانی شەڕی مووسڵ بشارێتەوە (فۆتۆ: AFP)

لە شوێنی پاراستن و دیاریکردنی ناسنامەی قوربانیـان ناوی 900 کـەس تۆمار کراوە کە لە 24ی حوزەیرانی ئەمسـاڵەوە لە مووسڵی کـۆن دەرهێنـراون. فەرمانبەرانـی بەرگریی شارسـتانیش بـۆ ڕۆژنامـە ئەمریکییەکەیان ئاشـکرا کردووە کە 300 شـوێنی دیکە هەن چاوەڕێـن بچن تەرمیان تێـدا بدۆزنەوە، هەتا ئێستا تەنیا کار لەسەر 100 شوێن کراوە. لە هەندێک لە شـوێنەکان تەنیا یەک تەرم هەیە و لە هەندێکیشیان دەیان تەرم دۆزراونەتەوە.

لـە پـاڵ ئـەو کەسـانەی لەژێـر خاک و بـەردی خانووبـەرە وێرانبووەکانـدا شـاردراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر تەرمیش هـەن کـە خـزم و کەسـی کـوژراوەکان بەدەستی خۆیان لە حەوشەی ماڵ یان لە چۆڵەوانییەکان ناشتوویانن.

ئێسـتا بەفرگری پاراسـتنی تەرمەکان لە ناوچەکـە پڕ بـوون. بەرپرسـێکی عێراقیش کـە نەیویسـتووە نـاوی ئاشـکرا بکرێت، بە ڕۆژنامەکـەی گوتووە "بەپێی ئـەو ژمارانەی ئێمـە لامانـە، لە هەمـوو عێـراق بەگوێرەی پێویست بەفرگرمان نییە".

حکومەتی عێراق هەتا ئێستا ئامادە نەبووە ژمـارەی قوربانییـە مەدەنییەکانی شـارەکە ئاشـکرا بکات. محەممـەد عەلی مەحموود لە مـاوەی چەند ڕۆژی ڕابـردوودا چەند جارێک سـەری لە بنکەی ڕاگرتنی تەرمـەکان داوە. 17 کـەس لە خێزانـی محەممەد لـە ئاکامی هێرشـێکی ئاسـمانیدا کـوژراون. ئەو دەڵێت "بەزەییان نەبوو. بۆ کوشتنی نیشانشکێنێک یەک گوللە یان یەک هاوەن بەس بوو، بەڵام ئەوان (واتە سـوپای عێـراق و هاوپەیمانان) بۆ کوشـتنی ئەو نیشانشکێنە حەوت ماڵیان خاپوور دەکرد".

وەک لە ڕاپۆرتەکەی (واشـنتن پۆست)دا هاتووە، کێشەی مووسڵ تەنیا لە کوژراوەکاندا کـورت نابێتـەوە، بەڵکـو ڕزگاربووەکانیـش کێشـەی گەورەیان بۆ دروستکراوە، لەوانەش بە ئەستەم توانیویانە چاودێریی پزیشکی یان دەرمـان بۆ برینەکانیـان وەربگرن و زۆربەی جاران گومانی ئەوەیان لەسەر دروستکراوە کە هاوسـۆزی داعشن. جگە لەمەش هەڵمەتێکی بەرفـراوان و کارا بـۆ هەڵدانـەوەی خانـووە وێرانـەکان و دۆزینـەوەی تەرمەکان لە ئارادا نییـە، بەڵکو کرێکارانی بەرگریی شارسـتانی بەپێی کات یارمەتی خەڵک دەدەن.

بەرپرسـانی سەربازیی عێراق دەڵێن ئەوان پاراسـتنی گیانـی هاووڵاتیانـی مەدەنییـان کردبـووە ئەولەوییەت، واتە "دەبووایە خەڵک پێش شـارەکە ڕزگار بکرێـت". بەڵام ژمارەی بـەرزی کوژراوان لە دیوی ڕۆژئاوای مووسـڵ ئاماژەیەکـی ڕوونـە بەوەی سـوپای عێراق و هاوپەیمانـان کەمتر دەسـتیان پاراسـتووە، هەرچەنـدە ڕوون و ئاشـکرا بـووە کـە داعـش هاووڵاتیانـی مەدەنی وەکـوو قەڵغان بەکاردەهێنێ.

کۆڵۆنێـل ڕایـان دیلـۆن، گوتەبێـژی هاوپەیمانـان لە عێراق و سـووریا، ڕایگەیاند "ئامانجـی هاوپەیمانـان هەمووکاتێـک ئەوە بووە ژمارەی قوربانیانی مەدەنی سفر بێت. بۆیـەش بۆ لێدانـی ئامانجەکانمـان پێوەری قورسمان دانابوو". بە گوتەی دیلۆن هۆکاری بەرزبوونـەوەی ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژئاوای مووسـڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خانووەکان لە گەڕەکەدا چڕبوون.

خانووەکەی محەممەد تەنها چەند کۆڵانێک ئەولاتری ئەو شوێنەیە کە ئایە لێی دانیشتووە و سـەیری تەرمی خوشـک و خوشکەزاکانی دەکات. ڕۆژی بۆردومانەکـە محەممـەد چووبووە دەرەوە، ئیدی هاوژین و منداڵە دوو ساڵانەکەی و دایکی خۆی نەبینییەوە، چونکە خانووەکەی بە تەواوەتی وێران کرابوو.

حـەلا خەمیس و سـێ منداڵـی کچی لە هێرشـێکی ئاسـمانی ڕزگاریان بووە، بەڵام جەسیمی کوڕی کە تەمەنی تەنیا 10 ساڵە هەتـا ئێسـتا دیـار نییە. هەفتەی پێشـوو حـەلا گەڕایـەوە هەمان ئـەو خانووەی لێی دەژیـا. ئـەو دەڵێـت "ڕاسـتیتان دەوێـت دڵنیـا نیـم لێرە بێت. ڕەنگـە ڕایکردبێت". لـە خانووەکـەدا تەنیا یەک تـەرم بەرچاو دەکەوێـت، ئەویش چەکدارێکی داعشـە کە پشتێنی بۆمبڕێژکراوی پێوەیە.

لـە یەکێک لـە هێرشـە ئاسـمانییەکاندا 17 کەسـی یـەک خێـزان کـوژراون و تەنیا سـێ کەسـیان بە زیندوویی دەرچـوون کە یەکێکیان عەلی حوسێنی تەمەن 23 ساڵانە. عەلی بە ڕێککەوت لەو ژوورە دەرچووبوو کە خێزانەکەی تێیدا دانیشتبوون و بنمیچەکەی بەسـەریاندا ڕووخابوو. ئەو 22 کاژێر لە ژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکەدا مابووەوە، هەتا نیو کاژێر بەر لە ڕزگاربوونیشی دەنگی ئەندامانـی دیکـەی خێزانەکەی بیسـتبوو، بـەڵام لە کاتی هاتنی بەرگریی شارسـتانیدا دەنگیان نەمابوو.

### د.دلاوەر عەلائەدین، سەرۆکی ئینستتیوتی مێری بۆ (ڕووداو):

# کورد بێ بەرامبەر دەست لە گشتپرسی هەڵبگرێ دەستبەتاڵ لێی دەردەچێ



(فۆتۆ: ڕووداو)

## ئێستا هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەفتار دەکات

لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا، یەکێک بوو لەو کوردە تاراوگەنشینانەی بە خۆپیشاندانەکانیان لە لەندەن، کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لەسەر بەرپرسانی ئەمریکی و بەریتانی بۆ ئەوەی بڕیاری دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە "باکووری عێراق" بدەن کە دواتر هەرێمی کوردستانی وەکو قەوارەیەکی دیفاکتۆ لێکەوتەوە. د.دلاوەر عەلائەددین، سەرۆکی ئینستتیوتی مێری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان دەکات و پێیوایە پەلە کراوە لە بڕیارەکە و پێویستی بە ئامادەسازیی نێوخۆیی زیاتر هەبوو، بەڵام دەڵێت ئەو وەکو د.دلاوەر بە "بەڵێ" دەنگ دەدات.

**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: گوشارەکان لەسەر سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دواخستنی گشتپرسی وا زیاد دەبن. بەڕای تۆ، وەک ئەکادیمییەکی چاودێر، دوابخرێ؟**

**د.دلاوەر:** ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگی نیشتیمانییە و ناکرێ بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بە دیاریکردنی وادەکەی، هەرێمی کوردستان خۆی بە هەڵوێستێکی مەعنەوی و سیاسییەوە گرێداوە. ئەگەر جارێ وا زوو و بەبێ بەرامبەر دەست لەو بڕیارە هەڵبگرێ ئەوا بە دەستبەتاڵی لێی دەردەچێ، بەڵام ئەگەر دواخستن پێویست بوو، ئەوا رەنگە بەرژەوەندیی نیشتمانیی تێدا بێ.

**ڕووداو: بەرامبەرەکان دەبێ چی بن؟**

**د.دلاوەر:** خواستەکانی هەرێمی کوردستان هەمەجۆرن. رەنگە ئاسانترینیان ئەوە بێ کە ریفراندۆم هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق دوابخرێ. دوای ئەوە بە پاڵپشتی و چاودێریی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ. ئەوە دەرفەت دەداتە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ئامادەسازی ناوخۆیی و دەرەکی زیاتریش بکات و زەمینەیەکی لە ئێستا گونجاوتر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان برەخسێنێ. رەنگە پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی هەرێمی کوردستان ببێتە هۆکارێک بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی هەرێمی کوردستان و گوڕێکی نوێش بە لۆبی دەرەکی بدات.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر حکومەتی عێراق بەوە رازی نەبێ و داوای ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بکات؟**

**د.دلاوەر:** ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەن و دەکرێ رەچاو بکرێن. بۆ نموونە: ئێستا هەرێمی

## نەمانتوانیوە سوود لە کوردی تاراوگە وەربگرین

کوردستان کۆمەڵێک دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی پەیدا کردووە. لە چەندین لاوە مومارەسەی رۆڵی سیادی دەکات کە لەو چوارچێوەیە فراوانترە فیدراڵیەت و دەستوور رێیان پێداوە. واتە ئێستا هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەفتار دەکات. هاوکات پێشمەرگە کۆنترۆڵی بەسەر زۆر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و سامانە نەوتییەکاندا هەیە. ئەگەر بەغدا بەفەرمی و بەپێی رێککەوتننامەیەکی نوێ دان بە سەرجەم ئەوانەدا بنێ، ئەوا ماددەی 140 جێبەجێ دەبێ و کوردستانی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێدێت، بەڵام بە بۆندێکی لاوازی کۆنفیدراڵییەوە بە عێراقەوە دەبەسترێتەوە. لە ئایندەشدا توانای جیابوونەوەی ئاسانتر و بێ سەرئێشەتریش دەبێ. لە ئینستتیوتی مێری ئەو باسەمان

## دەکرێ دەوڵەت بەبێ ریفراندۆمیش رابگەیەنرێ

لەگەڵ پسپۆڕ و دیپلۆماتی ئێرانی و ئەمەریکی و ئەورووپایی کردووە و بەلای هەموویانەوە ئەو جۆرە رێککەوتنە شایستەی رەچاوکردنە.

**ڕووداو: پێتوایە گشتپرسی بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان شەرعی دەبێت؟**

**د.دلاوەر:** ریفراندۆم جۆرێکە لە راپرسی کە دەکرێ فەرمی بێ، یان نافەرمی، سەرکردایەتیی سیاسی دەتوانێ پێوەی پابەند بێ، یان پابەند نەبێ. دەکرێ ریفراندۆم بکرێتە پێشخانێک بۆ دەسپێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی و دەشکرێ دەوڵەت بەبێ ریفراندۆم رابگەیەندرێ. بەڵام باشترە ریفراندۆم پاڵپشتی سیاسی و یاسایی و حوکمڕانی لەگەڵدا بێ. خۆ ئەگەر بتەوێ حکومەت لەڕووی یاساییەوە پابەندی ئەنجامەکەی بێ، پێویست بەوە دەکات بە یاسایەک لە پەرلەمانەوە پشتگیریی لێ بکرێ. لە حاڵەتی ئێستاشدا، کاراکردنەوەی پەرلەمان، سەرباری ئەوەی کە بۆ چارەسەری کێشەکان و گەڕاندنەوەی متمانە بە سیستەمی حکومڕانی زۆر پێویستە، بۆ ریفراندۆمیش پێویستە تاوەکو لە رووی مەعنەوی و سیاسییەوە پەیامی ئەنجامەکەی لاواز نەبێ.

**ڕووداو: تا چەند پێتوایە زەمینەسازی و ئامادەکاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ گشتپرسی کراوە؟**

**د.دلاوەر:** زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی دەیان ساڵە کراوە، بەڵام بەپێی دیزانێکی مەدروس نەبووە. بۆ ریفراندۆمیش، زەمینەسازی زۆر بە کەمی و بە درەنگییەوە کراوە، ئەوەش بە هۆکاری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی ئێستای هەرێمی کوردستان. ئێستاش دەکرێ هەنگاوی جیددی بەپێی نەخشەرێگایەکی مەدروس بنرێت بۆ ئەوەی قەرەبووی رابردوو بکرێتەوە. ئەو کەمپەینە کارێکی زۆر مەزن و ئاڵۆزە، زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە بیرکردنەوە و کاری بێوچانە.

**ڕووداو: لە ئاستی جیهانیدا چی دەکرێ کە هێشتا نەکراوە؟ بەڕێزت ماوەیەکی زۆر خەریکی لۆبیکردن بووی بۆ دەوڵەتی کوردستان و رۆڵێکی گرنگتان لە گۆڕینی بڕیاری بەریتانی و ئەمەریکیدا بینی بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە 1991 کە دواتر لە سایەیدا حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دامەزران. ئێستا لۆبی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟**

**د.دلاوەر:** کاریگەریی لۆبیکردن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەقەدەر بزووتنەوەی چەکدارە، ئەگەر زیاتریش نەبێ. لە پایتەختە کاریگەرەکاندا چارەنووسی میللەتان و نەخشەی سیاسی جیهان دیاری دەکرێ. ئەوەی ئێمەی کورد هەتا ئێستا کردوومانە بەرچاو بووە و کاری زۆر باش کراوە، بەڵام لە چاو بەربەستەکان و مەزنێتی دۆزەکەمان، کەم کراوە و پێویستمان بە زیاترە. بۆ نموونە، گۆڕینی بڕیاری زلهێزەکان پێویستی بە دوو جۆرە هەڵمەت هەیە. یەکیان بۆ ئەوەیە لەنێو خودی ئیدارەی حکومەت و دامەزراوەکانی حوکمڕانییەوە کار بکەیتە سەر جۆری بیرکردنەوەی بڕیاردەران و داڕێژەرانی سیاسەت لەو وڵاتانە. لەنێو سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و میدیا و توێژی رۆشنبیر و بزنسدا دۆست زیاد بکەی و نەیار کەمبکەیەوە. لەو بارەیەوە هەوڵی زۆر دراوە، بەتایبەتی لەلایەن نوێنەرانی حکومەت و هەندێ رێکخراوی ناحکومیەوە. بەڵام توانا و چوارچێوەی کاری ئەوانە سنووردار بووە و زۆرجاریش شێوازی حیزبی بەسەریاندا زاڵ بووە.

دووەمین کەمپەین بۆ ئەوەیە گوشار بخەیتە سەر حکومەت و سیاسەتمەدارە هەڵبژێردراوەکان لە ئاستی لۆکاڵی و بازنەکانی هەڵبژاردنەوە. لەوەدا کوردستان پێویستی بە لەشکری کوردی هەندەرانە کە لە هەموو قوژبنێکی وڵاتەکە بکەونە کاری لۆبیکردن. خۆشبەختانە لە سەرجەم وڵاتە گرنگەکان خەڵکی هوشیار و زمانزانمان هەن کە پرۆفێشناڵن و هەڵگری وڵاتینامەی ئەو وڵاتانەن و خاوەنماڵن. بەڵام ئێمە هێشتا سوودمان بەپێی پێویست لەوانە وەرنەگرتووە و رۆڵی ئەوانمان بەگەڕنەخستووە، بگرە زۆرینەی ئەوانە لە حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان زویرن و لە لاوازیی سیستەمی حکومڕانی و دیاردەی گەندەڵی زۆر نیگەرانن. بە لامەوە، کوردی هەندەران گەورەترین بەها و کرێدیت (رەسید)ی وڵاتەکەمانن لە دەرەوە و پێویستە بکرێنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان و خۆیان بە خاوەنی بزانن. ئەو ئەرکەش لە ئەستۆی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسیی کوردیدایە.

**ڕووداو: ئەگەر لەکاتی دیارکراودا گشتپرسی بکرێ، پێشبینی دەکەیت وڵاتانی دەوروبەر کێشەی سەربازی یان بازرگانی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکەن؟**

**د.دلاوەر:** هەتا هەرێمی کوردستان خاوەنی دەرودراوسێی توند و رەق بێ کە پەنا ببەنە بەر

## کوردی هەندەران گەورەترین رەسیدی وڵاتەکەمانن

ئامرازی ئەمنی و سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا دەبێ سەرکردایەتیی سیاسی هەمیشە ئاگای لەخۆی بێ. واتە هیچ دیاردە و بڕیارێکی توندڕەوانە لەو دەوروبەرەدا مەحاڵ نییە، بەڵام بەپێی واقیع و زروفی ئێستا و عەقڵیەتی حوکمڕانی ئیمڕۆی بەغدا و تاران و ئەنکەرە، ئەو جۆرە ئەگەرانە کەمترن لەوەی خەڵک لێیان دەترسێ، چونکە بەکارهێنانی بازوو ئامرازێکی زۆر لاوازە و ئامانجی ئەو وڵاتانە بەدی ناهێنێ. بۆ نموونە، جوڵاندنی حەشدی شەعبی، یان پەلهاویشتنی ئێران و تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی دیکە کە دۆخە شڵەقاوەکەی عێراق و ناوچەکە هێندەی دیکە دەشڵەقێنێ و کەس نازانێ کۆتاییەکەی بەکوێ دەگات. بۆیە ئێستا هەوڵی دراوسێکان ئەوەیە کە پێشوەخت رێگە لە ریفراندۆم بگرن، بەڵام بەدوور نازانرێ کە

## زەمینەسازی بۆ گشتپرسی بە کەمی و درەنگەوە کراوە

دوای ئەنجامدانی هەوڵ بدەن بە ناڕاستەوخۆ (بۆ لاوازکردن یان پشتگوێخستن) کار لەسەر رەوتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکەن.

**ڕووداو: لە ئاستی ناوخۆشدا کێشە زۆرن. پێشوازینەکردنی خەڵکی کوردستان وەک پێویست بۆ گشتی، بۆ چی دەگەڕێنییەوە؟**

**د.دلاوەر:** بەلای خەڵکەوە کێشەکە لە بەڵێ و نەخێردا نییە، لە وادەی ئەنجامدانەکەشی نییە، بەڵکو لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری و حکومڕانییە کە بنچینەی هەمووشیان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان و لاوازیی لە جێبەجێکردنی یاسا و یەکسان نەبوونی دەرفەتەکان و لاوازیی لە ئیدارەی ململانێکان و قەیرانەکان بە تایبەتی قەیرانی دارایی و مووچە. ئەو جۆرە لاوازیانە کێشەی درێژخایەنن و ئەگەر چارەسەر نەکرێن کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بەردەوام لێکدەترازێ و ئەرکە نیشتیمانییەکانی وەک سەربەخۆییش دەبنە قوربانی ململانێیەکان.

ڕووداو: بۆچی هەندێ لەلایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دژایەتی گشتپرسی دەکەن؟

د.دلاوەر: تا ئێستا هیچ لایەنێکی سیاسی دژایەتی ریفراندۆمی نەکردووە، بەڵام رای جیاوازیان سەبارەت بە زەمینە و کاتی ئەنجامدان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە هەیە. زۆربەیان بە قەناعەتەوە رایان وایە کە کاتەکەی گونجاو نییە، چونکە لەڕووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان لکێترازاوە و کێشەکانی سیستەمی حوکمڕانی هەڵپەسێردراون. دیارە کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بەم شێوازە و بەو حاڵەتەی ئێستا بە مەترسیدار دەزانن لەسەر خودی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو پرۆسە نیشتیمانییە یەکدەنگ نەبن.

بۆچوونی بەرامبەریش ئەوەیە کە کێشەکانی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزن و رەنگە جارێ وا بەخێرایی و بەئاسانی ناوماڵ تەرتیب نەبێتەوە. لەو نێوەشدا کات خێرا تێدەپەڕێ و دوور نییە ئەو سۆزەی ئێستا بۆ پێشمەرگە هەیە و ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییە وەک خۆی نەمێنێ. پرسی ریفراندۆم دەریخست کە زۆربەی هێزە جیهانییەکان لە ئیقلیمییەکان زیاتر عێراقپارێز و پرۆ عێراقن. رەنگە لە دوای داعش هەروەک سەردەمی پێش داعش خۆیان دوورەپەرێز بگرن و خواست و نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان پشتگوێ بخەن.

**ڕووداو: رات چییە لەبارەی ئەوانەی کە داوا دەکەن خەڵک بە نەخێر دەنگ بدەن؟**

**د.دلاوەر:** لە دیموکراسیدا، مافی دەنگدەرە دەنگ بەو جۆرە بدات کە خۆی بە راستی دەزانێ. دەنگدان بۆیە نهێنییە تا رەنگدانەوەی قەناعەتی دەنگدەر بێ کە ئەوەش مافێکی مرۆڤە. ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسییە و دەبێ رێز لە رای دەنگدەران بگیردرێت، جا بە (نەخێر) یان بە (بەڵێ). دیارە لەسەر سندووقەکاندا دوو بژارە دەخرێنە بەردەم دەنگدەران و دەبێ هەردووکیان قەبوڵ بکرێن بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک مافی ئەوەی هەبێ تانە لە بژارەی بەرامبەر بدات.

**ڕووداو: ئەگەر وەڵامی ریفراندۆم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نەبێت هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی چی دەبێت؟**

**د.دلاوەر:** پێویستە پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا دەکرێ ریفراندۆم بکرێ، بەبێ ئەوەی دەرەنجامە پۆزەتیڤەکەی زامن بکرێت؟ ئەگەر سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دڵنیا نەبوو لەوەی زۆرینەی رەها دەنگ بە (بەڵێ) دەدات، باشترە سەبری لێ بگرێ، چونکە دەرچوونی بەڕێژەی کەم کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی دەبێت. لە رووی سیاسی و مەعنەوییەوە برینەکەی بۆ دەیان ساڵ دەمێنێ و نەیارانی هەرێمی کوردستانیش دەنگیان لە ئێستا زوڵاڵتر دەبێ.

**ڕووداو: ئەگەر ریفراندۆم نەکرا یان دواخرا، بە شکستێکی گەورە دادەنرێت؟**

**د.دلاوەر:** نەخێر، چونکە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەردەوام دەبێ و دەیان ئامراز و شێواز و دەرفەتی دیکە لە ئایندەدا دەرەخسێن.

**ڕووداو: لە دوای ئەنجامدانی ریفراندم لەکاتی دیاریکراودا، هەڵوێستی دواتری سەرکردایەتی سیاسی کورد چی بێت باشە؟**

**د.دلاوەر:** ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکەم هەنگاوی کاروانێکی دوورودرێژی سەربەخۆییە، ئەرکە قورس و ئاڵۆزەکە لەدوای ریفراندۆم دێت. ئەگەر ریفراندۆم بکرێ، دواتر ناکرێ ئەنجامەکەی تەنیا وەک وەرەقەیەک بۆ دەستکەوتی هەنووکەیی بەکار بێت و پاشان هەڵپەسێردرێت، بەڵکو دەبێ ببێتە دەستپێکی پرۆسەیەک کە کۆتاییەکەی سەربەخۆیی بێت. لەوەشدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە

## ئەرکە قورس و ئاڵۆزەکە لەدوای گشتپرسی دێت

## دواخستن یان نەکردنی گشتپرسی شکست نییە

بەکارهێنانی زانست و هونەری دەوڵەتسازی و دامەزراندنی کۆڵەگە سەرەکییەکان دەبێ. دەبێ لە چەندین تەوەرەوە هەڵمەتی نەپساوە بکات و بەرنامە بۆ دامەزراوەکانی وڵات دابڕێژێ تا لە هەموو بەرەیەکدا هەنگاو بۆ چەسپاندنی بناغەی دەوڵەتێکی سەقامگیر بهاوێ.

**ڕووداو: پێتوایە ئەو زانست و هونەرە بەکارهێنراون یان دەکرێت وا زوو بەپێی پێویست بەکاربێن؟**

**د.دلاوەر:** لە پێشتردا کاری باش کراون، بەڵام بە گشتی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە تا ڕادەیەک لاوازە. هەڵبەتە نەچووە بچێ، دەکرێ بە گوڕێکی نوێ و ئیمکاناتی دارایی تێروتەسەلەوە کار لەسەر نەخشەڕێگای دەوڵەتسازی بکرێ. پێویستە ئەولەویەتێکی لووتکەیی بدرێتە ئەو بابەتە و رۆڵی ئەکادیمیەکانیش لەوەدا بەگەڕ بخرێ.

**ڕووداو: ئێوە وەک ئینستتیوتی مێری دەتوانن چ رۆڵێک لەوەدا ببینن؟**

**د.دلاوەر:** ئینستتیوتی مێری بۆ ئەوە دروستبووە کەلێنێکی گرنگ لە بواری دیراساتی ستراتیژی پڕ بکاتەوە و هاوکاریی داڕێژەرانی سیاسات و بڕیاردەران بکات بۆ دروستکردنی روانگەی درێژخایەن و نەخشەڕێگای عەمەلی، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی، بۆ چەسپاندن و تۆکمەکردنی سیستەمی حوکمڕانی دروست و سەروەرکردنی یاسا. هاوکات، تۆڕی پەیوەندییەکانی ئینستتیوتی مێری لە نێو دامەزراوە ئەکادیمی و (تینک تانک)ەکانی جیهاندا زۆر بەربڵاو و کاریگەرە. بۆیە ئینستتیوت لە بواری لۆبیی دەرەکیدا رۆڵی خۆی لە کارتێکردنی بڕیاری هێزە جیهانییەکان بینیوە، ئەویش نەک وەک بەرگری لە حکومەت، یان لە حیزبەکان، بەڵکو لە دۆزی خەڵک و بەرگری لە مافی مرۆڤ و بۆ سەقامگیری و تۆکمەکردنی سیستەمی حوکمڕانی.

**ڕووداو: لە مەسەلەی بەڵێ یان نەخێر، هەڵوێستی ئینستتیوتی مێری چییە؟**

**د.دلاوەر:** مێری دامەزراوەیەکی ئەکادیمییە، هەروەک زانکۆکان کە پێویستە چاودێر بێ و بێلایەنیی خۆی بپارێزێ و بۆی نییە هەڵوێستی هەبێ. مێری دەتوانێ لە رێگەی توێژینەوە و بیرکردنەوە هاوکاربێ و راوێژ پێشکەش بکات. واتە کەی پرسی پێکرا بە بەڵگە و شیکردنەوەی ئەکادیمیانە وەڵامدەداتەوە بەبێ ئەوەی نوێنەرایەتی جەمسەرێک لە جەمسەرەکان بکات.

**ڕووداو: ئەی بەڕێزت وەک د.دلاوەر هەڵوێستت چییە؟**

**د.دلاوەر:** بێگومان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لەدەستی مندا نییە، بەڵکو لەدەستی بڕیاردەرانی هەرێمی کوردستانە. ئەگەر پرس بەبەندە کرابووایە، رای خۆم لەسەر کات و سات و چۆنیەتی ئەنجامدان و زەمینەسازییەکەی دەدا و رەنگە یەکێک لەوانە دەبووم کە داوای سەبرگرتن و زەمینەسازیی ناوخۆیی باشترم دەکرد. لە داڕشتنی بەرنامە و نەخشەڕێگاکانیشدا هاوکاریی سەرجەم لایەنەکانم دەکرد. بیرت نەچێ، بەندە بە درێژایی تەمەنم کاری لۆبیم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە و چاوەڕێم ئەو خەونە لە ژیانمدا بێتەدی، بۆیەش ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم هەتا سەر بەردەوام بێ، ئەوا لە رۆژی خۆیدا دەچمە سەر سندوق و وەک دلاوەر بە (بەڵێ) دەنگ دەدەم، ئەوەش بەو چاوەڕوانییەی کە لەوێ بەدواوە بە هیممەتی هەموو لایەک، بە دەستەجەمعی گوڕ بە پرۆسەی نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی دەدرێ، بەندەش بەگەشبینییەوە بەشداریی تێدا دەکەم.

## 60 چەکداری بیانی لەنێو یەپەگە شەڕ دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵگەی هێنری جاکسۆنی بەریتانی، زیاتر لە 60 چەکداری بیانی لە ڕیزەکانی یەپەگە شەڕدەکەن ئەمریکی و بەریتانین و شەری دژ بە داعش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی چوونی ئەو شەڕڤانە بیانیانە بۆ نێو یەپەگە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە چوونی ئەو شەرڤانانە بۆ ڕیزەکانی یەپەگە لە هاوینی 2014 دەستی پێکردووە. ئەو 60 چەکدارەش لە 12 وڵاتەوە هاتوون. تاوەکو ئێستاش 29 چەکداریان لە شەڕەکاندا گیانیان لە دەستداوە.

زۆرترین شەرڤانە بیانییەکان ئەمریکین کە 20 شەڕڤانن، 17یان بەریتانین، حەوتیان کەنەدین، 16 شەڕڤانی دیکەش لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (471) - دووشەممە 2017/8/28

## کەمپینێکی نێودەوڵەتی شەڕڤان و پیتاکیان بۆ کۆدەکاتەوە

- OCML Voie Prolétarienne
- Collectif des Immigrés Opprimés
- Union des Femmes Socialistes
- Iranian Youth Committee
- Alternative Libertaire Bxl
- Secours Rouge
- RAGE Réseau Agitation Genève
- Bretagne en Lutte / Breizh o stourm
- Plateforme Voix des Prisonniers
- Coordination Action Antifasciste
- Emek ve Özgürlük Cephesi

# چەپی توندڕەوی شۆڕشگێڕ لە سەرانسەری دنیاوە روو لە ڕۆژاڤا دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

10ی حوزەیرانی 2015 ، لە شاری سەرێکانیێ لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا بڕیار لەسەر پێکهێنانی بەتالیۆنێکی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ڕۆژئاڤای کوردستان درا. بۆ پێکهێنانی ئەم بەتالیۆنە، ئیلهام لە ئەزموونی ساڵانی 1936-1938ی سەروەختی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا وەرگیرا کە هاوشێوەی ئێستا، تۆڕێکی نێودەوڵەتی لەڕێی گەیاندنی کۆمەکەوە بە چەپە شۆڕشگێڕەکانی ئیسپانیا، سووتەمەنییان بۆ بەردەوامیدان بە ئاگری شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە، دابین دەکرد.



"بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ڕۆژئاڤا" لە شەڕڤانی سەر بە گرووپە چەپەکانی جیهان و هەروەها ئەو چەکدارانە پێکدێت کە سەر بە هیچ گرووپێکی دیاریکراو نین، بەڵام هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیای چەپن. وەک چۆن لە سەرانسەری دنیاوە خۆبەخشە توندڕەوەکان ڕوویان لە سووریا دەکرد بۆ ئەوەی بە دەوڵەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادییەوە پەیوەست بن، ئاواش ئەم خۆبەخشانە لە سەرانسەری دنیاوە هاتوون بۆئەوەی ئەزموونی ڕۆژئاڤا سەربخەن کە بە بڕوای ئەوان، ترووسکەی هیوایەکە بۆ سەرلەنوێ گەرمکردنەوەی کوانووی خەباتی چەپگەرا لە دژی "ئیمپریالیزم"، ئەگەرچی لەم نوسخەیەی ڕۆژئاڤادا، ئەوە خودی ئیمپریالیزم، واتە ئەمریکایە کە کۆمەکی ڕاستەوخۆی شەڕڤانانی ڕۆژئاڤا دەکات، ئەمەش پارادۆکسێکی سەرسوڕهێنەرە!

### ئیلهام لە شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا

لیوا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ڕێکخراوی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەییەوە بۆ یارمەتیدانی حکومەتی بەرەی پێشڕەو لە کاتی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا پێکهێنرا. لیوا نێودەوڵەتییەکان تەنیا دوو ساڵ تەمەنی بوو، بەپێی مەزندەکان ئەو هێزە 32 بۆ 35 هەزار ئەندامی هەبووە کە 15 هەزار کەسیان لە شەڕدا کوژران.

لیوا نێودەوڵەتییەکان نوێنەرایەتی هەوڵەکانی ڕێکخراوی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی و جۆزێف ستالین، سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەتیان دەکرد. یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکان دەیانویست یارمەتیی کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا بدەن و لە بەرامبەریشدا ئیتاڵیا، پورتوگال و ئەڵمانیا یارمەتیی هێزە ناسیۆنالیستەکانیان دەدا کە ژەنەراڵ فرانکۆ سەرکردایەتی دەکرد.

بیرۆکەی ڕاکێشانی چەکدارە بیانییەکان لە گرووپە چەپڕەوەکانی جیهانەوە یەکەمجار لە ئەیلوولی 1936 لە یەکێتیی سۆڤیەت پەیدابوو، دەگوترێت بیرۆکەکە هی ماوریس تۆرێز، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بووە. بنکەی سەرەکیی ناردنی چەکدارە بیانییە چەپەکانیش لە پاریس بوو. وەکوو لە نامەی ستالین بۆ خۆزێ دیاز، سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیادا دەردەکەوێت، سۆڤیەت سەرکەوتنی کۆماریخوازەکانی ئیسپانیای بە سەرکەوتن بۆ هەموو "مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی جیهان" زانیوە.

ئەو هێزانە لە ژمارەیەک شەڕی گەورەدا یارمەتیی کۆماریخوازە چەپەکانی ئیسپانیایان دا، لەوانەش شەڕی مەدرید. وەکوو لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، گرووپە چەپەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لەو شەڕەی دژی هێزەکانی فرانسیسکۆ فرانکۆدا هەبووە کە دواتر بۆ ماوەی 36 ساڵ حوکمی ئیسپانیای کرد. شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا ئەوکات بەشێک بوو لە شەڕ و ململانێی نێوان بەرەی چەپ و ڕاستی جیهان.

### لە ئیسپانیاوە بۆ ڕۆژئاڤا

شەڕی ڕۆژئاڤا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا شەڕ بووە لە دژی داعش و قاعیدە کە بەشێکی زۆری سەرکردەکانیان ئەزموونی شەڕی ئەفغانستان و چیچانیان لەدژی هێزەکانی سۆڤیەت و ڕووسیا هەیە. لە شەڕی دژی ڕێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکاندا هێزەکانی یەپەگە هاوبەشی سەرەکیی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتین کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، هەمان ئەو ئەمریکایەی لە ماوەی شەڕی نۆ ساڵەی ئەفغانستاندا یارمەتیی "موجاهیدین"ی ئەفغانستانی داوە کە گەرای یەکەمی توندئاژۆیی ئیسلامی بوون.

پاش ئەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی 1979دا چوونە ناو ئەفغانستانەوە، کەمپینێکی نێودەوڵەتی بە ئاگاداری و سەرپەرشتی دەزگای هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا (CIA) ی بە هاوکاریی هەواڵگریی هەریەک لە میسر، سعودیە و پاکستان

> **هەرێمی کوردستان شوێنێکی ترسناکە بۆ گەیشتن بە ڕۆژاڤا**
>
> ماڵپەڕی بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاڤا

بۆ ڕەوانەکردنی شەڕڤان بۆ ئەفغانستان پێکهات. خۆبەخشەکان ڕەوانەی پاکستان دەکران و پاش وەرگرتنی مەشقی سەربازی لەوێ، ئاودیوی سنووری ئەفغانستان دەکران. ئەم پرۆسەیە تا ڕووخانی حکومەتەکەی نەجیبوڵڵا کە لایەنگری سۆڤیەت بوو، درێژەی هەبوو.

چیرۆکەکەی ئەمجارەیان بە جۆرێکی دیکەیە، وەکوو لە ماڵپەڕی بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی پشتیوانانی ڕۆژئاڤادا هاتووە، دوژمنی سەرەکیی چەکدارە بیانییە چەپەکان "ئیمپریالیزمی ئەمریکی" و ناتۆ و "هێزە فاشیستەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"ـە، لەوانەش تورکیا، سعودیە و ئێران. بەپێی ئەو بانگەوازەی لە ماڵپەڕەکە بڵاوکراوەتەوە، ئەو چەکدارە بیانیانەی کە هاتوونەتە ڕۆژئاڤا "لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی خۆیان ڕایانکردووە کە تێیدا لەدایکبوون".

وەکوو لە ماڵپەڕی ئەو کەمپینەدا هاتووە: "بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی بەتالیۆنێکی سەربەخۆیە کە لە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا، ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە پێکهاتووە بۆ ئەوەی بەرگری لە شۆڕشی ڕۆژئاڤا بکەن. ئەو کەتیبەیە وەکوو هێزێکی سەربەخۆ لە پاڵ یەپەگە و یەپەژە و هێزەکانی سووریای دیموکراتدا دەجەنگێ".

بەتالیۆنەکە بە دەستپێشخەریی پارتی مارکسیست ـ لینینیستی تورکیا دامەزراوە، لە کاتی دامەزرانییەوە ژمارەیەکی زۆر چەکداری گرووپە شۆڕشگێڕە چەپەکانی جیهان و کەسانی شۆڕشگێڕی سەربەخۆ پەیوەندییان بەو گرووپەوە کردووە. بە گوێرەی ماڵپەڕەکە "ئەو بەتالیۆنە لە کاتی دامەزراندنییەوە لە هەموو بەرەکانی شەڕی ڕۆژئاڤا (جگە لە عفرین) یارمەتی هێزە کوردییەکانیان داوە بۆ ئەوەی شکست بە داعش و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەی ناوچەکە بهێنن". لە عفرین بنکەیەکی سەربازیی ڕووسیا هەیە و لەوێ لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا، یارمەتیی یەپەگە دەدەن.

لە ڕاگەیەندراوی گرووپەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە "هەوڵەکانی گرووپی یارمەتیی سوور (Red Help) دەکرێت لەگەڵ یارمەتییەکانی ئەو گرووپە بە کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا لە نێوان ساڵانی 1936-1938 بەراورد بکرێت". لە کاتی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیادا، یارمەتیی سوور پێداویستی و کەلوپەلی پزیشکی بۆ هێزە چەپە نێودەوڵەتییەکانی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا دابین دەکرد.

پلاستەر و دەرمانی ڕێگری لە خوێنبەربوون یەکێکە لەو شتانەی کە لە ماڵپەڕی بەتالیۆنی ئازادیدا داوای دەکرێت، وەکوو لە بانگەوازەکەدا هاتووە: "60%ی ئەوانەی بە گوللە بریندار دەبن، بەهۆی خوێنبەربوونەوە دەمرن، بەڵام ئەو پلاستەرانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێ لە خوێنبەربوون دەگرن، نرخی هەر دەستەیەکیان تەنیا 50 یورۆیە".

ئامادەیی چەکدارە بیانییە چەپەکان لە ڕۆژئاڤا ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە کە پاش تێکشکاندنی داعش و گرووپە توندئاژۆکانی نزیک لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا ئەرکی ئەو بەتالیۆنە چی دەبێت، لە کاتێکدا ئەو گرووپە لە بنەڕەتدا هاوپەیمانی سەرەکیی ئێستای یەپەگە لە ڕۆژئاوا (واتە ئەمریکا و هاوپەیمانان) بە دوژمن و هۆکاری سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان دەزانن. هەڵوێستی یەپەگە لە ئاست هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا و چەکدارە چەپە نێودەوڵەتییەکان خاڵی یەکلاکەرەوەی زۆر گۆڕانکاری لە ڕۆژئاڤای کوردستان دەبێت.

### گرووپە چەپە شەڕکەرەکانی ڕۆژئاڤا

- پارتی کۆمۆنیستی مارکسیست ـ لینینیستی تورکیا (MLKP):

بە پارتی دەستپێشخەر لە دامەزراندنی بەتالیۆنی ئازادیی ڕۆژئاوا دادەنرێت. ئەو پارتە لە 1994 دامەزراوە و ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ساڵی 2012 وە بۆ یارمەتیدانی یەپەگە، چەکداری ڕەوانەی سووریا کردووە، هەروەها بۆ پاراستنی ئێزدییەکانی شنگال چەکداری بۆ پەکەکە ناردووە. لە نیسانی 2015 ئەو پارتە ڕایگەیاند کە بنکەیەکی چەکداریی هەمیشەیی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکە لە باکووری هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.

- سوپای ئازادیی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا (TIKKO):

لقی سەربازیی پارتی (MLKP)یە و هێزیان لە ڕۆژئاڤای کوردستان هەیە. لە 25ی ئاداری 2016 مۆتۆرسکیلێکی بۆمبڕێژکراو خۆی بە بارەگای سەرەکیی ئەو گرووپەدا لە سەرێکانیێ لە ڕۆژئاڤای کوردستان تەقاندەوە و دوو ئەندامی ئەو گرووپە بریندار بوون و زیان بە بارەگاکەیان گەیشت.

- هێزە یەکگرتووەکانی ئازادی (BOG) : ئەو هێزە بە ئیلهام وەرگرتن لە لیوا نێودەوڵەتییەکانی کاتی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا دامەزراوە. هێزەکە لە کانوونی یەکەمی 2014 وەکوو ڕێکخراوێک بۆ چەکدارە بیانییەکانی سەر بە بیرۆکەی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ و ئانارشیستەکان لە شاری کۆبانێ دامەزرا. پارتی کۆمۆنیستی مارکسیست ـ لینینیستی تورکیا نەهاتووەتە ڕیزی ئەو هێزانەوە، بەڵام دواجار هێزە یەکگرتووەکانی ئازادی و گرووپەکانی دیکە بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادییان دامەزراند کە بە گەورەترین گرووپی چەکداریی نێو کەتیبە نێودەوڵەتییەکە لەقەڵەم دەدرێ.

- دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستی (Reconstruccion Comunista): گرووپێکی مارکسیست ـ لینینیستی ئیسپانییە کە ئاڵاکەی بە هەندێک گۆڕانکارییەوە لە ئاڵای کۆماری دووەمی ئیسپانیا دەچێت. بەگوێرەی هەواڵێکی مانگی تەمووزی 2015ی ماڵپەڕی (ئێل پایس)ی ئیسپانی، دوو چەکداری ئەو گرووپە لە کاتی گەڕانەوەیان لە ڕۆژئاڤاوە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی ئیسپانیاوە دەستگیر کراون. دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستی پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ (MLKP)دا هەیە و تەنانەت لە شنگالیش شەڕیان کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (زە سپەین ڕیپۆرت)، پۆلیسی ئیسپانیا لە مانگی کانوونی دووەمی 2016 هەشت کەسی ئیسپانی و کەسێکی خەڵکی تورکیای دەستگیر کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیسی ئیسپانیا ئەو نۆ کەسە هەوڵی کۆکردنەوە و ڕاکێشانی ئەندام بۆ پەکەکە، کەجەکە و یەپەگەیان داوە. وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیاش ڕایگەیاندووە کە دەستگیرکراوەکان هەوڵی گواستنەوەی خەڵکیان بۆ ناو ڕیزەکانی یەپەگە داوە. بەشی زۆری ئەوانەی دەستگیر کرابوون ئەندامی گرووپە چەپە ئیسپانییەکە بوون.

- پارتی کاری کۆمۆنیستی تورکیا/ لینینستەکان (TKEP/L) : پارتێکی چەپی نایاسایییە لە تورکیا. ئەو گرووپە بارەگایان لە ڕۆژئاڤای کوردستان هەیە.

- یەکێتیی شۆڕشگێڕان بۆ پشتیوانیی نێودەوڵەتی: گرووپێکی کۆمۆنیستی ئانارشیستی یۆنانییە. لە ساڵی 2015وە لە سووریا شەڕ دەکەن. دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی یۆنان بە نیگەرانییەوە لە بەشداریی ئەو گرووپە لە شەڕی سووریا دەڕوانن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە "ئەو شەڕکەرانە مەشقی شەڕی پارتیزانی وەردەگرن و دواتر دەتوانن ئەوەی فێری بوون لە وڵاتی خۆیان (واتە یۆنان) دووبارەی بکەنەوە".

- لیوای بۆب کرۆ (BCB) : چەکدارانی ئەو گرووپە خەڵکی بەریتانیا و کۆماری ئێرلەندان. ناوی گرووپەکە لە ناوی بۆب کرۆ، سەرکردەی سەندیکایەکی بازرگانیی بەریتانی وەرگیراوە کە خۆی بە کۆمۆنیست/ سۆسیالیست دەزانی. لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر بەشێک لە باکووری سووریا و پێکدادانی هێزەکانی یەپەگە و تورکیا، هێزەکانی بۆب کرۆ لە ڕەققەوە ڕوویان لە مەنبج کرد، لە ڕاگەیێندراوێکیشدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە "کاتێک بۆ بەرگری لە شۆڕش (واتە شۆڕشی ڕۆژئاڤا) هاتینە سووریا، مەبەستمان ئەوە بوو لەبەرامبەر هەموو دوژمنێکی بچووک و گەورە بەرگریی بکەین".

- لیوای هێنری کراسوکی: گرووپێکی چەکدارە کە لە چەپەکانی فەرەنسا پێکهاتووە و ئەندامانی ئەو گرووپەش بە ئیلهاموەرگرتن لە گرووپی بۆب کرۆ ناوی خۆیان لە سەرکردەی یەکێک لە بزووتنەوە سەندیکاییەکانی فەرەنسا بە ناوی هێنری کراسوکی وەرگرتووە.

- هێزە گەریلاییەکانی شۆڕشی نێودەوڵەتیی گەل (IRPGF) : گرووپێکی چەکدارە کە لە ژمارەیەک چەکداری ئانارشیست لە هەموو ناوچەکانی جیهان پێکهاتووە. ئەو گرووپە لە 31ی ئازاری 2017 و لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا دامەزراندنی خۆیان ڕاگەیاند. وەکوو لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، ئامانجی ئەو گرووپە "بەرگریکردن لە شۆڕشی ڕۆژئاڤا و بڵاوکردنەوەی ئانارشیزمە". ئەو گروپە لە نیسانی 2017 وە بووە بە ئەندام لە دەستەی کارگێڕیی بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی. ئەو گرووپە لە تەمووزی 2017 پێکهێنانی هێزی هاوڕەگەزخوازەکانی بە ناوی هێزی (TAQILA) ڕاگەیاند.

- سوپای سەرهەڵدان و ئازادیی جێندەری (TAQILA) : بەشێکە لە کەتیبەی نێودەوڵەتیی ئازادی و لە 24ی تەمووزی ئەمساڵدا ڕاگەیێندرا. ئەندامانی ئەو گرووپە لە (IRPGF)شدا ئەندامن. لە بەیاننامەی دامەزراندنی گرووپەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە سەرکوتی سیستەماتیکی هاوڕەگەزخوازەکان لەلایەن داعشەوە هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی ئەو گرووپە چەکدارەیە.

**گرووپی دیکەش بەشدارن لە کەمپینی چەپەکانی جیهان بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاڤا، لەوانە:**

- ڕێکخراوی کۆمۆنیستی مارکسیست ـ لینینستی فەرەنسا/ ڕێگەی پرۆلیتاریا
- گرووپی لیبێرتارییەکانی بروکسل
- کۆمکاری ئافرەتە سۆسیالیستەکان
- کۆمەڵەی کۆچبەرانی بەلجیکا
- بەرەی کار و ئازادیی تورکیا
- هەنگاوی هاوئاهەنگی دژی فاشیستەکان لە فەرەنسا
- پلاتفۆرمی دەنگی بەندکراوان
- خەباتی بەریتانییەکان
- پشتیوانی لە هێزی کار
- هەڵمەتی هاوبەشی شتوتگارت
- بنیاتنانی شۆڕشگێڕانە
- یارمەتیی سوور
- گرووپی گەنجانی شۆڕشگێڕی بێرن (سویسرا)
- گرووپی ئانارشیستەکانی بێرن (سویسرا)
- گەنجە شۆڕشگێڕەکانی زوریخ
- تۆڕی ئەنارشیستەکانی جنێڤ/ تۆڕی دژی فاشیستەکان (سویسرا)
- کۆمەڵەی ڕێکخراوە مارکسیست لینینستەکانی فەرەنسا
- یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی لیۆن
- گرووپی دژەـ فاشیستەکانی لیۆن و دەوروبەری
- بەرەنگاربوونەوەی بە کۆمەڵی چەوساندنەوە/ گرووپی نێودەوڵەتیی ڕزگاری
- ڕێکخراوی کردەی گەنجە شۆڕشگێڕەکان
- لیبەرتارییە ئەڵتەرناتیڤەکانی ڤالێنسیەن -فەرەنسا
- فیدراسیۆنی پارتی کۆمۆنیستی شارلوا-بەلجیکا

### بە هەرێمی کوردستاندا مەیەن.. پارتی ترسناکە

لە ماڵپەڕی بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاڤا، ڕێنمایی پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت کە دەیانەوێت بچنە ڕۆژئاوا، لە ڕێنماییەکەدا هەرێمی کوردستان بە شوێنێکی "ترسناک" وەسف دەکرێت. ماڵپەڕەکە ڕوونی کردووەتەوە کە ئەوان هیچ بنکەیەکی وەرگرتنی ئەندامیان نییە لە ڕۆژاڤا بێت، بەڵکو لە ئەورووپا چالاکییەکانی خۆیان دەکەن. لە بەشێک لە ڕێنماییەکاندا هاتووە: "هەرێمی کوردستان شوێنێکی ترسناکە بۆ گەیشتن بە ڕۆژاڤا، چونکە ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکداری تێدایە و سنوورەکانیشی ڕوون نین".

لە ڕێنماییەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان بە چاودێری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لەقەڵەم دەدرێت و تۆمەتبار دەکرێت بەوەی "دژایەتی شۆڕشی ڕۆژاڤا دەکات و هاوپەیمانی تورکیایە".

بە گوێرەی ڕێنماییەکە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان "پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ ڕۆژاڤادا هەیە، بەڵام دەسەڵاتیان سنوورداره، بۆیە لە کاربەدەستان مەپرسە ئاخۆ یەکێتین یان نا، چونکە لە باشترین حاڵەتدا یارمەتیت نادەن و لە خراپترین دۆخیشدا دەستگیر دەکرێی".

لە ماڵپەڕەکەدا ئیمەیلێک بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە دەیانەوێت لە دەرەوەی سووریاوە بێنە نێو ڕیزەکانی یەپەگە، پێشنیازیش دەکات هیچ کەسێک بیر لەوە نەکاتەوە بە تەنیا سنوورەکانی ڕۆژاڤا ببڕێ، چونکە لەوانەیە "بە گوللەی پاسەوانێکی سنوور بکوژرێی".

### بە هیچ کەس مەڵێ دەچمە ڕۆژاڤا

ئامۆژگارییەکی دیکەی ڕێکخراوەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنە ڕۆژئاوا "بەهیچ کەس نەڵێن دەچنە ڕۆژئاڤا"، چونکە وەکوو خۆیان دەڵێن "لەوانەیە چوونت بۆ ئەو ناوچەیە بەپێی یاساکانی وڵاتەکەت نایاسایی بێت، تەنانەت ئەگەر نایاساییش نەبێت، دیسان هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکەت دەتوانن ڕێگەت لێبگرن". بۆیە ماڵپەڕەکە پێشنیاز دەکات: "پێش ئەوەی بچیت و ئەو کاتەی چوویت و دوای گەیشتنیشت، بە هیچ کەسێک مەڵێ (چووم بۆ ڕۆژاڤا)، بە تایبەتیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی مەکەرەوە".



### پاسەوانەکەی یەڵماز گۆنای دەکوژرێ

ڕۆژی 14ی ئابی 2017 نوبار ئۆزانیان، شەڕڤان و فەرماندەی هێزەکانی (TIKKO) کوژرا. نوبار نموونەی ئەو فەرماندانە بوو کە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە چەکدارە چەپە بیانییەکانی ڕۆژئاڤا دەکەن. بە گوێرەی ئەو ژیاننامەیەی لەلایەن بەتالیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادی بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ڕۆژاڤا بڵاوکراوەتەوە، نوبار لە فەلەستین، ئەرمینیا، هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا بەشداریی شەڕی کردووە و "لە پاریسیش پاسەوانی یلماز گۆنای بووە".

# ئەم هەفتەیە کەرکووک و خانەقین داوای گشتپرسی دەکەن

26
واژۆی ئەنجوومەنمان کۆکردووەتەوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی
ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک



رۆژی 29/8/2017 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک (فۆتۆ: رووداو)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەروا رۆژەکان لە بەردەم کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن و راپرسی کەمدەبنەوە و هێشتا ئەنجوومەنی هەندێک لە قەزا و ناحیەکانی ئەو ناوچانەی پێیاندەگوترێ "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان"، وەڵامیان نەداوەتەوە ئاخۆ گشتپرسی لە ناوچەکانیان ئەنجام بدرێ یان نا. بەرپرسێکی کۆمسیۆنیش دەڵێ "ئێمە لە ئامادەکارییەکانی خۆمان بەردەوام دەبین و ناوەستین".

ئەنجوومەنی باڵای گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە رێگاچارەیەکی ئارامتریان دۆزییەوە بۆ بەشداریکردنی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەو گشتپرسییەی بڕیارە لە 25ی ئەیلوولی داهاتوو ئەنجام بدرێ، ئەویش هەڵکردنی گڵۆپی سەوزە لەلایەن ئەنجوومەنی قەزا و ناحیە و شارەدێکانەوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەڵێ ئامادەکارییەکان درەنگ کەوتن و پێویستیش ناکات هیچ لایەک لە بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دوودڵ بێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "رۆژی سێشەممە 2017/8/29 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆدەبێتەوە. دەنگی زۆرینەی بۆ کۆکراوەتەوە و داوا دەکەین لە کەرکووک گشتپرسی بکرێ".

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت هێشتا بەشێک لە تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووک لەگەڵ ئەوە نین گشتپرسی لە پارێزگاکەیان بکرێ، لە دۆخێکیشدا کە بەلای ئەوانەوە روون نەبێ چی دەخوازن، پێیوانییە گفتوگۆکردن لەگەڵیان ئەنجامێکی هەبێ "ئێمە ناتوانین پاشەکشە بکەین و گشتپرسی لە کەرکووک پرسێکی گرنگە و مافی دانیشتووانەکەیەتی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەوان هێشتا هەر دەڵێن نابێ".

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە 41 ئەندام پێکهاتووە. ئەحمەد عەسکەری دەڵێ "تاوەکو ئێستا واژۆی 26 ئەندامیان کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی داوا بکەن گشتپرسی ئەنجام بدرێ، ئەمەش 67%ی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن دەکات، هەوڵیش دەدەین گفتوگۆ لەگەڵ تورکمان و عەرەبە ناڕازییەکان بەردەوام بێ".

بڕیار بوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکانی شاری کەرکووک کۆببێتەوە و لەبارەی گشتپرسی لە کەرکووک گفتوگۆیان لەگەڵ بکات. بەڵام وەک ئەحمەد عەسکەری دەڵێ "عەرەب و تورکمانەکان خۆیان داوای ئەو کۆبوونەوەیەیان کردبوو، دیار نییە کەی ئەو دانیشتنە دەبێ و مەرجیش نییە لە کەرکووک بێ".

ئێستا کەمتر لە مانگێک ماوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی. نەسرەدین سندی، سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کاتێکی زۆر بەدەستەوە نەماوە و دەبووایە ئەو هەنگاوانە پێشتر بنرێن، کاری زۆر ماوە لەو ناوچانە بکرێن بەتایبەتی بەشێک لەو پێکهاتانە رازی نین بە ئەنجامدانی گشتپرسی، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان کاری باشتر لەسەر ئەو پێکهاتانە بکەن و دڵنیایی بدەنە ئەو پێکهاتانە کە نابنە هاونیشتمانی پلە دوو، ئەوان بەشدار دەبن لە ئیدارەدانی ناوچەکانیان".

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی رووداو لە بەرپرسێکی ئیداریی قەزای خانەقینەوە دەستیکەوتووە، داواکاری بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە خانەقین و قەرەتەپە و جەلەولا "بە زارەکی دراوە بە کۆمسیۆن" و چەند رۆژێک بەهۆی سەعدییەوە دواکەوتوون "چونکە سەعدییە لە ژێر دەستی حەشدی شەعبییە و دەمانەوێ سەعدییەش یەکلا بکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو بەیەک نووسراو بدەینە کۆمسیۆن تاوەکو گشتپرسی لە سنووری قەزای خانەقین بکرێ".

ئەو سەرچاوەیە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، هۆکاری ئەو دواکەوتنەی زیاتر روونکردەوە و گوتی "ئەنجوومەنەکانی ئەو ناوچانە کێشەیان لە ئەنجامدانی گشتپرسی نییە و داوای دەکەن "بەڵام دەمانەوێ پرۆسەکە بە ئارامی بڕوات و کێشە دروست نەبێ لە نێوان پێکهاتەکان"

زیاتر لە 2.5 ملیۆن کەس لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان مافی بەشداریکردنیان لە گشتپرسیدا هەیە. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی 11 هەزار سندووق بۆ دەنگدان لەو ناوچانە دادەنێت.

خەلیل شەمۆ خودێدا، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای ئەلقوش دەڵێ ناوچەی دەشتی نەینەوا ناوچەی کوردستانین و ناوچەیەکی ئارام و جێگیرە، خەڵک لێرە لە پێناوی داهاتووی ماڵ و منداڵەکەی دەیانەوێ لەگەڵ کوردستان بن و هەر ئەوەش بەرێگەی گونجاو دەزانن "ئەوەندەی من بزانم مەسیحییەکان لەم ناوچەیە لەگەڵ گشتپرسین، رەنگە بەشێکیان لەبەر هەر هۆکارێک بێت ئەوە دەرنەبڕن. یان هەندێکیان کاردانەوەی سیاسیەکان بەهەند وەربگرن، بەڵام لەگەڵ گشتپرسین".

ئەو دەڵێ تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنەکەیان و بەشێک لە ئەنجوومەنەکانی دەشتی نەینەوا داوایان لە کۆمسیۆن نەکردووە بۆ گشتپرسی "بەڵام گرفتێکی وانییە و لە رۆژانی داهاتوودا ئەو داواکارییە پێشکەش بە کۆمسیۆن دەکرێ". ئەوە لە کاتێکدایە کە رۆژانی پێشوو لەلایەن ئەنجوومەنەکانی شێخان و زوممارەوە داوا لە کۆمسیۆن کراوە گشتپرسی لە ناوچەکانیان ئەنجام بدرێ.

رۆژی 2017/6/7 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەر و سەرکردەی 17 حیزب و لایەنی سیاسی کوردستانی کۆبووەوە و تێیدا بڕیار درا رۆژی 25ی ئەیلوولی 2017 گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەنجام بدرێت.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەڵێ ئەوان لە ئامادەکارییەکانی خۆیان بەردەوامن "ئامادەکارییەکانی ئێمە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیشە". بەڵام گوتیشی پەیوەندییان بە کاروباری سیاسی و ناکۆکیی سیاسی نێوان لایەنەکان نییە لەو ناوچانە "ئێمە تەنیا ئامادەکاریی تەکنیکی دەکەین، هەرکات ئەوان وەڵاممان بدەنەوە، دوابکەون یان نا ئێمە ئامادەکاری بۆ هەموو ناوچەکان وەک یەک دەکەین و کێشەمان نییە".

## دوو ساڵە داوا لەیەکێتی دەکات بگەڕێتەوە کوردستان

# بەهرۆز گەلاڵی جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە تورکیا



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

رفاندنی دوو کەسی تورک لە سنووری پارێزگای سلێمانی، کاربەدەستانی تورکیای بەشێوەیەک تووڕە کردووە لە یەکێتی کە کار گەیشتە ئەوەی نوێنەری ئەو حیزبە لە تورکیا ئاگادار بکەنەوە لە ماوەی سێ رۆژدا وڵاتەکە جێبهێڵێ.

هەرچەندە بەهرۆز گەلاڵی لە بەرەبەیانی رۆژی 2017/8/24 لەکاتی گەیشتنی بە فرۆکەخانەی سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی "لە سنووری ناوچەی خۆمان وەک یەکێتی پێویستە لەڕووی ئەمنییەوە ئەو ناوچەیە وای لێ نەیێت کە ببێتە تەراتێن و هەموو لایەک بە کەیفی خۆی بێت و بچێت بەبێ ئەوەی حیساب بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت". بەڵام تاوەکو ئێستا یەکێتی هەڵوێستی خۆی بە فەرمی لەوبارەیەوە رانەگەیاندووە.

کێشەکە چییە و چی وای لە تورکیا کرد نوێنەرەکەی یەکێتی بنێرێتەوە بۆ سلێمانی؟ هەرچەندە قسەی زۆر لەوبارەیەوە دەکرێ، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "تورکیا دەستگیرکردنی دوو کەسی خۆی کردووەتە بیانوو، من هەرچەندە زانیاریی تەواوم نییە لەوبارەیەوە، بەڵام تورکیا هەمیشە گلەیی ئەوە لە یەکێتی دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ کوردی باکووری کوردستان بەهێزە".

پێشتر سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی یەکێتی ئەوەی ئاشکرا کرد کە دەرکردنی نوێنەرەکەیان پەیوەندی بە شکستی ئۆپەراسیۆنێکی هەواڵگریی تورکیاوە هەبووە لە سنوورەکەی ئەواندا کە بە زەرەری تورکەکان تەواو بووە"، بەڵام ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای سلێمانی ئاگاداری دیارنەمان یان رفاندنی هیچ کەسێکی تورک بن.

> بەهرۆز گەلاڵی لە کوردستان ئەرکێکی حیزبی وەردەگرێ
>
> فەرید ئەسەسەرد

دوای حەڤدە ساڵ لە نوێنەرایەتیکردنی یەکێتی لە ئەنقەرە، بەهرۆز گەلاڵی لەگەڵ منداڵەکانی گەڕایەوە سلێمانی. کۆسرەت گەلاڵی، برای بەهرۆز گەلاڵی گوتی کە براکەی "ئێستا چووەتە دەرەوەی وڵات بۆ هەندێک کاروبار"، بەڵام کەسێکی نزیک لە گەلاڵی گوتی کە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ تورکیا و ئێستا سەرقاڵی مامەڵەی منداڵەکانیەتی لە زانکۆ لە دەرەوەی وڵات. گوتیشی "کچە گەورەکەی ئەندازەی بیناسازیی تەواو کردووە، بەڵام کوڕەکەی خوێندکاری زانستە سیاسییەکانە و کچەکەی دیکەی لە بەشی پزیشکییە، لەبەرئەوەی چەند ساڵە لە تورکیا خوێندوویانە، ئێستا کاریان بۆ دەکات بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی دەرەوە وەربگیرێن".

لەبارەی هۆکاری دەرکردنی لە ئەنقەرە، بەهرۆز گەلاڵی گوتی "لە ماوەی رابردوودا ئەزمەیەکی سیاسی لە سلێمانی دروستبوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتییەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر هەڵەی خۆیان بوو. ئەوە بوو پێش چەند رۆژێک لەلایەن وەزارەتی دەرەوە ئاگادار کرامەوە لە رووداوێک لە سنووری ناوچەی یەکێتی، نیگەرانیی خۆیان لەو سیاسەتە پیشاندا کە لە دامودەزگا ئەمنییەکاندا هەیە، ئەوەش گەیشتە ئەو ئاستەی ئۆفیسەکەی یەکێتی لە ئەنقەرە دابخرێت و داواشیان لێکردم لە ماوەی سێ رۆژدا نووسینگەی یەکێتی دابخەین".

نوێنەرەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنقەرە دەشڵێت "ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن چ لەلایەن حکومەتان و چ لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی دیکە، زیان بەو ناوچەیەی ئێمە دەگەیێنن، داوایان لێکردم تاوەکو ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، نووسینگەکەمان دابخەین و خۆشم لەگەڵ ماڵ و منداڵم بگەڕێمەوە".

ئەو شەوەی گەلاڵی لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، شاندی یەکێتی لە هەولێر لەگەڵ مەولود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆبوونەوەدا بوون. پێشتریش بڕیار بوو شاندێکی یەکێتی سەردانی تورکیا بکەن.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت: "شاندی یەکێتی سەردانی تورکیا دەکەن و ئەوە پەیوەندی بەو پرسەوە نییە، چونکە پێشتر بڕیاری لەسەردرابوو، بەڵام کاتەکەی دیار نییە".

ئەسەسەرد گوتیشی، دوو ساڵ زیاترە بەهرۆز گەلاڵی بەردەوام نامە دەنێرێ و داوا دەکات بێتەوە سلێمانی "ئەو دەیەوێ لە کوردستان ئەرکێکی حیزبی وەربگرێ و ناگەڕێتەوە".

گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، پێیوایە داخستنی نوێنەرایەتییەکەیان "کاریگەری نەرێنی دوولایەنەی دەبێ" بە پێویستیشی زانی ئەوە بەبنبەست نەگات و چارەسەر بکرێ "هەوڵەکان بەردەوامن بۆ کردنەوەی ئەو نوێنەرایەتییە".

لەتیف نێروەیی، هەروەها دەڵێ هەڤاڵانی یەکێتی بەم داخستنە ئیحراج نابن و یەکێتییەکان پێیان ناخۆش نییە "بەڵام قسە لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش دەکرێ و تورکیا دەیەوێ بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێ، کەواتە دەبێ ئارامیی کوردستانیش پارێزراو بێ".

### بەشی سلێمانی تەواو بووە

دوای دەرکردنی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، میدیای فەرمی یەکێتی بڵاوی کردەوە کە تورکیا ڤیزای بۆ خەڵکی پارێزگای سلێمانی راگرتووە. بەڵام شێخ سەرکۆ بەرزنجی، بەڕێوەبەری گرووپی کۆمپانیاکانی ستار ئەلاینس، رەتیدەکاتەوە ڤیزا بۆ خەڵکی سلێمانی راگیرابێ. شێخ سەرکۆ بە (رووداو)ی گوت "ڤیزای گەشتیاری هیچ کێشەی نییە و بەردەوام خەڵک دەڕۆنە تورکیا، بەڵام جۆرێک ڤیزای سەر پاسپۆرت هەیە کە ئەوە هەر پارێزگایەک بەشی خۆی هەیە و لەم رۆژانە بەشی سلێمانی تەواو بووە".

شێخ سەرکۆ گوتیشی "ئەوە هیچ پەیوەندی بە کاروباری سیاسییەوە نییە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 471 ) – دووشەممە 2017/8/28



## ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا بەڕێژەی 25% زیادی کردووە

**ڕووداو – هەولێر**

وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێ، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا بەڕێژەی 25% زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکیش ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەیە کە پێشتر لەژێر دەستی داعشدا بوون. نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی بەدواداچوونەکانیان قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زۆر زیادی کردووە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان 4 ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بۆ 5 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە.

## 120 ملیۆن دۆلار دەهێننە کوردستان

# پێشبینی دەکرێت ئەم جەژنە 400 هەزار گەشتیار بێنە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی گەشتوگوزار دەڵێت بەهۆی نەمانی مەترسیی داعش و ئاسانکاریی بازگەکان بۆ هاتنی گەشتیار و چالاکبوونەوەی کۆمپانیا و گرووپە گەشتیارییەکان، هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، پێشبینیش دەکات ئەم جەژنە هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان دوو هێندەی جەژنی قوربانی ڕابردوو بێ.

ساڵی 2007 تاوەکو 2013 کەرتی گەشتیاری لە کوردستان بەردەوام لە گەشانەوەدا بوو، ساڵی زێڕینی ئەم کەرتەش 2013 بوو کە دوو ملیۆن و 952 هەزار گەشتیار هاتبوونە کوردستان، بەڵام بەهۆی پەلاماری داعش و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەکە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، هاتنی گەشتیار زۆر کەمی کرد، بە جۆرێک ساڵی 2015 بەراورد بە 2013 ڕێژەی هاتنی گەشتیار 73.6% کەمی کرد.

بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی مەترسییەکانی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان و ئاسانکاریی بازگەکان بۆ هاتنی گەشتیار، جارێکی دیکە ئەم کەرتە ڕووی لە گەشە کردووە، هاتنی گەشتیار لە ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە 2015 بە ڕێژەی 51.3% زیادی کردووە.

پێشبینی دەکرێ جەژنی قوربانی ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن. لەجەژنی قوربانی ساڵی ڕابردوودا 213 هەزار گەشتیار هاتبوون. نادر ڕوستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "هەلومەرجەکان گونجاو و لەبارن، بۆیە گەشبینین لە جەژنی قوربانی ئەمساڵدا ژمارەی هاتنی گەشتیار بۆ دوو هێندەی ساڵی ڕابردوو زیاد بکات".

سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی دەستەکەیان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران، نادر ڕوستی گوتی "هەموو ئامادەکاری و کارئاسانییەکمان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران کردووە، گرووپ و کۆمپانیای گەشتیاری بەردەوامن لە هەماهەنگی لەگەڵ یەکدی، هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانیش بەڵێنیان داوە بۆ داشکاندنی نرخەکان بۆ ئەو گەشتیارانەی لە ڕێگەی گرووپەوە دێن، بازگەکانیش ئاسانکاری بۆ هاتنی گەشتیاران دەکەن. بێجگە لە گرووپەکان ڕێگە بەخێزانەکانیش دەدەن بەئۆتۆمبیلی خۆیان بێن، بۆیە گەشبینین بەزیادبوونی هاتنی گەشتیار لە جەژنی قورباندا".

**ساڵی ڕابردوو 213 هەزار گەشتیار هاتبوون**

لەداتای ساڵی ڕابردوودا دەردەکەوێ 52.7%ی ئەو گەشتیارانەی ڕوویان لە کوردستان کردووە، گەشتیاری عەرەبی شارەکانی عێراق بوون، 23.4% گەشتیاری دەرەوەی عێراق و 23.9%ش گەشتیاری ناوخۆ بوون، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاری عەرەب زیاتر بووە.

نادر ڕوستی دەڵێت " 80%ی ئەو گەشتیارانەی لە هاوینی ئەمساڵ هاتوون، گەشتیاری عەرەبن، دوای ئەوانیش گەشتیاری دەرەوەی عێراق دێن، ئینجا گەشتیاری ناوخۆ، چونکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە جوولەی گەشتیاری ناوخۆ کەم بووە".

لە هەرێمی کوردستان 430 هۆتێل و 271 مۆتێل و 91 گوندی گەشتیاری هەن کە توانای پێشوازیکردنیان لە 61 هەزار گەشتیار هەیە. 768 ڕێستۆرانت و کافتریایی گەشتیاریش هەن کە زۆربەیان کەوتوونەتە سنووری پارێزگای هەولێر، زۆربەی گەشتیارانیش ڕوویان لەو پارێزگایە کردووە، بۆ نموونە لەو ملیۆن و 603 هەزار و 400 گەشتیارەی ساڵی ڕابردوو ڕوویان لە کوردستان کردبوو، 776 هەزار گەشتیاریان هاتوونەتە سنووری پارێزگای هەولێر، 729 هەزاریش چوونەتە سلێمانی و 88 هەزار چوونەتە دهۆک و 10 هەزاریش چوونەتە گەرمیان.

شوکر عەزیز، جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "هۆتێل و مۆتێل و ڕێستۆرانتەکان بەهۆی داشکاندنی نرخەکانیان بۆ گرووپە گەشتیارییەکان پشکی شێریان لەو بووژانەوەیە بەرکەوتووە کە لە کەرتی گەشتیاری ڕوویداوە".

بە گوتەی شوکر عەزیز، نرخی مانەوە لە هوتێل بۆ گرووپی گەشتیاری زۆر دابەزێنراوە، بۆ نموونە هوتێلی چوار ئەستێرە بە 20-25 هەزار دینارە. سێ ئەستێرە بە–15 18 هەزار دینارە و دوو ئەستێرەش بە 10–12 هەزار دینارە.

شوکر عەزیز، خاوەنی هۆتێلێکی سێ ئەستێرەیی 20 ژوورییە گلەیی لە حکومەت هەیە و دەڵێت "زیادکردنی خەرجیی باج و رسومات خێری هۆتێلەکانی نەهێشتووە. پێشتر بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە بەگوێرەی ژمارەی ئەستێرە 100 تاوەکو 500 هەزار دینار لەخاوەن هۆتێل وەردەگیرا، بەڵام ئێستا بۆ یەک ئەستێرە 750 هەزار و بۆ دوو ئەستێرە ملیۆنێک و 500 هەزار ، بۆ سێ ئەستێرە سێ ملیۆن دینار و بۆ چوار ئەستێرە 8 ملیۆن دینار، هەروەها بۆ پێنج ئەستێرەش 10 ملیۆن دینار وەردەگرن، ئەمە جگە لەو باجەی ساڵانە دەبێت بیدەی، بۆ نموونە ئەمساڵ 4 ملیۆن و 700 هەزار دینار باجم داوە، زیادکردنی نرخی کارەباش لەولاوە بوەستێ".

**90 کۆمپانیا گەشتیار دەهێننە کوردستان**

دەستەی گەشتوگوزار بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیارییەکانی ناوخۆ هەماهەنگییان لەگەڵ 90 کۆمپانیای گەشتیاری عێراقی هەیە کە بەڕێگەی گرووپ گەشتیار لە پارێزگاکانی عێراقەوە دەهێننە هەرێمی کوردستان.

هەڤاڵ سابت ئاغا، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بووکی دەریا بۆ گەشتوگوزار، کە 32 نووسینگەی گەشتیاری لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هەیە و گەشت بۆ گرووپەکان ڕێکدەخات، دەڵێت "لە جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵدا پێشوازیمان لە 159 پاسی گەشتیاری شارەکانی عێراق کردووە، بۆ جەژنی قوربانیش تاوەکو ئێستا هۆتێل و ڕێستۆرانتم بۆ 36 پاسی گەشتیاری گرتووە کە هەر پاسێکی 45 تاوەکو 50 گەشتیار دەگرێت".

هەڤاڵ سابت ئاغا ، ماوەی 14 ساڵە کۆمپانیای گەشتیاریی هەیە، هەماهەنگی لەگەڵ زیاتر لە 60 کۆمپانیای عێراقی هەیە کە گەشتیار لە شارەکانی عێراقەوە دەهێننە هەرێمی کوردستان.

گرووپە گەشتیارییەکان 80 تاوەکو 150 هەزار دینار بۆ چوار شەو مانەوە لە هوتێل و گەڕان لە شوێنە گەشتیارییەکان لە گەشتیار وەردەگرن.

هەڤاڵ سابت ئاغا دەڵێت "کە پلەکانی گەرما بەرزبوونەوە، گەشتیاری عەرەب بە هەر نرخێک بێت دێن، بەڵام ئەوە خۆمانین ناوچە گەشتیارییەکان و هۆتێلەکانمان بێ نرخ کردووە، بە 80 هەزار دینار بۆ چوار شەو مانەوە و نانی بەیانی و گەڕانیان لە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکان پێشوازی لە گەشتیارێکی عەرەب دەکەین، ئەمە لەکاتێکدایە هەر ئەو گەشتیارە ئەگەر بچێتە تورکیا یان ئێران 700 تاوەکو 800 هەزار دیناری لێوەردەگیرێ".

**هەر گەشتیارێک چەند خەرج دەکات؟**

نادر ڕوستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتیاری هەرێمی کوردستان، باسی خەرجیی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "بەپێی بەدواداچوونمان بۆ ئەو خەرجییەی گەشتیار لە هەرێمی کوردستان دەیکات، بە تێکڕایی هەر گەشتیارێک لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان 300 دۆلار خەرج دەکات". بەو پێیە بێ، ئەگەر جەژنی قوربانی ئەمساڵ 400 هەزار گەشتیار ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، 120 ملیۆن دۆلار لەو ڕێگەیەوە دێتە هەرێمی کوردستان.



90 کۆمپانیا گەشتیار لە شارەکانی عێراقەوە دێننە هەرێمی کوردستان (فۆتۆ: ڕووداو)

# بازاڕ بەرەجەژنێکی سارد بەڕێدەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

کوتاڵفرۆشێکی جلوبەرگی ئافرەتان دەڵێت قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی هەلی کار، توانای دارایی خەڵکی زۆر لاواز کردووە، ئێستا خەڵک هەر فریای دابینکردنی خۆراک دەکەوێت و وەکوو جاران گەرموگوڕ نییە بۆ کڕینی جلوبەرگ بۆ جەژن.

بەپێی ڕووپێوییەک کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو بە هاوکاریی ڕێکخراوی WHP و دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق و هەردوو وەزارەتی تەندروستیی عێراق و هەرێمی کوردستان کردوویەتی، 59.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست توانای دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان نییە و پەنایان بردووەتە بەر کەمکردنەوەی بڕ و ژەمەکانی خواردن، کڕینیشیان زیاتر لەسەر پێویستییە خۆراکییەکان چڕبووەتەوە، نەک شتی دیکە.

عەلی عومەر، خاوەنی دووکانێکی قوماشی جلوبەرگی ئافرەتانە لە بازاڕی قەیسەریی شاری هەولێر، دەڵێت: "قەیرانی دارایی و پاشەکەوتکردنی مووچە و بێکاری، توانای دارایی خەڵکی زۆر لاواز کردووە، ئێستا خەڵک وەکوو جاران گرنگی بە کڕینی جلوبەرگ نادەن لە بۆنەکاندا".

عەلی عومەر، نموونە بە فرۆشی دووکانەکەی خۆی دێنێتەوە و دەڵێت: "جاران 20 ڕۆژ دوای جەژنی ڕەمەزان بازاڕ جووڵەی تێدەکەوت و ئافرەتان بەدوای کڕینی جلوبەرگی تازەوە دەبوون بۆ جەژنی قوربان، ڕۆژانە بایی 3-4 ملیۆن دینار قوماشمان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ جەژن، بازاڕ زۆر لاوازە، فرۆشی ڕۆژانەمان لە 500 هەزار دینار تێناپەڕێ".

عەلی کاڵاکانی لە هیندوستان، چین و ئیماراتەوە دەهێنێ، بەگوێرەی کوالێتی و نەخش و کاردەستییەکانیش نرخی قوماشەکانی دەگۆڕێ، بەگشتی نرخی کراسێکی کوردی و پێویستیەکانی لە 50 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکوو 550 هەزار دینار.

عەلی دەڵێت: "فرۆشی ئەم جەژنەمان بەراورد بە جەژنی قوربانی ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 50% دابەزیوە، زیاتریش خواست لەسەر قوماشی هەرزانە، فرۆشی کاڵا گرانبەهاکانمان زۆر کەمبووەتەوە. پێشتر نەک هەر لە جەژن و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، تەنانەت بۆ ئاهەنگی مارەبڕین و گواستنەوەی بووک و جەژنی لەدایکبوونیش، ئافرەتان جلوبەرگی تازە و گرانبەهایان دەکڕی".

بە گوتەی عەلی عومەر، ئێستا بێ بازاڕییەکی وا ڕووی تێکردوون، هەندێک لە دووکاندارەکان پەنایان بردووەتە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەوێ کاڵاکانیان نمایش دەکەن و خۆیان کاڵاکە دەگەیەننە دەستی کڕیار.

هەرچەندە جلوبەرگ هاوشێوەی خۆراک، پێویستییە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری کڕینی بێ، بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر توانای کڕین داناوە.

ئەرسەلان ئەمین، خاوەنی بەرگدرووی ئەرسەلان، بۆ دروینی جلوبەرگی ئافرەتان لە بازاڕگای تاجەددینی شاری هەولێر دەڵێت "ساڵی 2005 تاوەکو ناوەڕاستی 2014 بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە بۆنە و جەژنەکاندا زۆر گەرم بوو، بۆ نموونە ئەوکات 45 ڕۆژ بەر لە جەژنی قوربان بەهۆی زۆریی موشتەرییەوە نەماندەتوانی قوماش وەربگرین، زۆربەی بەرگدرووەکان تاوەکوو نیوە شەو دەمانەوە، بەڵام ئێستا کەمتر لە 15 ڕۆژی بۆ جەژن ماوە، کاتم هەیە 40 تاوەکو 50 پارچەی دیکە وەربگرم و بۆ جەژن بیاندرووم".

ئەرسەلان ئەمین گوتیشی: "ئەگەر سەیری دووکانی بەرگدرووەکان و بازاڕ بەگشتی بکەین، سیمای نزیکبوونەوەی جەژنی پێوە دیار نییە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە توانای دارایی خەڵک بەگشتی لاواز بووە".

بازاڕی تاجەددین چەند پێشەنگایەکی فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەکراوی ئافرەتانی تێدایە کە بەشێکیان لەلایەن ئەرسەلانەوە ئامادەکراون. ئەرسەلان دەڵێت "پێشتر ئەگەر ڕۆژانە پێشەنگایەگ 25 پارچەی ئامادەکراوی دەفرۆشت، ئێستا لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنیش فرۆشی ڕۆژانەیان لە 5 تاوەکو 7 پارچە تێپەڕ ناکات، بۆیە بازاڕی ئەوانیش زۆر لاواز بووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە پشتی بە داتای هەناردەی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان بەستووە، لە ماوەی ساڵانی 2004 تاوەکو 2015 بە بەهای 5 ملیار و 232 ملیۆن دۆلار کاڵای ڕستن و چنین و قوماش هاوردە کراوە. قەبارەی ئەم هاوردەیەش تاوەکو ساڵی 2013 بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە و لەو ساڵەدا گەیشتووەتە 734.762 ملیۆن دۆلار، بەڵام لە 2015 بەهۆی قەیرانی داراییەوە، هێنانی ئەم کاڵایانە بە ڕێژەی 12.5% کەمی کردووە.

حەسەن حوسێن، بازرگانێکی شاری هەولێرە و قوماشی ئافرەتان لە هیندوستانەوە هاوردە دەکات، دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر قوماشی ئافرەتان بەتایبەت قوماشی هیندی هەیە، بۆیە ساڵانە بە بەهای 500 هەزار دۆلار قوماش لە هیندوستان هاوردە دەکەین و بەکوتاڵفرۆشەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی دەفرۆشینەوە".

بە گوتەی حەسەن حوسێن، ئێستا شاری هەولێر بووەتە سەنتەری ساخکردنەوەی قوماشی هیندی "بەشێک لە بازرگانانی ئێران و تورکیا بۆ کڕینی قوماشی ئافرەتان لەجیاتی دوبەی ڕوو لە هەولێر دەکەن، ئێستا هەولێر بووەتە سەنتەرێک بۆ بازرگانیی قوماشی ئافرەتان".

هاوشێوەی بەرگدرووی ئافرەتان، لەم جەژنەدا بازاڕی بەرگدرووی پیاوان و منداڵانیش لاوازە.

شاخەوان فەقێ ئەحمەد، بەرگدروو لە بازاڕی قەیسەریی هەولێر، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە بازاڕ سیمای جەژنی پێوە دیار نییە، زۆربەی بەرگدرووەکانیش بێکارن، جلوبەرگێکی ئەوتۆیان لەبەر دەست نییە بۆ دروین، دەتوانم بڵێم بازاڕمان 50% کەمی کردووە".

شاخەوان هەروەها گوتی: "بەراورد بە پێش قەیران بازاڕمان زۆر دابەزیوە، پێشتر مانگێک بەر لە جەژنی قوربان دەفتەرمان دادەخست و نەماندەتوانی جلوبەرگ بۆ دروین لە خەڵک وەربگرین، بەڵام ئێستا زۆربەمان بێ ئیشین، ئەمە لەکاتێکدایە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ جەژن".

**فرۆشی ڕۆژانەمان لە چوار ملیۆن دینارەوە دابەزیوە بۆ 500 هەزار دینار**
**کوتاڵفرۆشێک:**



لە ماوەی ساڵانی 2004 تاوەکو 2015 بە بەهای 5 ملیار و 232 ملیۆن دۆلار کاڵای ڕستن و چنین و قوماش هاوردە کراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

لە شەش کێڵگەی هەرێمی کوردستاندا کار دەکات

# بۆچی (TEC) لە ڕێککەوتنەکانی وزەی نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا ناوی نییە؟

**ڕووداو- هەولێر**

لە مـاوەی 12 سـاڵی ڕابـردوودا کۆمپانیاکانی وزەی تورکیا لە هەرێمی کوردستـان چاڵاک بوونە، لـە کاتێکـدا کەرتـی بەرهەمهێنانی نـەوت و غازی سروشـتیی کوردسـتان بـە خێراییەکی بـێ وێنە رووی لە گەشـەکردن بـووە. بە گوێـرەی راپۆرتی گرووپێکـی ئەمریکیـی تایبەت بـە لێکۆڵینەوە لە کەرتـی وزە، هاوکاریـی نێـوان حکومەتـی تورکیا و هەرێمی کوردسـتان گەورەتریـن فاکتەر بووە بۆ هاتنی کۆمپانیا بیانییەکانی دیکەی وزە بۆ هەرێمی کوردستان.

## سەرەتایەکی کز

هەناردەکردنـی نەوتـی هەرێمی کوردسـتان بۆ بەندەرەکانی تورکیا یەکەمجار لە حوزەیرانی 2009 دەسـتپێکرد، نەوتەکەش لە کێڵگەکانی تەقتەق و تاوکێوە دابین دەکرا کە کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی کاری تێدا دەکردن.

بەگوێـرەی راپۆرتێکـی گرووپـی لێکۆڵینەوەی حوکمڕانیـی سـێبەر (Shadow Governance Intel)، لە نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2012 کۆمەڵێک دانوسـتاندن و ڕێککەوتنی وزە لـە نێوان هەولێر و ئەنقەرە واژۆ کران، ئەنقەرەش پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی مالیکی دابەزاند، هۆکاری ئەمە بۆ ململانێی نێوان شیعە و سوننە لە عێراق دەگەڕایەوە.

سـاڵی 2009 بۆ 2012 حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێمی کوردستان دا نەوت بۆ بەندەری جەیهان هەنارده بکات و پشـکی خۆی لە داهاتی ئەو نەوتە هەڵبگرێتـەوە، بەڵام لە مانگی نیسـانی 2012 وە ئەو هەناردەیە وەسـتێنرا، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان گازندەی ئەوەی دەکرد کە هیچ پارەیەکی بەدەسـت ناگات. دەگوترێت کۆمپانیاکان تەنیا مافـی هەڵگرتنـەوەی خەرجییەکانی خۆیان هەبووە، بێ ئەوەی چاویان لە وەرگرتنی قازانج بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆبەدوورگرتن لــەو زیانەی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا پێی دەگەیاند، دەستی بە دروستکردنی بۆڕییەکی نوێی نەوت کرد کە دەبوو بە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ بۆڕییە نەوتییەکەی نێـوان کەرکـووک و بەنـدەری جەیهـان. بـۆ ئەو ئامانجەش سـوودی لە هاوکاریی حکومەتی تورکیا وەرگـرت. هەتا کاتی تەواوبوونی ئەو بۆڕییە نوێیە، حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بە بارهەڵگر نەوتی ڕەوانـەی تورکیـا دەکـرد، بەگوێـرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (بلومبێرگ)، گەنەڵ ئێنێرجی رۆژانە 500 بارهەڵگر نەوتی بار دەکرد.

راپۆرتەکەی گرووپـی لێکۆڵینەوەی حوکمڕانیی سێبەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تورکیا بووە هێزی ئاسانکار بۆ ئەوەی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لەژێـر چاودێری و کارگێڕیی دەسـەڵاتدارانی بەغدا دەربچێت.

## گەرمبوونی پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان

لـە سـەرەتاکانی 2012 کۆمپانیـای چاڵیـک ئێنێرجـی کە هی زاوای سـەرۆککۆماری ئێسـتای تورکیا بوو، داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی نەوتی تورکیا کرد مۆڵەتی دروستکردنی بۆڕییەکی نەوت لە نێوان هەرێمـی کوردسـتان و تورکیای پێبـدەن. بۆڕییە نەوتییەکەی نێوان خورمەڵە بۆ فیشـخابوور لەسەر سنووری تورکیا لە کۆتایی 2013 تەواو بوو.

مافی گواسـتنەوەی نەوت بە بارهەڵگر دەدرێت بـە گرووپـی پاوەرترانـس (PowerTrans)، کـە بـە گوێرەی راپۆرتەکە چـوار مانگ پێش بڕیارەکە دامەزرابـوو، دواتریش ئەو مافە هەتا کۆتایی 2020 درێژ کرایەوە.

وەک راپۆرتەکە دەڵێت، لە ئایاری 2013، تورکیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسـۆن مۆبیلی ئەمریکی واژۆ کرد تاوەکوو لە شـەش بلۆکی نەوتی هاوکاریی کۆمپانیـا ئەمریکییەکە بکات. بە گوتەی ئەردۆغانیش ئەو ڕێککەوتنە ڕێگە بە کۆمپانیایەکی تورکی دەدات هاوبەشی ئێکسۆن مۆبیل و حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بێت. لـە تشـرینی دووەمی 2013دا نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەردۆغان ڕێککەوتنێکی وزەی هەمەلایەنەیان واژۆکرد کە وردەکارییەکانی ئاشـکرا نییە. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەش، کۆمپانیای وزەی تورکیا (TEC) گرێبەسـتێکی بـۆ کارکردن لە 12 کێڵگەی نەوتی واژۆ کرد کە شەشیان بە هاوبەشی لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل بوو.

لە ڕێککەوتنەکەدا هەردوولا لەسەر دروستکردنی بۆڕیی نوێی نەوت و غازی سروشـتی ڕێککەوتوون، دواتریش سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕایگەیانـد کـە تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتان ڕێککەوتنێکی 50 ساڵەیان بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان واژۆ کردووە.



کۆمپانیای وزەی تورکی هەتا تەمووزی 2016 نزیکەی 271.8 ملیۆن دۆلاری لە شەش کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستان خەرجکردووە

## کۆمپانیاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

گەنـەڵ ئێنێرجی لە لایـەن محەممەدئەمین کارا محەممەد، بەرپرسی چوکورۆڤا هۆڵدینگ کە خاوەنی کۆمپانیای تورک سێڵیشە، دامەزرا. ئێستا گەنەڵ لە شـەش کێڵگەی نەوت و غازی هەرێمی کوردسـتان کاردەکات کە بریتین لە کێڵگە نەوتییەکانی تەقتەق و تاوکێ، کێڵگە غازییەکانی میران و بنەباوێ وەکوو بەرهەمهێنەر و کێڵگەکانی چیای سورخ و پێشخاپوور کە کاری گەڕان و دۆزینەوەی تێدا دەکەن. گەنەڵ لە 2002ەوە لە کێڵگەی تەقتەق کاردەکات.

بەهای پشـکەکانی لـە نێـوان 2002 بۆ 2013 بەخێرایی بەرزبووەوە، بەڵام دواتر پشـکەکانی ئەو کۆمپانیایـە بەڕێـژەی 40% دابـەزی، دوای ئەوەی ڕایانگەیاند مەزەندەکانیـان بۆ گەورەترین کێڵگەی بەردەسـتیان بە بڕی یەک ملیـار دۆلاری ئەمریکی دابەزیـوە. بـە گوێـرەی ڕاپۆرتەکـەی حوکمڕانیی سـێبەر، لە نیسـانی 2017 بەهای پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە 276 ملیۆن دۆلار بوو، لە کاتێکدا نرخی پشـکەکانی هەمان کۆمپانیا لە 2013 نزیکەی 4.8 ملیـار دۆلار بووە. دابەزینـی نرخەکانی نەوت تاکە هۆکاری دابەزینی بەهای پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە نەبوو، بەڵکـو دابەزینی مەزنـدەی یەدەگی نەوتی تەقتەق هۆکارێکی دیکەی دابەزینی نرخی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە بوو.

بەپێـی ڕاپۆرتەکـە، لە ڕەوشـێکی ئاوهادا تاکە ڕێگەی دەربازبوونی گەنەل ئینێرجی بەرهەمهێنانی غازی سروشـتی لە هەرێمی کوردستان و فرۆشتنی بە تورکیا بوو. بۆیە کۆمپانیاکە بۆ فرۆشتنی غازی کوردستان بە تورکیا دەستی بە دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیای وزەی تورکیا کرد.

## کۆمپانیای نەوتی تورکیا

بەپێی ئەونەخشەیەی کۆمپانیای زاگرۆسی ڕۆژئاوا لەبارەی کێڵگە نەوتییەکان و کۆمپانیا سەرکارەکان بـڵاوی کردووەتـەوە، کۆمپانیـای وزەی تورکیا لە سـێ بلۆکی نەوتی هەرێمی کوردسـتان کاردەکات کـە بریتین لـە خەبەل کەند، پوڵخانـە و عەربەت. هەتا ماوەیـەک ناوی ئەو کۆمپانیایە دیار نەبوو کە هەولێـر و ئەنقەرە ڕێککەوتنەکەیان لەبـارەوە واژۆ کردبوو. گرووپی حوکمڕانیی سێبەر پێیوایە یەکێک لە هۆکارەکانی بە نهێنی هێشتنەوەی ناو و شوناسی کۆمپانیاکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کۆمپانیای وزەی تورکیا دەیویسـت خۆی لە سـکاڵاکانی حکومەتی بەغدا بپارێزێ و لە لێپرسـینەوە و چاودێریی دەزگا میرییەکانی تورکیاش بەدوور بێت.

ڕاپۆرتەکـە ئـەوەش دەخاتەڕوو کـە هەرچەندە لـە هیچکام لە نەخشـەکانی کێڵگەکانی ئێکسـۆن مۆبیل لە کوردسـتان ناوی کۆمپانیای وزەی تورکیا نەهاتـووە، بـەڵام ئـەو کۆمپانیایە بە کـردەوە لە شەش کێڵگەی ئێکسۆندا پشکی هەیە. ڕێککەوتنی دابەشکردنی قازانجی بەرهەمهێنان لە نێوان ئێکسۆن مۆبیـل و تورکیا لە 18ی تشـرینی یەکەمی 2011 واژۆ کـرا. بەپێی ئەو ڕێککەوتنـە کۆمپانیای وزەی تورکیـا 16% و ئێکسـۆن مۆبیل 64% و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان 20% لە کێڵگەکاندا پشـکیان هەیە. کۆمپانیای وزەی تورکیا هەتا تەمووزی 2016 نزیکـەی 271.8 ملیۆن دۆلار پارەی بۆ ئەو شـەش کێڵگەیە داوە.

بـە گوێـرەی ڕاپۆرتەکـەی حوکمڕانیی سـێبەر "پێدەچێـت کۆمپانیـای وزەی تورکیا بە فەرمی لە شەش کێڵگەی هەرێمی کوردستاندا کاربکات: واتە جەبـەل کەند، پوڵخانە، عەربەت، قووش، باشـیک (کـە کارکـردن تێیدا بەهـۆی ڕەوشـی ئەمنییەوە وەستاوە) و پیرمام".

## ئاکامە سیاسییەکانی ڕێککەوتنی وزەی نێوان کوردستان و تورکیا

راپۆرتـی گرووپەکە ئاماژە بۆ ئـەوە دەکات کە هیچکام لە ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و تورکیا لە لایەن پەرلەمانی ئەنقەرە و بەغداوە پەسەند نەکراون، بەم حاڵەشەوە "بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا بەردەوامە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەرات ئالبایراک کە ئێستا وەزیری وزەی تورکیایە، ڕۆڵێکی سـەرەکی بینیوە لـەوەی هەولێـر و ئەنقەرە بتوانـن ڕێککەوتنی وزە واژۆ بکەن. پۆسـتە وەزارییەکەشی "هێندەی دیکە وجـودی ئەو لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردسـتاندا بەرز دەکاتـەوە، پەیوەندییـە خێزانییە نزیکەکەی لەگەڵ ئەردۆغانیـش کردوویەتی بە جێگرەوەیەکی مومکیـن بۆ ئەردۆغان، بۆیە ئەکتەرێکی بەردەوامی ناو پەیوەندییەکانی وزەی تورکیا دەبێت".

# بازاڕی نەوت چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەرهەمهێنەرانە



یادگار سدیق

دوای ئـەوەی نرخـی نەوت لەسـەرەتای ئـەم مانگـە بەرزتریـن ئاسـتی دوو مانگی ڕابردووی تۆمار کرد و گەیشـتە 50 دۆلار و 39 سەنت، دووبارە بۆ ژێر 50 دۆلار دابەزی، هۆکارەکەشی هەر زوو ئاشکرا بوو کە بەهۆی زیادبوونـی بڕی بەرهەمهێنان و خسـتنەڕوو بوو.

بەگوێـرەی داتـاکان، بەرهەمهێنانـی نەوتـی جیهـان لە مانگی ڕابـردوودا بە بڕی 500 هـەزار بەرمیـل و بەرهەمهێنانی نەوتی ڕێکخراوی ئۆپیک بە بڕی 172 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکـدا، بەرز بووەتـەوە، ئەمەش ئەوە دەسـەلمێنێ کـە متمانـەی وەبەرهێنـەران و بازرگانـان لـە بازاڕی نەوتدا بـە تەنیا بە لێـدوان و بەڵێنەکانی وڵاتانـی بەرهەمهێنی نـەوت دروسـت نابێـت، بەڵکو کڕیـارەکان چاویـان لەسـەر ئەو ژمارەیە کـە ئاماژە بە بـڕی بەرهەمهێنانـی نەوتـی ئـەو وڵاتانـە دەکات، ئێسـتا بـازاڕی نەوت پێویسـتی بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەیە کەوا بەشـێک لـە گـەورە بەرهەمهێنـەرەکان بـە بـازاڕی نەوتیـان داوە، بەتایبـەت سـعودیە کـە لە کۆبوونەوەکـەی مانگی ڕابردووی ڕووسـیادا بەڵێنـی دا تێکـڕای هەناردەکردنی نەوت بۆ 6.6 ملیۆن بەرمیل دابەزێنێ.

ئەگـەر خوێندنەوەیەک بـۆ کەرتی وزەی ئەمەریـکا بکەیـن، دەبینیـن لەگـەڵ هاتنی ترەمـپ بـەردەوام هەوڵیـداوە کار بکات لە پێنـاوی بەرزکردنەوەی بـڕی بەرهەمهێنانی وزە و کارکـردن لە پێنـاو دابەزاندنی نرخی وزە، بەو هۆیەشـەوە کەرتی وزەی ئەمەریکا چالاکتر بووە. لە ناوەڕاستی 2015 دا کاتێک بەرمیلێـک نەوت بە 58 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرا، ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمەریکا 734 سـەکۆ بوون، بەڵام ئێسـتا هەرچەندە نرخـی نـەوت بـە 47 دۆلار و 80 سـەنت مامەڵـەی پێـوە دەکـرێ، کەچـی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەو وڵاتە بۆ 759 سەکۆ زیادیـان کـردووە. هەروەهـا بەرهەمهێنانـی نەوتیش بـۆ نۆ ملیۆن و 530 هەزار بەرمیل بەرزبووەتـەوە، ئەمەش مانـای بەهێزبوونی کەرتی وزەی ئەمریکایە کە پێشبینی دەکرێت بەهۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا لە ئەمەریکا بـڕی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ سـاڵی داهاتوو بگاتـە 9.9 بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا. هەروەها ترەمپ لەپێناو ڕەخساندنی کار هەوڵ دەدات پـەرە بە سـەرچاوە هەرزانەکانی وزە بدات، هـەر بۆیە دەیەوێـت کەرتـی بەرهەمهێنانی خەڵووز زیندوو بکاتەوە.

زۆرتریـن پرسـیار کـە لە بـازاڕی نەوتدا دەکرێت ئەوەیە: بۆچی وڵاتانی بەرهەمهێنی نـەوت نەیانتوانیـوە بـە تـەواوی پابەند بن بـە ڕێککەوتننامـەی دابەزاندنـی ئاسـتی بەرهەمهێنـان؟ بەگوێـرەی بلومبێـرگ، لـە مانگـی تەمـووزی ئەمسـاڵدا ئاسـتی پابەندبوونـی وڵاتانی ڕێکخـراوی ئۆپیک بە ڕێککەوتنەکـە 86% بووە، بڕی کەمکردنەوە 1.4 ملیـۆن بەرمیـل بـووە لـە ڕۆژێکـدا. پابەندبوونی وڵاتانـی دەرەوەی ڕێکخراوەکە 73% بووە، بڕی کەمکردنەوەی ئەوان بریتی بـووە لـە 410 هەزار بەرمیـل، پابەندبوونی ئۆپیـک زیاتـر لەلایـەن سـعودیە و وڵاتانی دیکـەی وەکـو ڤەنزوێلا و کوێـت و ئەنگۆلا بـووە، چونکـە بە تەنیا سـعودیە لە مانگی تەمووزدا بڕی 477 هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا کەمکردووەتەوە. ئایا ڕەوشی دارایی سعودیە و کوێـت و وڵاتانی پابەند بـە ڕێککەوتنەکە خراپتـرە لە وڵاتەکانی دیکـەی بەرهەمهێنی نـەوت؟ بێگومان نەخێر، بەڵام وڵاتانی دیکە بەهـۆی خراپیی باری سیاسـی و ئابووری و پشتبەسـتنیان بە تەنیا بەم سەرچاوەیە بۆ داهاتی وڵات، ناتوانن پابەند بن، لەسـەرووی هەمـوو ئەمانـە کەڵەکەبوونـی ئـەو قەرزە زۆرەیـە کە ئـەو وڵاتانە دووچـاری هاتوون، ئـەوان لە ترسـی زیادبوونی ڕێژەی سـووی سـەر قەرزەکانیـان ناتوانـن بـە ڕێژەیەکی بەرچـاو بڕی بەرهەمهێنانیـان کەمبکەنەوە.

لـە 17ی مانگـی ڕابـردوودا وەزیـری وزەی ئیکـوادۆر ڕایگەیانـد، بەهـۆی خراپیـی بارودۆخـی ئابووریـی وڵاتەکـەی ناتوانـێ بـەردەوام بێت لەسـەر کەمکردنـەوەی بڕی بەرهەمهێنـان کـە تەنیا 26 هـەزار بەرمیلە لـە ڕۆژێکـدا. ئیکوادۆر لە مانگـی تەمووزدا ئاسـتی بەرهەمهێنانی بەبڕی 8500 بەرمیل لـە ڕۆژێکـدا بـەرز کردووەتـەوە. چەندیـن وڵاتـی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت لە ترسـی کەڵەکەبوونـی ئـەو قەرزە زۆرەی سـەریان هەوڵدەدەن بڕی بەرهەمهێنانیان زیاتر بکەن، بـۆ نموونە عێـراق و چەنـد وڵاتێکی دیکە. ئـەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەو قەرزە زۆرەن، ناتوانـن پابەندی مەرج و داواکارییەکانی ئەو دامەزراوانە نەبن کە بۆیان دادەنێن، هەروەها ئێران کە دەیەوێـت بڕی بەرهەمهێنانی بەرز بکاتەوە. بەگوێـرەی وەزیریی نەوتی ئێران، حکومەتی تاران دەیەوێت وەبەرهێنانی بیانی لـە وڵاتەکەی لە کەرتـی نەوتدا زیاتر بکات.

ئەگەر سـعودیە لەماوەی ئـەم مانگەدا بڕی بەرهەمهێنانـی وەک خـۆی ئامـاژەی بـۆی کـردووە کـەم بکاتـەوە، ئـەوە کاریگەریی باشـی دەبێت لەسـەر بازاڕی نـەوت، نرخی نـەوت ڕوو لە بەرزبوونـەوەی زیاتر دەکات، هەروەهـا پابەندبوونـی وڵاتانـی دیکـە زۆر گرنگـە بۆ گەڕانەوەی هاوسـەنگی بۆ بازاڕی نـەوت، چونکـە پابەندنەبوونیـان ڕەنگـە هەڵوێسـتی گـەورە بەرهەمهێنەرانـی وەکو سـعودیە بگۆڕێ. چاوەڕوان دەکرێ لە چەند هەفتەی داهاتوودا بازاڕی نەوت جموجۆڵێکی باش بەخۆیەوە ببینێ، لەلایەکی دیکەشـەوە بڕیـارە لـە 22ی مانگـی ئەیلولـدا لێژنـەی چاودێریکردنی بازاڕ کۆببێتەوە و بانگهێشتی لیبیا و نەیجیریاش بکات.

بەگوێـرەی پێـوەرە تەکنیکییـەکان، پێشـبینی بەرزبوونـەوەی نرخـی نـەوت دەکرێ، بەڵام نرخی نەوت هێڵی بەرگری زۆر بەهێزی لە پێشـە کە خـۆی دەبینێتەوە لە ئاستەکانی 49 دۆلار و ئاستەکانی 50 دۆلار، بۆیـە تاوەکو لە ژێـر ئەم ئاسـتە مامەڵەی پێوەبکرێت، ئەگەرەکانی شـکانی بۆ 43 یان 44 دۆلار ئەگەری دوور نین.





## شاجوان بەرنامەی تازەی هەیە

**میوا سەلاح. ڕووداو- هەولێر**

ئەحلام حەجیی، شـاجوانی پێشـووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ڕەگەز مەغریب و نیشتەجێی فەرەنسا، لە ماوەی ڕابردوودا سەرقاڵی پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی هەفتانە بوو بە ناوی (فاشن دریم)، بەڵام ئێستا بەرنامەکە وەستاوە بەنیازی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی نوێیە. ئەحلام حەجی لەبارەی بەرنامە نوێیەکەی بەڕووداوی ڕاگەیاند "ئێستا بە نیازی بەرنامەیەکی نوێم کە لە ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی پێشکەش دەکرێت کە باس لە فاشیون دیزاینەر دەکات". ئەحلام پێشتر چەند جارێک سەردانی هەولێری کردووە و دەڵێت "لە بەرنامەمدایە لە داهاتوویەکی نزیکدا جارێکی دیکە سەردانی هەولێر بکەمەوە".



# ژنبوون ئەکتەرانی ئیسلام و مەسیحی و جوو کۆدەکاتەوە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- ئیستەنبوڵ**

سـێ ژن پێکەوە لەسـەر شانۆ سـەما دەکەن، وڵاتیـان جیـاوازە، کولتووریان جیـاوازە، لە زمانی یەکدیـش تێناگەن، تاکە شـت کـە کۆیاندەکاتەوە خەمـی ژنبوونـە. ئـەوان خۆیـان بـۆ نمایشـی شـانۆگەرییەک ئامـادە دەکەن کـە دەرهێنەرەکەی کوردە و تێچووەکەشی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلارە.

شانۆگەریی "لە ژێر باران چاوەڕێ دەکەین"، ئەو سێ ئەکتەرەی لەسەر یەک تەختی شانۆ کۆکردەوە، ئەوان ئاین و زمانیان جیاوازە، بەڵام تەنیا یەک خەم و ئازاریان هەیە، ئەویش ژنبوونە.

ژنبـوون لە هەر نەتەوە و ئایین و کولتوورێکەوە بێـت، بەشـی خـۆی لـە نەهامەتـی و ژان و ئازار بەردەکەوێـت، ئـەوان بـۆ ئـەوە لـە ئیسـتەنبوڵ کۆبوونەتـەوە، تاوەکو لە ڕێگـەی زمانی هونەرەوە کۆژانەکانی خۆیان بۆ هەموو جیهان نمایش بکەن.

کەڤاڵ سدقی، شانۆکارێکی کوردە. لە شانۆگەریی "لەژێـر باران چـاوەڕێ دەکەین" کە لـە دەرهێنانی ئیحسـان عوسمانە، ڕۆڵی ژنێکی کۆچبەر دەبینێت، ئەم ژنە کۆچبەرە ئیسلامە و لە زمانی ئەو ژنەوە دەردو مەینەتییەکانی ژنانی ئیسلام دەبیستی کە پڕیەتی لە چیرۆکی ناخهەژێن.

کەڤـاڵ لەسـەر لێـواری یەکێـک لـە کەنارەکانی ئیسـتەنبوڵ باس لە پەیامی شـانۆگەرییەکە دەکات و دەڵێت: "لەنێو شـانۆگەرییەکە حـەوت چیرۆک هەیە، حـەوت کـەس ڕۆڵی تێدا دەبینـن، هەموویان باس لە کۆچبەری دەکەن، لە شانۆگەرییەکەدا هەر حەوت کەس لـە ئاوی ئیجـەدا خنکاون. من ڕۆڵـی ژنە کۆچبەرێک دەبینـم کـە لـە کەمپێـکدا دەژیـت، هاوژینەکەی و کوڕەکەی دەکوژرێن، ئیـدی نەهامەتییەکانی ئەم ژنە لێرەوە دەستپێدەکەن".

کەڤـاڵ پێیوایـە ژن لە هەر نەتەوە و ئاینێک بێت دوور نییە لە کێشمەکێشـی ژیان، بۆیە دەڵێت: "ئێمە لەم شانۆگەرییەدا سێ ژن ڕۆڵ دەبینین، من ئیسلام و کریسـتینا مەسیحییە و خێلی جووە، بەڵام هەموومان گیرۆدەی دەستی ژنبوونین، نایەکسانی و نادادپەروەری نغرۆی کردین لە تاوان و کێشـە. کەواتە ژنبوون، واتە ئازار، ژن هەمیشـە باوەشـی بۆ ژانەکان کراوەیە. لەم شانۆگەرییەدا هەرسـێکمان دەمانەوێت ژیان لە چاوی ژنەوە بناسێنین".

کریستینا، کچە مەسـیحییەکی ئەڵمانییە، ئەو لە دایـک و باوکێکی یۆنانی لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، هیچ بیرۆکەیەکی لەسەر ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو، لەگەڵ ئەوەشـدا ئاگاداری چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئاینزاکانی دیکە نەبووە، بەڵام لەم شانۆگەرییەدا پەی بەوە بردووە کە ژنبوون چەندە سەختە لەم زەمینەدا، لەگەڵ ئەوەشـدا دڵخۆشـە کە بەشـێک لە ژنانی ئەو وڵاتانە کۆڵیان نەداوە و بەردەوامن لە خەبات. کریستینا دەڵێت: "من تاوەکو ئێستا و لە دوورەوە بڕوام وابوو، ئافرەتانـی ئـەم ناوچەیە کـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتە لەژێـر کۆتوبەندی زۆری کۆمەڵایەتیدان و لەوانەیە زۆر ئەسـتەم بێت و نەتوانن شانبەشـانی پیاوان لە کارە هونەرییەکاندا کار بکەن، بەڵام ئێسـتا ئەم بۆچوونەم گـۆڕاوە، هەرچەندە نابـێ ناهەقی من بگـرن لەوەدا، چونکە من سـەر بە کولتوورێکـی کراوەترم لەوەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە".

دەربـارەی بەشـداریکردن لەگەڵ ئەکتەرانی سـەر بە ئاینی جیاواز و کولتووری دیکە، کریسـتینا دەڵێت "کۆبوونەوەی ئێمە لە کارێکی هونەریدا کە سێ ژن کاری تێـدا دەکەن و هەریەکەیـان نوێنەرایەتی کولتوورێکی جیاواز دەکەن، بۆ من ئەزموونێکی نایابە. خۆشـحاڵ دەبـم کاتێک بیـر لـەوە دەکەمەوە ئێمـە هەموومان ڕۆژانە بە پشـتکردن لە باکگراونـدی کولتووریمان لە چوارچێوەی کارێکی هونەریدا کۆدەبینەوە".

کریستینا پێیوایە ئەوان کارێکی زەحمەتیان کردووە "کارێکـی هەندێک زەحمەتە بیر لەوە بکەیتەوە سـێ کەس، سێ ژن، لە سێ ئاینی جیاواز و سێ کولتووری جیـاوازەوە کار لە شـانۆگەرییەکدا دەکەن کە دەکرێ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی بیبینن، ئەمە مانای زۆر و ئاماژەی قووڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە".

خێلـی، شـانۆکارێکی ئیسـرائیلییە، هەرگیـز بەخەیاڵیـدا نەهاتـووە ڕۆژێک لەسـەر یەک سـتەیج لەگـەڵ ئەکتەرانـی موسـوڵمان و مەسـیحی باس لە کێشـەکانی ژیانـی کۆچبـەران و بیـروڕای جیـاوازی ئاینی بکات، بەڵام دڵخۆشـە وەک جوویەک ببێتە پردێک بۆ گواسـتنەوەی نەهامەتییەکانی ژنان و کۆچبەرانی هەمـوو جیهان، خێلی دەڵێت "مـن زۆر بایەخ بەو جـۆرە کارانە دەدەم، ئەمە مانا و تێگەیشـتنی نوێ بە ژیانمان دەبەخشێت، ئەمە ژیان ئاسان دەکاتەوە، لایەنە سـانایییەکەی ژیان پێشاندەدات، کە دوورە لە گـرژی و دەمارگیری، کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە مـن هەڵگری ئاینێکی جیاوازم لـە زۆر لەو وڵاتانەی بـۆی دەچین و بە زمانێکی جیـاواز لە زمانی باوی ئەوان دیالۆگ لەسـەر شـانۆ دەکەم، دڵخۆش دەبم، هەست دەکەم نوێنەرایەتی هەموو وڵاتەکەم دەکەم".

خێلیێ زۆر سەرسامە بە تێکستی شانۆگەرییەکە و دەڵێت: "تێکستێکی سەرنجڕاکێشە بۆ تێکەڵکردنی هەمـوو کولتـوور و جیاوازییـە ئاینییـەکان، دەبێ لـە ڕێگەی ئـەم جۆرە کارانەوە خەڵک لە سـادەیی پەیوەندییەکان و مامەڵەی نێوان خۆیان تێبگەن".

شـانۆگەریی لەژێر باران چاوەڕێ دەکەین کە لە تێکسـت و دەرهێنانی دەرهێنەری کورد، ئیحسـان عوسـمانە، بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە ئیستەنبوڵ لەگەڵ تەواوی ستافی شانۆگەرییەکە کۆبوونەوە و دەستیان بە پرۆڤە کرد. (تۆڕی میدیایی ڕووداو) سپۆنسەری میدیایی ئەم شـانۆگەرییە بوو کە بەسەرپەرشـتی شـانۆی نیشـتمانی ئەڵمانیـا بەڕێوەچـوو، بڕیارە ڕۆژی 2017/9/13 لە ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار نمایش بکرێت، دواتریش لە چەند وڵاتێک نمایش دەکرێتەوە.



ژنبوون، واتە ئازار، ژن هەمیشە باوەشی بۆ ژانەکان کراوەیە

"کارێکی زەحمەتە سێ کەس، سێ ژن، لە سێ ئاینی جیاواز و سێ کولتووری جیاوازەوە کار لە شانۆگەرییەکدا دەکەن"

## باوکی مەلایە و خۆیشی ئارایشتگای خانمانی هەیە

**خەرمان ئەنوەر، دیزاینەری جلوبەرگی باڵاپۆش بۆ (ڕووداو):**

# ئایینم بەو جۆرە هەڵبژاردووە کە لێی تێگەیشتووم



کچی مەلایەکی ناسراوی شـاری هەولێـرە، باوکـی پێشـتر پەرلەمانتار و ئەندامی سـەرکردایەتیی یەکگرتوو بووە، بەڵام ئـەوە نەبووەتە ڕێگر لەبـەردەم کارەکەی کـە ئارایشـگا و دیزان و فاشن شـۆیە. خەرمان ئەنوەر غەریب، دیزاینەری جلوبەرگـی باڵاپۆشـان، هەفتەی ڕابردوو فاشـن شـۆیەکی تایبەت بـە جلوبەرگی باڵاپۆشـانی لە هەولێر سـاز کرد، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: چۆن و کەی دەستت بەکاری ئارایشگا و دیزاینـی جلوبەرگی حیجاب کرد؟**

**خەرمان ئەنوەر:** بە حوکمی ئەوەی کە خۆم کچێکی باڵاپۆش بووم، بەردەوام حەزم لە دیزاینی جـوان بوو، هەم بـۆ لەچک هەم بۆ جلوبـەرگ و گرنگییەکی زۆرم پێدەدا. زۆرجار کەسانی دەوروبەر پرسـیاری شـێوازی دیزاینەکانیان لێدەکـردم، بینیم بۆشـاییەکی زۆر هەیـە لە ئارایشـگاکانی کوردسـتان و گرنگییەکـی وا نـادرێ بـە ئافرەتی باڵاپۆش، بۆیە لە ساڵی 2012 یەکەمین ئارایشـگای تایبەت بە خانمانی باڵاپۆشم کردەوە.

**ڕووداو: کێن ئەو کەسانەی زۆر هاوکاریت دەکەن؟**

**خەرمـان ئەنـوەر:** خانەوادەکـەم، بە پلەی یەکەم دایک و باوکی بەڕێزم و هاوسـەری ئەزیزم، بەردەوام لە پشتمن و هاندەرن لە هەموو کارەکانمدا، زۆر سوپاسیان دەکەم.

**ڕووداو: هاوژینەکـەت بۆچوونـی لەسـەر کارەکانت چۆنە، نیگـەران نییە بە دەرکەوتنت لە کەناڵەکان؟**

**خەرمـان ئەنـوەر:** هاوژینەکـەم هـاوکاری سەرەکیمە، ئەو لە پشت هەموو ئەو کارانەیە کە مـن دەیکەم، بەردەوام هاوکارمە، ناتوانم وەڵامی چاکەکانی بە نووسین بدەمەوە. بۆ مەسەلەی دڵپیسی نەخێر بەهیچ شـێوەیەک ئەم شتەی بەرامبەرم نییە، بگرە شانازیش دەکات کە وەک کچێکی کورد چالاکیم لە ڕاگەیاندندا هەبێ.

**ڕووداو: زۆر گرنگـی بـە فەیسـبووک دەدەیـت و بەردەوام ڤیدیۆکانت بڵاودەکەیتەوە، لایکی زۆریشت هەن، خەڵکی لە فەیسـبووکەوە پەیوەندیـت پێوە دەکەن، پرسیاری چیت لێدەکەن؟**

**خەرمان ئەنوەر:** سۆشیال میدیا بەشێکی گرنگە لە کارەکانم، زۆرتر بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانم بەکاری دێنـم، ئەو کەسانەشـی لە ڕێگەی سۆشـیال میدیاوە پەیوەندیم پێوە دەکەن زۆرتر پرسیار لەبارەی ئارایشت و دیزاین دەکەن.

**ڕووداو: موشـتەری مکیـاژ و جلوبەرگـی حیجاب زۆرن؟ کێن ئەوانەی ڕوو لە ساڵۆنەکەی تۆ دەکەن؟**

**خەرمان ئەنوەر:** بێگومان ئێستا ئەو خانمانە زۆرن کە خولیای باڵاپۆشین، یان باڵاپۆشن و بەدوای نوێترین مۆدێلی سەردەمی باڵاپۆشیدا دەگەڕێن. بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو ئەمە زۆر زیادی کردووە. ئەمەش بەوە دەزانیـن کە زۆربەی ئەو خانمە بووکانەی سـەردانمان دەکـەن لـە مارەبڕینـدا لەچکیـان نەکـردووە، بەڵام کـە هاتـوون بۆ لای ئێمە بڕیاریـان گۆڕیوە و حەزیان لەوە بووە لەچکیـان بۆ بکەین، چونکە مۆدێلەکانمان سەرنجیان ڕاکێشاون.

یەکەم کەس بووم ئارایشگای تایبەت بە باڵاپۆشانم کردەوە

**ڕووداو: بەشێک لە ئیسلامییەکان پێیانوایە ئافرەتی باڵاپـۆش نابێت گرنگی بە جوانی بـدات، تۆ بۆ ئەمە چی دەڵێی؟**

**خەرمان ئەنوەر:** یەکێک لە داواکارییەکانی ئیسلام گرنیگدانـە بە جوانـی. هەروەک پێغەمبەری ئیسـلام دەفەرمـوێ (ان اللـه جمیـل و یحـب الجمـال) خودا ئافرەتی بەشێوازێک دروستکردووە کە جیاوازە لە پیاو، ناکـرێ ئەو جوانییەی دەسـتی لێ بدرێ، دەبینین کە ئیسـلام تەنزیمی کردووە بۆ هاوسەرەکەی جوان بێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە دەرەوە ناشیرین بێ و هیچ گرنگییەک بـە خۆی نەدات، بۆیە گرنگیدان بە جلوبەرگ و ڕووخسـار، بەشێکی گرنگە لە ژیانی هەر خانمێک بەهەمانشێوەی پیاو کە گرنگە بۆی.

**ڕووداو: بەشێکیان دەڵێن جلوبەرگی باڵاپۆش نابێت سەرنجڕاکێش بێت، یاخود مکیاژ حەرامە؟**

**خەرمان ئەنوەر:** جلوبەرگی باڵاپۆشـی بۆ ئافرەت دیـاری نەکراوە کـە چ جۆرە ڕەنگێک بێ، یاخود یەک شـێواز بێ، ئەوەی کە لە دین ئاماژەی پێکراوە تەنیا ئەوەیە کە بە شـێوازێک بێ وروژێنەر نەبێ و هەموو جەستە داپۆشێ.

**ڕووداو: بێگومان کوڕانیش پەیوەندیت پێوە دەکەن لە ڕێگەی سۆشـیال میدیاوە، یان لە ڕێگەی دیکەوە، ئەوان زیاتر داوای چی دەکەن؟**

**خەرمـان ئەنـوەر:** دوای دەستخۆشـی، زۆرجـار گلەیـی لە هاوژینەکانیان دەکەن کە گرنکی بە خۆیان نادەن، ئەمەش دەبەسـتنەوە بە دین، گوایە دین ڕێگە نادات، بەڵام وانییە. دەکرێ بەشێک بێ لە تەمبەڵی و بیانوویەک بێ بۆ گرنگینەدان بە خۆیان.

**ڕووداو: تۆ نمایشـێکی جلوبەرگی باڵاپۆشیت کرد، ئەم بیرۆکەیە چۆن بوو، ئەو کچانەی بەشداربوون کێ بوون؟**

**خەرمان ئەنوەر:** بیرۆکەی نمایشی باڵاپۆشی دوای ئەوە هات کە هەستمان کرد هێشتا خەڵکانێکی زۆرمان هەن، ئاشـنا نین بە جلوبەرگی باڵاپۆشـی سـەردەم، هەروەها بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە کچانی باڵاپۆشیش بێبەش نین لە دیزاین و ستایلی سەردەم، بەو شێوازەی کە لە دین ڕێگەی پێدراوە، ئەوانەشی بەشداربوون کچی کـورد بـوون و خەڵکی هەولێر و سـلێمانی و کۆیە و هەڵەبجە بوون، سوپاس بۆ خودا فاشن شۆیەکەمان سەرکەوتوو بوو.

**ڕووداو: کـەس هەبوو لە بنەماڵەکەت ڕێگری لە کارەکـەت بکات؟ بۆچوونی خەڵکی چییە لەسـەر کارەکانت؟**

**خەرمـان ئەنـوەر:** ئێمە هـەر لـە منداڵییەوە وەک خانەوادەیەکـی ئاینـی کە باوکم ماموسـتای ئاینییە، یەکێک بووە لە هاندەرە سەرەکییەکانمان، تـا ئێسـتاش وای ڕاهێناویـن کـە ئایـن جوانە و بەشـێوازیکی ناوەندی وەریبگرین و بەشـانازییەوە باوکم و براکانم پاڵپشتم بوون و هاندەر و هاوکاری سەرەکیم بوون لە کارەکانمدا.

**ڕووداو: ڕەنگبێـت خەرمـان یەکێـک بێـت لە مۆدێرنتریـن دیندارەکانـی کوردسـتان، بـۆ ئـەم بۆچوونە چی دەڵێی؟**

**خەرمان ئەنوەر:** دین مۆدیلی نییە، دین بریتییە لە تێگەیشـتن لـە دەقـەکان، هەر لە سـەرەتای ئیسـلامەوە دەبینین کە ڕای جیاواز و تێگەیشتنی جیـاواز هەبووە لەسـەر دین. ئەگـەر لە دین یەک شـێواز هەبووایە، ئەوا یەک موفەسـیرمان دەبوو، بۆیە تێگەیشـتن لە دەقەکان بەپێی سەردەمەکان دەبێـت گۆڕانـکاری بەسـەردا بێ و تەنیـا بنەما شەرعییەکان نەبێ کە جێگیرین. بۆیە من دینم بەم شێوازە گرتووە کە لێی تێگەیشتووم.

پیاوان گلەیی لە ژنەکانیان دەکەن کە گرنگی بە جوانیان نادەن

## گەنجێکی کورد لە ئەڵمانیا دەکوژرێ



**ڕووداو- هەولێر**

لە ئەڵمانیا گەنجێکی کوردی باشووری کوردستان لە لایەن سێ کەسی عەرەبی خەڵکی سووریا بە چەقۆ کوژرا. دیار تەحسین 31 ساڵ کە ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، ڕۆژی 2017/8/18 لەلایەن سێ گەنجی عەرەبی سووریا کوژرا و براکەشی بریندار دەبێت. باوکی دیار دەڵێت، ئەو ماڵباتە سوورییە لە لایەن ئەوانەوە داڵدەدرابوون، بەڵام دواجار کوڕەکەیان کوشتووە. دکتۆر پاهرە، داواکاری گشتی شاری ڤوپەرتال دەڵێت "بەگوێرەی دوایین لێکۆڵینەوەکان گومانێکی گەورە لەوە دەکرێت چوار کەس هێرشیان کردووە سەر دوو کەس، یەکێکیان لە ئەنجامی برینەکانی کوژراوە. دوو کەس لە زیندان لەژێر لێکۆڵینەوەدان و بە دوایی دوو کەسی دیکەشدا دەگەڕێین".

ڕێکخراوێک:

# لە ماوەی دوو مانگدا 2500 کەس کوردستانیان جێهێشتووە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ڕێکخراوێکی تایبەت بە کۆچبەران ئاشکرای دەکات، لە دوای جەژنی ڕەمەزانەوە 2500 کەس کوردستانیان جێهێشتووە و ڕوویان لە ئەورووپا کردووە، لەو ژمارەیەش 700 کەسیان دانیشتووی دەڤەری پشدەر و بیتوێنن. هەر بەپێی ڕێکخراوەکە ژمارەیەک لەو کۆچبەرانەی گەڕاونەتەوە، لە ڕەوشێکی دەروونیی خراپدان و چەند کەسێکیان خۆیان کوشتووە.

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا شەپۆلێکی تازەی کۆچ لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە دەستی پێکردووە، هۆکارەکەشی زۆرتر بۆ ناڕوونیی ئایندەی کوردستان، بەردەوامیی قەیرانی دارایی و ناکۆکی و ململانێی نێوان حیزبەکان، دەگەڕێننەوە.

زۆربەی شەپۆلەکانی کۆچی کوردان بۆ دەرەوە، لە قۆناغێکدا بووە کە نائومێدی باڵی کێشاوە بەسەر خەڵکدا. یەکەم شەپۆلی کۆچی کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول بوو لە ناوەڕاستی حەفتاکان، شەپۆلی دووەمی بەرفراوانی کۆچکردن لەدوای ئەنفال و کیمیاباران لە کۆتایی هەشتاکان بوو، شەپۆلی سێیەمیش لە دوای شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی هات لە ناوەڕاستی نەوەتەکان. دوایین شەپۆلی کۆچکردنیش لە دوای شەڕی داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ململانێی نێوان گۆڕان و پارتی هات و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.



لە دوو مانگی ڕابردوودا 100 خێزان کوردستانیان جێهێشتووە

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی پەنابەرە گەڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا 2500 کەس کوردستانیان جێهێشتووە کە 700 کەسیان خەڵکی پشدەر و بیتوێنن، هەروەها 100 کەس بە خێزانەوە کۆچیان کردووە.

بەکر عەلی بنگردی، سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و سیاسییەوە، خەڵکی ناچار بوون بیر لە کۆچکردن بکەنەوە".

بەکر پێیوایە کۆچکردنی ئێستا لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە، پێشتر هاووڵاتیانی کوردستان هەر لە کوردستانەوە بە قاچاخ دەڕۆیشتن تاوەکو دەگەیشتنە وڵاتی سێیەم، بەڵام ئێستا نیوەی ڕێگاکە بە فەرمی دەبڕن، بەڵام دواتر ناچار دەبن ڕێگەی قاچاخ بگرنەبەر.

بەکر کە پێشتر لە دەرەوە بووە، دەڵێت: "ئێستا مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ کۆچبەران زۆر گۆڕاوە، تەنانەت هەڵوێستی یوئێنیش زۆر گۆڕاوە، جاران کە خۆت تەسلیمی یوئێن دەکرد زوو وەڵامت وەردەگرتەوە، بەڵام ئێستا خەڵک هەیە سێ ساڵە یان پێنج ساڵە لە تورکیا خۆی تەقدیمی یوئێن کردووە، تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، بۆیە زۆربەیان دواجار ناچار دەبن ڕێگەی قاچاخ بگرنەبەر و خۆیان بە شەپۆلەکانی دەریا دەسپێرن".

بەهۆی سەختکردنی مەرجەکانی پێدانی مافی پەنابەری لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، نەبوونی کار و شوێنی حەوانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران بە ناچاری گەڕاونەتەوە کوردستان، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان دیپۆرتکراونەتەوە.

سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکان ئاماری ئەوانەی ئاشکرا کرد کە لە ماوەی 10 ساڵدا دیپۆرتکراونەتەوە و گوتی "لە ساڵی 2003 تاوەکوو 2013 زیاتر لە 35 هەزار پەنابەر دیپۆرتکراونەتەوە، زۆربەیان بە فڕۆکەی سەربازی نێردراونەتەوە".

بەکر باسی ڕەوشی ئەو کۆچبەرە دیپۆرتکراوانە دەکات و دەڵێت: "بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی دیپۆرتکراونەتەوە، دوای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر و بە زەحمەتییەکی زۆر گەیشتوونەتە ئەورووپا، بۆیە کاتێک دیپۆرت دەکرێنەوە بەرەوڕووی ڕەوشێکی زۆر ناخۆش دەبنەوە". گوتیشی "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تا ئێستا 72 کەس کە دیپۆرتکراونەتەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون بە پلەی قورس و مامناوەند، حەوت لەوانە خۆیان کوشتووە کە سێ کەسیان خەڵکی پشدەر بوون".

> **72 کۆچبەری دیپۆرتکراو تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون**

ڕێکخراوەکەی بەکر، پێش پەکخستنی پەرلەمان پرۆژە یاسایەکی پێشکەش بە پەرلەمان کردبوو بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە ژیانی کۆچبەرە دیپۆرتکراوەکان، بە تایبەتی ئەوانەی تووشی نەخۆشیی درروونی بوون، قەرزاربوون و کێشەی خێزانییان بۆ دروست بووە، بەڵام دەڵێت "هەر نەخرایە کارنامەی پەرلەمان و پشتگوێخرا".

> **لە ماوەی 10 ساڵدا 35 هەزار کۆچبەر دیپۆرتکراونەتەوە**
>
> سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی کوردستان:

پێشتر ڕێکخراوێکی بیانی لەڕێگەی پرۆژەوە هاوکاریی کۆچبەرە دیپۆرتکراوەکانی دەکرد، هەر کۆچبەرێکی دیپۆرتکراو بیرۆکەی پرۆژەیەکی هەبووایە، بڕی 10 هەزار دۆلاری دەدایە بۆ ئەوەی پرۆژەکەی پێ جێبەجێ بکات، بەڵام بەکر دەڵێت "ئەو هاوکارییە زۆر کەمکرایەوە، تەنیا 2500 دۆلاریان دەدایە کۆچبەران، ئەویش بە چەند قیستێک، ئێستا ئەوەش نەماوە، دەمێکە هیچ کۆچبەرێک وەرینەگرتووە".

سەرکەوت حەمە عەبدوڵڵا، پارەی بە خێزانەکەی نەهێشت، ئەوەندەی خۆی لە ڕێگای قاچاخ بدات. تاوەکو ئێستا هەشت جار ڕۆیشتووە و گەڕاوەتەوە. ئەو کە خێزان و منداڵی هەیە، ئێستا وازی لە بیرۆکەی کۆچکردن هێناوە، پارەی داوەتە برا بچووکەکەی بەڵکو بگاتە شوێنی مەبەست و دەستی لە کارێک گیر ببێ، ژیانی خۆی و ئەوانیش مسۆگەر بکات.

سەرکەوت دەڵێت "ئەوانەی کۆچ دەکەن هەر لە سەرەتای ڕێگەوە تا دەگەنە وڵاتی سێیەم لە ژیانێکی ناخۆش و دوودڵیدا دەمێننەوە، هەندێکجار بەدەست قاچاخچی و هەندێکجاریش بەدەست پۆلیس و سیاسەتی وڵاتان، لەکاتی پەڕینەوە لە ئاوەکاندا هەرکەسێک نەمرێت مردن بەچاوی خۆی دەبینێ".

> **حەوت کۆچبەری دیپۆرتکراو خۆیان کوشتووە**

سەرکەوت قەت ئەو ئازارانە لەبیر ناکات کە بە دەستی قاچاخچی چەشتوویەتی "ویژدانیان نییە، دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتان، بە فێڵ پارە لە کۆچبەران دەستێنن، کۆچبەر دەکوژن، خۆت لێ دەشارنەوە. بە کوردی و کورتییەکەی قاچاخچی واتە ساختەچی".

توێژەرێکی دەروونی نایشارێتەوە بەشێک لەوانەی دیپۆرتکراونەتەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون.

کامەران ئیبراهیم کە توێژەری دەروونییە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا دوو جۆر خەڵک بەهۆی کۆچەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، بەشێک لەوانە ئەوانەن کە بێزارن لەو هەموو قەیرانەی لە کوردستان هەیە، دەیانەوێ کوردستان جێبهێڵن، بەڵام ڕێگەی دەرچوونیان نییە، یان توانای ماددیان خراپە. بەشێکیشیان ئەوانەن کە گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەورووپا، پارەیەکی زۆریان لە ڕێگا خەرج کردووە، بەڵام وەڵامیان نادەنەوە، یان دیپۆرتیان دەکەنەوە".

# لێکترازان و جیابوونەوە لەنێو کۆچبەرانی تازە ڕوو لە هەڵکشانە

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

سەرکەوت حەمەئەمین، نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری خەرجکرد بۆ ئەوەی خۆی و هاوژین و چوار منداڵەکەی بە ڕێگایەکی سەلامەت بگەنە سوێد، بەڵام نزیکەی حەوت مانگە دیپۆرتکراوەتەوە و بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە سەر دووکانەی لە ناوچەی پیشەسازیی سلێمانی.

سەرکەوت بە تەنیا لە کوردستانە، هیچ لەبارەی ژیانی خێزانەکەی نازانێ، تەنیا ئەوەندە دەزانێ کچە گەورەکەی لەلایەن دەوڵەتی سوێدەوە بەخێودەکرێ. پەراگەندەبوونی ئەو خێزانە وەک سەرکەوت دەڵێت، بەهۆی شەڕە بەردەوامەکانی بووە لەگەڵ ژنەکەی، پۆلیسی سوێد کچە گەورەکەی لێ دوورخستنەوە، ئەویش بەکەلەپچەکراوی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە دیپۆرتکرایەوە.

سەرکەوت دەڵێت: "هیچ شتێک ڕووینەدابوو، خانوویەکی باش، هەردووکمان کارمان هەبوو، کەچی نازانم ئەو هەموو کێشەیە چی بوو ڕوویدا، شەڕی من و خێزانەکەم بووە هۆکاری ئەوەی کچە گەورەکەمان لێ دووربخەنەوە، پێیانگوتین قەت نایبیننەوە، هاوژینەکەشم هەڕەشەی لێکردم کە هەقی هەموو خراپییەکانی ڕابردووم لێ دەکاتەوە، دەنگیشی تۆمار کردبووم و دایە پۆلیس". ئەو دەڵێت "خوا ڕەحمی کرد دووکانەکەشم نەفرۆشت، چونکە هیچم نەما".

ئەمە چیرۆکێکە لە نێو سەتان حاڵەتی لەوشێوەیە لە نێو کۆچبەرانی تازەی وڵاتانی ئەورووپا.

بەپێی هەندێ ئامار، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 7000 حاڵەتی لێکترازان و جیابوونەوە لە نێو کوردی سوێد تۆمار کراوە کە زۆربەیان جیابوونەوەی ژن و مێرد بووە. دوای ئەویش جیاکردنەوەی منداڵ لە خێزانەکەی، بەهۆی شەڕی باوانیان.

ڕێکخراوی (KYEO) کە دامەزراوەیەکی کوردی – سوێدیە و چەندین کۆچبەر کاری تێدا دەکەن، بایەخ بەو جۆرە کەیسانە دەدەن و ئێستا هەوڵ دەدەن ئامار کۆبکەنەوە.

هاژە ڕەحیمی، بەرپرسی ئامار و لێکۆڵینەوە لەو ڕێکخراوە دەڵێت: "تەنیا لە ڕێگەی فۆرمی زانیاری، هاوشێوەی ڕاپرسی دەتوانین زانیاری کۆبکەینەوە، بۆ نەتەوەکانی دیکە و لەنێو پەنابەرانی دێرین سەرکەوتوو بووین، بەڵام ئەمەیان ئەستەمە، چونکە هەم ڕێگەپێدان لە کەمپەکان زۆر ئاسان نییە، هەم کۆچبەرانی تازە زۆر هاوکار نین، چونکە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن".

لەبارەی ئەو کەیسانەی لەبەردەستیانە هاژە گوتی "هێشتا بەتەواوی جیانەکراونەتەوە، بەڵام سەتان حاڵەتە، 40%ی ئەوانەی وەرمانگرتوون، جیابوونەوەن. لەوانەش دوورخستنەوەی منداڵ بەشێوەی زۆرەملێ".

کۆچبەری تازە بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن کە بەشێکیان بەهۆی نەشارەزاییانە لە یاساکانی کۆچ، بەشێکیشیان بەهۆی فرت و فێڵەوە تووش دەبن.

لە ماوی ڕابردوودا چیرۆکی ئەحمەد عەباس دەنگی دایەوە لەنێو میدیاکانی سوێد کە ئێستا لە بارودۆخێکی دەروونیی زۆر خراپدا دەژی. ئەحمەد ئێستا بەتەنیا دەژی، بەپێی یاساکانی سوێد بۆی نییە هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بباتە ئەو وڵاتە، چونکە ئەو بووەتە سوێدی.

بەپێی یاسای سوێدی تەنیا منداڵانی بیانی بۆیان هەیە داوای دایک و باوک بکەن، نەک منداڵێکی سوێدی. هەموو هیواکانی خێزانەکەی ئەحمەدیش ئەوە بووە کە دوای ئەوەی کوڕەکەیان وڵاتینامەی وەرگرت، ئەمانیش بەشێوەیەکی ئاسان بتوانن لە ڕێگەی ئەوەوە بگەنە سوێد و وڵاتینامە وەربگرن.

بە گوتەی کارین گیلەنریک بۆ ڕادیۆی سوێد "ئەم یاسایە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە و پێچەوانەی زۆر لە یاسا ئەورووپی و سوێدییەکانە".

چیرۆکی خێزانەکەی پەری مەجید کە کوردن لە خێزانەکەی ئەحمەد نزیکە. پەری کاتێک گەیشتووەتە سوێد نەیگوتووە ئەو خاوەن منداڵێکە بەناوی لاس کە تەمەنی حەوت مانگ بووە جێیهێشتووە، ئێستا لاس بووەتە دوو ساڵ و نیو و ناتوانێ دایکی ببینێ.

ئادەم ئۆلڤایۆس کە پارێزەری ئەو خێزانە کوردەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "پەری لەبەر ئەوەی پێشتر بە کەسێکی دیکە خۆی تەسلیم کردووە و نەیگوتووە کە منداڵێکی جێهێشتووە، ئێستا نازانێت چۆن منداڵەکەی بهێنێ، هیچ یاسایەک نییە هاوکاری بێت. ئاشکراکردنی ڕاستییەکانیشی کاریگەری لەسەر ئیقامەکەی دەبێت".

یەک لە حاڵەتە نامۆکانی دیکەی نێو کۆچبەرانی تازە کە حکومەتی ناچار کردووە بڕیاری قورس بدات، بوونی هاوسەرێتی بەزۆر و خوار تەمەنی 18 ساڵە. تەنانەت هەیە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە و کەچی بووەتە دایک کە ئەمە لە سوێد مایەی سەرسوڕمانە.

هەفتەی ڕابردوو میدیاکانی سوێد کەیسی پەروینیان بڵاوکردەوە کە خۆی و هاوسەر و منداڵەکەی وەک خێزان لەلایەن دەوڵەتەوە هەژمار ناکرێن، تەنانەت منداڵەکەیان وەک منداڵێکی بێکەس دەبێت، چونکە دایکی ئەو 15 ساڵ بووە کە شووی کردووە و بووەتە خاوەنی منداڵێک. ئەگەرچی ئەو ئێستا لە سوێد تەمەنی بووەتە 21 ساڵ و لەلایەن دامەزراوەی کۆچەوە مافی مانەوەی دراوەتێ، بەڵام لە دەرەوەی یاسای سوێدن و لە هیچ تۆمارێکی سوێد هەژماری خێزانیان بۆ ناکرێت. دامەزراوەی باج و تۆمار (Skatsvarket) کە تاکە دامەزراوەی تۆماری کەسی و خێزانە، ڕەتیدەکاتەوە وەک خێزان تۆماریان بکات. بەپێی یاسا، حکومەت ئەو منداڵە لەو خێزانە دەستێنێ و دەیداتە خێزانێکی کامڵ بەخێوی بکات.

ڕوشدی سەلیم، کۆمەڵناس و سەرپەرشتیاری کەیسی لەو شێوەیە لە کۆمۆنی ستۆکهۆڵم دەڵێت: "تا ئێستا لە کۆی کۆمۆنەکانی باکووری ستۆکهۆڵم سێ حاڵەتی لەو شێوەیەم بینیوە".

گوتیشی: "ڕێگە بە دایک و باوکەکە دەدرێت ببینن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مافی بەخێوکردنی منداڵەکەیان نییە".

لە ئەگەری خۆدزینەوە و هێنانەوەی منداڵەکە و هەڵبژاردنی ژیان لە وڵاتەکەی خۆیان کە هەوڵی لەو شێوەیە هەبووە، ڕوشدی گوتی "ئەوە دەچێتە خانەی ڕاکردن لە یاسا و ڕفاندنی منداڵ، ئەمەش سزای قورسی هەیە".




لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 7000 حاڵەتی لێکترازان و جیابوونەوە لە نێو کوردی سوێد تۆمار کراوە

## پیاوێک بە سۆندە براژنەکەی دەکوژێت

**ڕووداو- کەرکووک**

پیاوێک لە کەرکووک داوای شووتی لە براژنەکەی دەکات، بەڵام ژنەکە بە قسەی ناکات، بۆی ناهێنێت بۆیە دەبێتە دەمەقاڵێیان، پیاوەکەش بە سۆندە لە براژنەکەی دەدات و ژنەکە گیانی دەردەچێ. قاسم محەممەد، هاوژینی ژنە کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "هاوژینەکەم لەگەڵ براکەم بووە شەڕیان، بۆیە براکەم بە سۆندە لە خێزانەکەمی داوە. من لەماڵەوە نەبووم، دوای ڕووداوەکە بە براکەم گوت بۆچی ئەم کارەت کرد؟ گوتی قسەی ناشرینی پێگوتم، منیش تووڕە بووم". ژنە کوژراوەکە تەمەنی 27 ساڵە و خاوەنی پێنج منداڵە. دوای ڕووداوەکە بکوژەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و ئێستا دەستبەسەرە.



# لە فەیسبووک بە دوای ژنەکەیدا دەگەڕێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

عومەر بۆ دۆزینەوەی هاوژینەکەی زۆر ڕێگەی گرتەبەر، بەڵام سوودی نەبوو، ئێستا پەنای بردووەتە بەر پەیجێکی ڕێکلامی کاڵا لە فەیسبووک، لەوێ وێنەی هاوژینەکەی داناوە و دەڵێت هەر کەسێک بیدۆزێتەوە 2000 دۆلاری دەداتێ.

عومەر سابیر، تەمەن 39 ساڵ، دانیشتووی شاری سلێمانییە. نۆ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ (ش)ی هاوژینی و دوو منداڵەکەی ڕوو لە سویسرا دەکەن، پاش پێنج ساڵ مانەوە لەو وڵاتە هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەریان پێنادرێ، بۆیە وا ڕێکدەکەون (ش) لەگەڵ دوو منداڵەکەی بچنە بەریتانیا، بەڵکو لەوێ ئیقامە وەربگرن، دواجار خەونەکەیان دێتەدی و (ش) و منداڵەکانی ئیقامە وەردەگرن، بەڵام ماڵی عومەر وێران دەبێ.

عومەر بە (ڕووداو)ی گوت "بە ڕەزامەندیی هەردوولامان، بڕیاری سەفەرکردنی ژن و منداڵەکانم دا کە لە سویسراوە بچنە بەریتانیا، چونکە لە سویسرا ژیانمان زۆر زەحمەت بوو، ئیقامەمان نەبوو. خێزان و منداڵم ڕۆیشتن و باش بوو پەنجەمۆریان کەشف نەبوو".

بە گوتەی عومەر سابیر، تاوەکوو ساڵێکیش دوای سەفەرکردنیان بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی هەبووە، لەو ماوەیەدا نزیکەی 15 هەزار دۆلاری بۆ ناردوون، کە بە هۆیەوە توانییان ئیقامە وەربگرن.

بەڵام دوای وەرگرتنی ئیقامە، ژیانی ئەو خێزانە بە تەواوی دەگۆڕێ. عومەر گوتی "دوای ئەوەی (ش) ئیقامەی وەرگرت، ژیانمان بە تەواوی گۆڕا، کەوتە بیانووگرتن و گوتی ئێمە دەمێکە چاوەڕێی تۆ دەکەین، تۆ هەر نەهاتی بۆ لامان".

عومەر هۆکاری نەچوونی بۆ لای هاوژینەکەی و منداڵەکانی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "چوومە فەرەنسا، ویستم لەوێوە بچمە بەریتانیا، بەڵام لەوێ ڕۆژنامەنووسێک کوژرا، ئەو وڵاتە بە تەواوی تەوق کرا، بۆیە نەمتوانی بگەمە لایان، ئیدی (ش) وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدەدامەوە و نەیدەهێشت منداڵەکانیش قسەم لەگەڵ بکەن".

> هیچ مەعقول نییە وەکو کاڵا سەیری ژنەکەت بکەی و لە پەیجی تایبەت بە کاڵای دەستی دوو ڕێکلام بۆ دۆزینەوەی بکەی
>
> خزمێکی ژنەکە




### (ش) داوای جیابوونەوە دەکات

دوای ماوەیەک (ش) پەیوەندی بە هاوژینەکەیەوە دەکات و داوای جیابوونەوەی لێ دەکات، عومەر بەمە شۆک دەبێ، چونکە ئەو هەموو هەوڵێکی دەدا بگاتە لایان.

عومەر دەڵێت "(ش) پەیوەندی پێوەکردم و گوتی جیادەبمەوە، لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی عێراق بریکارنامەم بۆ پارێزەرێک کردووە لە سلێمانی، تاوەکو کاروباری جیابوونەوەمان بۆ ڕێکبخات. من تووشی شۆک بووم، بۆیە منیش لەڕێی باڵیۆزخانەی عێراقەوە لە سویسرا بەهەمانشێوە داوای وەکالەتنامەم کرد، بەڵام بۆ جیابوونەوە نا، چونکە خێزان و منداڵەکانم خۆشدەوێن".

ماوەی دوو ساڵ دۆسیەی عومەر و (ش) بەو شێوەیە مایەوە، چەند مانگێک لەمەوبەر عومەر هەواڵی ئەوەی پێدەگات کە (ش) شووی بە کوردێک کردووە لە لەندەن، بۆیە جارێکی دیکە عومەر پەنا بۆ دادگا دەباتەوە.

عومەر دەڵێت: "ژنەکەم بە شەرع و یاسا حەڵاڵی منە و شووی کردووە، عەقدی زەواجمان هەیە، بەڵام (ش) لەلای مەلایەکی جەزائیری بێ ئیجارە بە 400 پاوەند خۆی بە تەڵاقدان داوە و دواتر خۆی لە کوڕێکی هەولێری بەناوی (ئا) مارە کردووە. نە دین ئەمە قبوڵ دەکات نە یاسا".

عومەر خەریکە دەست لە ژنەکەی دەشوات، بەڵام ئامادەش نییە، تەڵاقی بدات، تاکە داواکاری ئەوەیە کە ژنەکەی و هاوڕێی ژنەکەی بێنە سویسرا، بۆ ئەوەی دوو منداڵەکەی ببینێ.

مەبەست کە پارێزەری دۆسیەکەی عومەرە لە کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "لە دەرەوەی دادگا لە چەندین دادوەرم پرسیوە، ئەوانیش سەریان سوڕماوە، دەڵێن کەیسی لەوجۆرەیان نەبیستووە. (ش) بەبێ یاسا و ڕێگەی شەرعی ناتوانێت لەکاتێکدا مێردی هەیە، شوو بە کەسێکی دیکە بکات".

بەڵام کێشەیەکی گەورە لە دۆسیەکەی عومەردا هەیە، چونکە وەک پارێزەرەکەی دەڵێت "کەیسەکە بەپێی مادده 377 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەو حاڵەتەدا پێویستی بە ئامادەبوونی عومەرە، بەڵام ئەو نزیکەی 10 ساڵە لە سویسرایە و ئیقامەی نییە، ناتوانێ بگەڕێتەوە کوردستان، مادەی دەعواکەشی کە سێ مانگە، مانگێکی تەواو بووە، بۆیە ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا نەگەڕێتەوە، مافی دەفەوتێ. ئەگەرنا ناچار دەبین کەیسەکە ڕابگرین بەشێوەی کاتی".

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە لە فەیسبووک، مەبەست گوتی "من نازانم عومەر خۆی بڵاوی کردووەتەوە یان کەسوکارەکەی، لە کاتێکدا ئەگەر عومەر بێ ئەوە لە خەمی لە دەستدانی ژن و منداڵەکانی ئەو کارەی کردووە، چونکە ئێستا کەس نازانێت لەکوێیە، پەیوەندیمان بە پۆلیسی ئینتەرپولەوە کردووە، هیچ کەسێکیان بەناوی (ش) لەلا نییە. پێدەچێ (ش) ناوی خۆی گۆڕیبێ، لە دادگاش گوتوویەتی لە دەست هەڵسوکەوتە خراپەکانی مێردەکەی هەڵاتووە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە لەیلا عوسمان پارێزەری (ش)ـەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک بکات و گوتی دۆسیەکە لە دادگایە.

بەڵام کەسێکی نزیکی (ش) بە (ڕووداو)ی گوت: "(ش) چوار ساڵە لە هاوژینەکەی دوورە، چوار ساڵە لێی نەپرسیوەتەوە، بەپێی شەرع و یاساش ئەگەر پیاوێک لە ژنەکەی نەپرسێتەوە، ئەو ژنە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات".

ئەو کەسە نزیکەی (ش) کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "عومەر لەگەڵ (ش) توندوتیژ بووە، بۆیە ناچار بووە داوای جیابوونەوە بکات، منداڵەکانیش شایەتن کە باوکیان لەگەڵ دایکیان خراپ بووە".

ئەو کەسە پێیوایە ئەو پۆستەی لە فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، کاری عومەرە و دەڵێت "هیچ مەعقول نییە، تۆ وەکو کاڵایەک سەیری ژنەکەت بکەی و لە پەیجێکی تایبەت بە کاڵای دەستی دوو ڕێکلام بۆ دۆزینەوەی ژنەکەت بکەی، ئەوە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە و پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان لێی بێنە دەنگ".

### شەرع چی دەڵێت؟

د.عومەر حەسەن مرۆ، ئەندامی لیژنەی فتوا لە هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "ژن مافی جیابوونەوەی هەیە، ئەگەر هاوژینەکەی ون بێت، یان نەفەقەی نەکێشێت و لێیان نەپرسێتەوە. لەو کاتەدا لەهەر شوێنێک بێت، دەبێت ئەو ئافرەتە سەردانی لیژنەی فەتوا بکات، یان بچێتە لای قازی و داوای جیابوونەوە بکات. بەڵام ئەگەر پیاو لە ژیاندا مابێ و ڕەزامەند نەبێت، هەروەها ژنەکە نەچووبێتە دادگا، ئەوە تەڵاقی نەکەوتووە و ژنەکە لەڕووی شەرعەوە گوناهبارە".

## جیهان هاشم:



# مێردەکەم ئەڵقەی دەستگیرانداریمانی بۆ کچێک فرۆشت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو جیهان هاشم بابەتێکی گەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بەڵام نەک بەهۆی ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی لەبارەی کاری نمایشکاری و مۆدێلەوە بڵاویان دەکاتەوە و هەمیشە بینەرێکی زۆریان هەیە، بەڵکو ئەمجارەیان لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بە چاوێکی ئاوساوەوە دەرکەوت و دواتر ئاشکرای کرد کە لەلایەن هاوژینەکەیەوە ئەشکەنجە دراوە.

جیهان هاشم لەدایکبووی ساڵی 1989یە و خەڵکی خانەقینە، ماوەیەک نیشتەجێی ئەڵمانیا بوو، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و لە هەولێر دەژی. دوو مانگ لەمەوبەر شووی بە کوڕێکی عەرەبی دانیشتووی نەجەف بەناوی (سیراج) کرد، بەڵام هەر زوو کێشە کەوتە نێوانیان، جیهان ئەو کوڕە بەوە تۆمەتبار دەکات کە خیانەتی لێکردووە، کوڕەکەش دەڵێت جیهان نهێنییەکی لێ شاردووەتەوە و پێی نەگوتووە کە پێشتر شووی کردووە. جیهان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ئاشکرا کرد کە پێشتر شووی کردووە و منداڵێکیشی هەیە، تاوەکو ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ هاوژینی پێشووی ماوە.

هەروەها باسی ژیانی خۆی کرد و گوتی "دایک و باوکم خەڵکی شارۆچکەی خانەقینن، بەهۆی ئاوارەییەوە ڕوویان کردە ئێران و لە تاران نیشتەجێ بوون، من لەوێ لەدایکبووم، خێزانێکی زۆر ئاسوودە بووین، سێ کوڕ و دوو کچ بووین لەگەڵ دایکم و باوکم".

ئەو باسی چۆنیەتی شووکردنەکەی دەکات و دەڵێت "باوکم بە دەست نەخۆشییەوە دەیناڵاند، خوشکەکەی دیکەم شووی کردبوو، حەزی دەکرد بەر لەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکات، منیش شوو بکەم. بۆیە هەر لە تاران کەسێکی بۆ دەستنیشان کردم و منیش لەبەر دڵی ئەو ڕازی بووم شووی پێبکەم، ئەوکات تەمەنم تەنیا 15 ساڵان بوو کە شووم کرد، بەڵام دوای دوو ساڵ کە خاوەنی کچێکیش بووین، من داوای جیابوونەوەم کرد، چونکە لەگەڵ یەکدی نەدەگونجاین".

جیهان هەروەها دەڵێت "پیاوەکە زۆر بەڕێزەوە گوێی لێگرتم، بە داواکارییەکەم ڕازی بوو، بەبێ کێشە جیابووینەوە، بۆیە تاوەکو ئێستاش پەیوەندیمان ماوە، کچەکەم لەلای ئەوە، ڕێم پێدەدات کچەکەم ببینم".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جیهان هاشم وێنەی کچەکەی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوە کە ئێستا تەمەنی 10 ساڵە.

پاشان جیهان و خوشک و براکانی دەچنە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوای ماوەیەک جیهان لەبەر دایکی دەگەڕێتەوە کوردستان و لە هەولێر خەریکی کاری مۆدێل و مەیکئەپ دەبێ.

جیهان باسی چۆنیەتی ناسینی سیراج دەکات و دەڵێت: "بەو پێیەی من کەسێکی ناسراو بووم، ڕۆژێک لەلایەن ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەیوەندیم پێوەکرا، بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەم لە دابەشکردنی یارمەتی بەسەر ئاوارەکانی مووسڵ، سیراجیش لەو ڕێکخراوە کاری دەکرد، لەو ڕێگەیەوە یەکدیمان ناسی".

چۆن بڕیاری هاوسەرگیرییان دا؟ جیهان دەڵێت: "سیراج لە کاتی دابەشکردنی کۆمەکەکان خۆی بە کەسێکی زۆر مرۆڤدۆست و بەسۆز نیشان دەدا، بۆیە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، دوای ئەوەی یەکدیمان ناسی، داوای هاوسەرگیری لێکردم، منیش یەکسەر ڕازی بووم، جگە لە کەسایەتی ئەو کوڕە، بێزاریش بووم لەو هەموو قسە و قسەڵۆکەی بەناوی منەوە دەکران، بۆیە بڕیارم دا شوو بکەم".

### خۆی خەرجیی ئاهەنگەکەی کرد

جیهان دەڵێت کاتێک سیراج هاتووەتە خوازبێنی، ئەو داوای هیچی لێ نەکردووە، تەنانەت ئەڵقەی دەستگیرانداریشی بۆ کڕیوە. جیهان گوتی "سیراج داوای لێکردم من خەرجیی شەکراوخواردنەوەکە بکەم و دواتر بمداتەوە، منیش 3000 دۆلارم لە شەکراوخواردنەکە خەرج کرد. پاشان داوای 1000 دۆلاری لێکردم، ئەویشم دایە".

> 4000 دۆلاری پێ خەرجکردم و نەیدامەوە

جیهان ڕۆژانە شتی تازە لەبارەی دەستگیرانەکەی دەبیستێ و دەڵێت "ڕۆژانە شتی نەزانراوم لە بارەی سیراجەوە دەبیست، بۆ نموونە پێشتر کچێکی عەرەبی کردبووە ژن و وازی لێهێنابوو، لەگەڵ ماڵی باوکی پەیوەندیی باش نەبوو، زۆربەی شەو لە دیسکۆ و بارەکان بوو، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا نەمدەویست کۆتایی بە پەیوەندییەکەم بهێنم و چاوەڕێ بووم هەڵسوکەوتی بگۆڕێ".

جیهان هەموو ئەو شتانە لە سیراج قبوڵ دەکات، بەڵام کاتێک دەزانێ پەیوەندی لەگەڵ شاجوانێکی پێشووی عێراق هەیە، ئیدی نێوانی لەگەڵی تێکدەچێ. جیهان گوتی "دوای ئەم هەموو کارە خراپەی هێشتا نەمویست ژیانم لێ بشێوێت، بەڵام کاتێک زانیم لەگەڵ ئەو کچە پەیوەندی هەیە و ئەڵقەی دەستگیرانیی منی بۆ فرۆشتووە نێوانمان تێکچوو".

جیهان بڕیار دەدات لە سیراج جیاببێتەوە، بەڵام ئەو لێی دەدات.

جیهان پەنای بردووەتە بەر دەزگا ئەمنییەکان بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر سیراج تۆمار بکات بە تۆمەتی "ئەشکەنجەدان و دزی و خیانەت". بەڵام دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی توندوتیژیم بەرامبەر کرابوو، کەچی ئاسایش بەندی کردم".

گوتیشی "تاکە شوێن کە بەرگری لێکردم بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بوو".

ئەو گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە و دەڵێت "سیراج بە ئارەزووی خۆی لە هەولێر دەسووڕێتەوە، کەس پێی ناڵێ لە پشت چاوت دوو برۆ هەیە، بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی خراپیی هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە من، لە کارەکەی لە یوئێن دەرکرا".

جیهان لەگەڵ سیراج دەستگیراندار بووە و بەر لەوەی بیگوازێتەوە بڕیاری جیابوونەوەی داوە، ئەو داوا لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکات لەسەر دۆسیەکەی بێنە دەنگ.



(فۆتۆ: ڕووداو)

کۆمەڵایەتی
ژمارە (471) - دووشەممە 2017/8/28



## لە شۆڕش پێشمەرگەیەک دەکوژرێت

**رووداو- سلێمانی**

لە شارۆچکەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، پێشمەرگەیەک بەناوی مەریوان مستەفا تەمەن 29 ساڵ بە گوللەیەک دەکوژرێت و تەرمەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەیدا دەدۆزرێتەوە. سەروەر ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، پێشمەرگەکە شەو لە ماڵ چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، رۆژی یەکشەممەش 27-8-2017، کەسوکارەکەی هێزە ئەمنییەکانیان لە دیارنەبوونی ئاگادارکردووەتەوە. لە دوای پشکنین و بەدواداچوونی هێزە ئەمنییەکان، تەرمی پێشمەرگەکە لەنێو ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەیدا لە ناوچەی مەیدانی شارۆچکەکە دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە بە گوللەیەک کوژراوە. بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش گوتی "تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە دیار نییە".

# لە داخی هاوژینی پێشووی، پیاوێک دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**



دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر کوشتنی پیاوێکی خێزاندار، پۆلیس توانی بکوژەکانی دەستگیر بکات، یەکێکیان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا هۆکاری کوشتنەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "ئەو پیاوە بووە هۆی ئەوەی من و هاوژینەکەم لە یەکدی جیاببینەوە، بۆیە کوشتم".

(حوسێن. ش) تەمەن 35 ساڵ، خێزاندار و خاوەنی سێ منداڵ، ئێوارەی رۆژی 2017/7/15 پاش ئەوەی ئامۆژنی هاوژینەکەی پەیوەندیی پێوە دەکات، لە ماڵی خۆیان دەردەچێت و بەرەو ماڵی مامی هاوژینەکەی دەچێت، لەوێ ئامۆزای هاوژینەکەی بەناوی (ش) لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ ئەوەی سەردانی نەخۆشێک بکەن لە نەخۆشخانە، بەڵام لە رێگادا لەلایەن (ی) ی مێردی پێشووی (ش) و کەسێکی دیکەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێ.

دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر رووداوەکەدا، مێردی (ش) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. (ی) دوای دەستگیرکردنی قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "من و (ش) زۆر تەبا بووین پێکەوە، خاوەنی چوار منداڵ بووین، هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام حوسێن ژیانی لێ تێکداین".

(ی) باسی پەیوەندیی حوسێنی بە ماڵە خەزوورانی پێشوویەوە کرد و گوتی: "حوسێن، پێشتر دراوسێی ماڵی خەزوورم بوو، زۆر تێکەڵ بوو لەگەڵیان، تەنانەت هاوسەرگیریی نێوان حوسێن و ئەژین کە ئامۆزای هاوژینەکەمە ئەوان بۆیان رێکخست".

بە گوتەی (ی)، حوسێن هێندە لەگەڵ ماڵە خەزوورانی ئەو تێکەڵ بووە، حیسابی کوڕی خۆیان بۆ کردووە، بۆیە (ی) دڵی لێ پیس کردووە. (ی) دەڵێت: "بەڕاستی من دڵم لێی پیس کردبوو، چونکە ئەو کەسێکی بێگانە بوو، هیچ پێویست نەبوو هێندە لە ماڵی خەزوورم بێ".

ئەوەی زیاتر رقی (ی)ی بەرامبەر حوسێن ئەستوورتر کرد، قسە و سوعبەتەکانی نێوان حوسێن و (ش)ی هاوژینی (ی) بوو. ئەو دەڵێت "زۆرجار قسە و سوعبەتی لەگەڵ ژنەکەم دەکرد، زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە دەمزانی نیەتی پاک نییە، هەر واش دەرچوو، ئەوەی لێی دەترسام روویدا، ئێمە جیابووینەوە".

(ی) خەسووی خۆی بە هۆکاری جیابوونەوەیان دەزانێت و دەڵێت "جیابوونەوەی من و (ش) بەهۆی خەسووم بوو، پەیوەندییان لەگەڵ حوسێن ئەوەندە بەهێز بوو، پەیوەندیی نێوان دایک و کوڕیش وا بەهێز نییە. ئەو لە قسەی خەسووم دەرنەدەچوو، دیار بوو خەسووم بەرنامەی دانابوو بیکاتە زاوای خۆی، من نەمدەهێشت حوسێن بێتە ماڵەکەم، چەندینجار لەسەر ئەوە کێشە لەنێوانمان روویدا، تا دواجار (ش) رۆیشتەوە ماڵی باوکی و داوای جیابوونەوەی کرد، حەوت مانگ لەمەوبەر جیابووینەوە".

ئەوەی زیاتر (ی) نیگەران کردووە، پەیوەندیی گەرموگوڕی نێوان (ش) و حوسێن بووە. (ی) دەڵێت "حوسێن بەردەوام بە بەرچاوی منەوە پیاسەی لەگەڵ (ش) دەکرد، زۆر رقم لە حوسێن بوو، بەڵام قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە بیکوژم".

(ی) باسی ئەو رۆژە دەکات کە حوسێنی کوشتووە و دەڵێت "ئەو رۆژە دیسان لەگەڵ (ش) بە بەرچاوی منەوە پیاسەیان دەکرد، ئەوەش زۆر ئازاری دام، بۆیە پەیوەندیم بە ئامۆزایەکمەوە کرد بۆ ئەوەی هاوکاریم بکات لە کوشتنی حوسێن".

(ی) پلانی کوشتنەکە دادەڕێژێ و دەڵێت "ئاگادار بووم کە نەنکی (ش) لە نەخۆشخانەیە، دەشمزانی حوسێن هاتوچۆی گەرمە لەگەڵیان، بۆیە چاودێریم کرد، کە دونیا تاریک داهات، حوسێن هات (ش)ی برد، دوای ماوەیەک لە چۆڵەوانییەک ئۆتۆمبێلەکەیان راگرت، منیش لەگەڵ ئامۆزاکەم گەیشتینە سەریان، یەکسەر لەگەڵ ئامۆزاکەم حوسێنم دایە بەر چەقۆ".

ئەژین عەبدولقادر، پێشتر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گومانی خستبووە سەر (ش) کە دەستی لە تاوانەکەدا هەبووبێ. ئەژین گوتی: "(ش) بە پۆلیسی گوتووە کاتێک دەهاتین بۆ نەخۆشخانە، مێردی پێشووم هات و حوسێنی بەر چەقۆ دا، منیشیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ ماڵێک لە کەسنەزان، مێردی پێشووم گیانی خوێناوی بوو، بۆیە چووە گەرماو خۆی بشوات، ئامۆزاکەشی سەرقاڵی تەلەفۆن بوو، کەس لە ماڵەکە نەبوو، ئیتر بەدزییەوە هەڵاتم بۆ نەخۆشخانە".

(ی) باسی هەڵوێستی (ش)ی هاوژینی پێشووی دەکات لەو شەوەدا و دەڵێت "(ش) هەر لەوێ دەستبەجێ گوتی پەشیمانم، ئەو هەڵیخەڵەتاندم، هەر لەوێ لەگەڵ من چەند بەردێکی گرتە حوسێن، پێیگوتم دەگەڕێمەوە لات. ئەو تاوانی نەبوو دایکی ناچاری کردبوو لە من جیاببێتەوە".

ئەژین کە بەتەنیا لە هەولێرە و ماڵی باوکی لە دەرەوەی وڵات دەژین، پێیوانییە هاوژینەکەی ناپاکیی لێکردبێت، ئەو دەڵێت "هیچکات گومانی خراپم لە حوسێن نەکردووە و ئێستاش هەتا مردن بەدیار منداڵەکانەوە دادەنیشم کە بەرهەمی هاوسەرگیری و خۆشەویستیمانە".

سەبارەت بە چۆنیەتی بیستنی هەواڵی کوژرانی هاوژینەکەشی، ئەژین گوتی "کاژێر 10:30ی شەو بوو ئامۆژنم پەیوەندیی کرد و گوتی ئەژین لەکوێی؟ گوتم لە ماڵەوەم، پرسی کێت لەلایە، گوتم بەس منداڵەکان، ئیتر ئەو راستەوخۆ تەلەفۆنەکەی داخستەوە، پێم سەیر بوو وامزانی دایکی مردووە، تەلەفۆنم بۆ حوسێن کرد، وەڵامی نەدایەوە، (ش) وەڵامی دامەوە، پێمگوت بۆ تۆ وەڵامی مۆبایلی هاوژینی من دەدەیتەوە؟ گوتی (ی) حوسێنی بەر چەقۆ داوە و من هەڵهاتووم".

# لەپێناوی پارەکەی دەیکوژن

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**



ئەمیر بە قاچێکی دەستکردەوە رۆژانە سەرقاڵی کار و کەسابەتی خۆی بوو، ئێوارەیەک لە کاتی گەڕانەوەیدا بەرەو ماڵ، هەر لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دەیکوژن و پارەکەی دەبەن، پۆلیس دەڵێت سەرەداویان لەبارەی ئەو کەسانە دەستکەوتووە کە ئەمیریان کوشت.

رۆژی 2017/8/17 تەرمی پیاوێکی تەمەن 43 ساڵ بەناوی ئەمیر سابیر قادر، دانیشتووی قەزای کەلار، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لە پشت کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی رووناکی لە شارۆچکەکە دۆزرایەوە. کەسوکاری دەڵێن ئەمیر بۆ پارە کوژراوە، چونکە مامەڵەی ئاڵوگۆڕی دراوی دەکرد، دوای کوژرانیشی پارەکەیان بردووە.

باوک و دایکی محەممەد لە یەکدی جیابوونەتەوە، دایکی شووی کردووەتەوە و محەممەد لەگەڵ زڕبراکانی دەژیا.

فەرید محەممەد زڕبرای ئەمیر، بە (رووداو)ی گوت "ئەمیر رۆژانە دەچووە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو، ئێوارەی رۆژی 2017/8/16 لە کاتی دیاریکراوی خۆی نەگەڕایەوە، مۆبایلەکەشی داخرابوو، براژنم پەیوەندیی پێوەکردین و گوتی ئەمیر نەگەڕاوەتەوە و مۆبایلەکەشی داخراوە، هەر ئەو شەوە هەوڵێکی زۆرمان دا، پۆلیسمان ئاگادار کردەوە، زۆربەی شوێنەکانی کەلار گەڕاین، بەڵام هیچ سەرەداوێکمان دەستنەکەوت".

رۆژی دواتر برایەکی فەرید، پەیوەندی بە فەریدەوە دەکات و دەڵێت پۆلیس تەرمی ئەمیری دۆزیوەتەوە. بە گوتەی فەرید، تەرمی ئەمیر چوار گوللەی پێوەبووە. فەرید لەوە داخدارە کە بکوژەکان رەحمیان بە کەمئەندامیەکەی نەکردووە و دەڵێت: "ئەمیر بەهۆی مینەوە قاچێکی پەڕیبوو، قاچێکی دەستکردیان بۆ دانابوو، گوللەیەکیش بەر قاچە دەستکردەکەی کەوتبوو".

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنی براکەی، فەرید گوتی "ئەمیر لە بازاڕی دۆلارەکە ئیشی ئاڵوگۆڕی دراوی دەکرد، ئەو رۆژە 50 هەزار دۆلاری پێبووە، دوای رووداوەکە پارەکەی دیار نەماوە، بۆیە لەوە دڵنیاین ئەو کەسانە بۆ پارە کوشتوویانە، ئەگەرنا ئەمیر کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە".

هیچ کەسێک هێندەی شێلان ئیسماعیلی هاوژینی بەو رووداوە تێکنەچووە، ئەو کە تەمەنی 36 ساڵە و ئێستا دایکی چوار منداڵی بێ باوکە، دوای رووداوەکە زوو زوو لە هۆش خۆی دەچێ و بە پەلە دەیگەیەننە نەخۆشخانە.

شێلان بە (رووداو)ی گوت "ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستیمان هەبوو، بە تاکە قاچێکەوە کەسابەتی دەکرد و ئێمەی بەخێو دەکرد، بەڵام ئەو چاوچنۆکانە چاویان لە پارەکەی بوو، کوشتیان".

شێلان لەو رۆژەی زانیویەتی مێردەکەی کوژراوە، پیشەی بووەتە گیریان. تاکە داواکاریشی دۆزینەوەی بکوژەکان و سزادانیانە.

رائیدی مافپەروەر علی جەمال قەدوری، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی گوت "دوای دیارنەمانی ئەو هاووڵاتییە، هەر ئەو شەوە کەسوکارەکەی هێزە ئەمنییەکانیان ئاگادار کردەوە، ئێمەش دوای گەڕانێکی زۆر، رۆژی دواتر تەرمەکەمان لە پشت کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون لە کەلار دۆزییەوە". بە گوتەی قەدووری "تاوانباران لە نزیکەوە بە چەکی کلاشینکۆف تەقەیان لێکردووە و چوار گوللەی بەرکەوتووە". گوتیشی "دەرکەوتووە تاوانلێکراو بڕە پارەیەکی زۆری پێبووە کە 50 هەزار دۆلار بووە، دوای ئەوەی کوشتوویانە، پارەکەیان بردووە، لە لێکۆڵینەوە سەرەداوی باشمان دەستکەوتووە لەسەر تۆمەتبارەکان".

### کوشتن زیاد بووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان لە هەشت مانگی رابردوودا شەش پیاو بە ئەنقەست کوژراون و 10 پیاویش خۆیان کوشتووە. ئەو ئامارەش بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادی کردووە، چونکە لە هەشت مانگی رابردووی ساڵی پاردا چوار پیاو کوژرابوون و شەش پیاویش خۆیان کوشتبوو. بە گوتەی جەمال قەدووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان، زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە نێو گەنجان و بەساڵاچووواندا بووە، خۆکوشتنی گەنجەکان زۆرتر بەهۆی دەرنەچوونیان لە خوێندن بووە.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## پشت لە ژنەکانتان مەکەن

سەرقاڵبوونی هاوژینەکەی بە کار و کاسبی، رێنمایی خراپی دەستەخوشکێکی لە فەرمانگەکەی، ئافرەتێک لە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانییەوە دەگەیەنێتە ئەوەی بە دەستبەرداربوون لە هەموو مافەکانی، لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە.

ئەو ژنە پەیوەندی پێوەکردین و داوای رێنمایی و رێگەچارەی یاسایی کرد بۆ ئەو کێشەیەی تێیکەوتووە. ژنەکە گێڕایەوە و گوتی: "پێنج ساڵە شووم کردووە، ژیانێکی خۆشم هەیە، چونکە مێردەکەم زۆر کاسبە و بەردەوام خەریکی کارکردنە، هەر ئەو زۆر کارکردنەی وای لێکردووە ئاگای لە من نەمێنێ، سەرەتا وامزانی پەیوەندیی لەگەڵ ژنان هەیە، بەڵام دوای بەدواداچوونێکی زۆر هیچ شتێکی خراپم بۆ دەرنەکەوت. ئەو سەرقاڵبوونەی ئەو، بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانی من دروست کردبوو، ژیان تەنیا بریتی نییە لە ئیش و پارە، منیش مرۆڤم، پێویستم بەوە هەیە لە رووی رۆحییەوە تێر بکرێم. من فەرمانبەر بووم و قەت داوای مووچەی منی نەدەکرد، نەشیدەپرسی لە چی خەرج دەکەی".

رۆژە رەشەکەی ئەو ژنە ئەو رۆژە دەستپێدەکات کە گرفتەکەی خۆی لەلای دەستە خوشکێکی لە فەرمانگەکەی باس دەکات. ئەو ژنە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی "کێشەی خۆم بۆ دەستەخوشکێکم لە فەرمانگەکە باسکرد، ئەویش گوتی ئەوە ئاسانە و خۆت بە فەیسبووکەوە مەشغوڵ بکە، بە دوو رۆژ مێردەکەت لەبیر دەکەی. منیش بە قسەی ئەوم کرد، خووم دایە فەیسبووک و بەردەوام خەریک بووم، تاوەکو رۆژێک پیاوێکم لە رێگەی فەیسبووکەوە ناسی، بووین بە هاوڕێ، وێنەمان بۆ یەکدی دەنارد، بە ڤیدیۆ چات قسەمان دەکرد، ئیدی وامدەزانی هەر مێردیشم نییە. ماوەیەکی زۆر وا بەردەوام بووم، مێردەکەم هەستی کرد شتێک هەیە، رۆژێکیان گوتی: خێرە ئێستا بۆڵە بۆڵ و سین و جیمت نەماوە؟ منیش گوتم: تاقەتم چوو ئەوەندەی لەگەڵت بڵێم، بۆیە ئیهمالم کردووی، کەیفی خۆتە چی دەکەی بکە، بەڵام رۆژێکیان نامەیەکم بۆ هات، مێردەکەم گومانی پەیدا کرد، داوای کرد نامەکەی نیشان بدەم، منیش ناچار بووم، چونکە ئەگەر گوتبام نا، یەکسەر گومانی خراپی بۆ دروست دەبوو، نامەکەم نیشاندا، زۆر تێکچوو. مێردەکەم پێیگوتم لێت دەبوورم، بەڵام دەبێ راستییەکەم پێ بڵێی چ پەیوەندییەکت لەگەڵ ئەو پیاوە هەیە، منیش هەموو شتێکم بۆ باسکرد، ئەویش هەر هەمووی تۆمار کرد. ئیدی لەو رۆژەوە هەڵوێستی بە تەواوی بەرامبەرم گۆڕا، یەکەم شت کە کردی دەستبەسەرداگرتنی مووچەکەم بوو، پێیگوتم لەمەودوا هەر مووچەت وەرگرت یەکسەر تەسلیمی منی دەکەی. خانوو و ئۆتۆمبێلەکەمان بە ناوی من بوو، هەردووکیانی لەسەر ناوی من لادا و خستییە سەر ناوی خۆی، زۆری پێنەچوو، ئەمجارە گوتی ئۆتۆمبێلێک لە کۆمپانیا رادەکێشم دەبێ تۆ ببی بە کەفیل، منیش زانیم ئەو پیاوە تازە دڵی لە من شکاوە و هەر تەڵاقم دەدات، بۆیە رازی نەبووم، چونکە دوای تەڵاقدانم دەبووایە بە ناچاری قیستی ئۆتۆمبێلەکە بدەمەوە".

داواکاریی ئەو ژنە ئەوە بوو کە لە مێردەکەی جیا ببێتەوە و مافی خۆی وەربگرێ، هەروەها سکاڵاش لەسەر مێردەکەی تۆمار بکات کە دەنگی ریکۆرد کردووە و بە بڵاوکردنەوەی دەنگەکەی هەڕەشەی لێدەکات. بۆ داواکاریی یەکەمیان رێنمایی کرا کە سەردانی دادگای باری کەسی بکات و لەوێ دەتوانێ داوای جیابوونەوە پێشکەش بکات، سەبارەت بە داواکاریی دووەمیشی گوتمان کە ناتوانێ سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکات، چونکە سێ مانگ زیاتر بەسەر دەنگ تۆمارکردنەی تێپەڕیبوو، بەپێی یاسا مافی گشتی لە داواکەدا نەمابوو.

دواتر بانگی پیاوەکەی کرا، بەڵێنی دا کە تۆمارەکە رەش بکاتەوە، بەڵام بەو مەرجەی ژنەکە دەستبەرداری سەرجەم مافەکانی ببێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## ئۆزتورک یڵماز، جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) بۆ (ڕووداو):

# نەجمەدین کەریم دوای جەژن لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە



ئۆزتورک یڵماز، جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) کە پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە، دەڵێت حیزبەکەی تەواوی هێزی خۆی بەکاردێنێ بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، هۆشداریش دەداتە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە گشتپرسی نەکەن، چونکە ڕەنگە شەڕی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتی لە کەرکووک لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانی شارەکە و شەڕەکەش تەواوی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە. ئۆزتورک بەدووری دەزانێ ئەگەر گشتپرسی بکرێ، تورکیا کاردانەوەی توندی هەبێ، چونکە بە بڕوای ئەو "دەوڵەتی کوردی نابێتە هەڕەشە لەسەر تورکیا".

هەڤپەیڤین: کەمال ئاڤچی
ڕووداو- ئەنقەرە

**ڕووداو: بڕیارە ڕۆژی 25ی ئەیلول باشووری کوردستان گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بکات، تێڕوانینی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەکو پارتێکی سۆسیال دیموکرات لەسەر ئەوە چییە؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** بابەتی سەربەخۆیی لەلایەن بەڕێز بارزانییەوە خراوەتەڕوو. ئێمە دوو خوێندنەوەمان بۆی هەیە. یەکەم: دەیەوێت هەنگاوێک هەڵێنێت، هەنگاوێک دوای سەردەمی داعش، بە ئەجێنداکردنی بابەتی سەربەخۆیی، بەڵام سەپاندنی ئەمە زۆر جیاوازە. بەباوەڕی ئێمە ئەو دەیەوێت لە سەردەمێکی دیکەشدا ئەوە جێبەجێ بکات. دووەم: هەڵوێستی ئێمە دیارە. ئێمە پشتگیریی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەین. بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردی بەپێی دەستووری عێراق بەڕێوەبەرایەتییەکی شەرعییە. ئێمە پشتیوانی لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان بۆ بەرزترین ئاست لەگەڵ برا کوردەکان و تورکیا دەکەین، بەتایبەت لەڕووی مرۆیی، سیاسی، ئابووری. دەشمانەوێت تەواوی پەیوەندییەکانمان لەچوارچێوەی عێراقدا بێ. هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەم بابەتە بەهەمانشێوەیە. ئێمە پێمانوایە بڕیاردانی یەکلایەنە لەبارەی سەربەخۆییەوە ڕاست نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کارەکتەرە هەرێمییەکانیش ناڕەزایەتی خۆیان لەمبارەیەوە نیشانداوە. مانگی ڕابردوو (یۆنامی)، ئەنجوومەنی ئاسایش بابەتی یەکپارچەیی عێراقیان خستە بەرباس، هەر پێنج ئەندامە سەرەکییەکەی ئەنجوومەن پشتیوانیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق ڕاگەیاند. ئەمەش هەیە. واتە: سەربەخۆیی وەک گەل، مافی گەلی کوردە یان نا؟ هەڵبەتە تەواوی گەلان مافی سەربەخۆییان هەیە. بۆ ئەو گەلانەی لە چاوەڕوانی ئازادی و سەربەخۆییدان، مافە. بەڵام لەلایەکی دیکە مافی نێودەوڵەتیش هەیە. یەکێتیی خاکی وڵاتان هەیە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزییەکی مەزن لە هەرێمەکە. بۆیە ئەنجامدانی گشتپرسی بەو شێوە توندە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی هەرێمی و ناوخۆیی، زیان بە هەرێمەکە دەگەیەنێت.

**ڕووداو: ئەوان هەم بەپێی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ و هەمیش بەپێی دەستووری عێراق داوای گشتپرسیان کردووە. ئایا بەبڕوای ئێوە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بەو گشتپرسییە نادات؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** لە هیچ بەندێکی دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوە نەکراوە.

**ڕووداو: واتە بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان مافی ئەنجامدانی گشتپرسی نییە؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** دەستووری عێراق مافی بە هەرێمبوون دەدات، چەند پارێزگایەک دەتوانن هەرێمێک دروست بکەن. بەڵام دەستووری عێراق ئەو مافەی نەداوەتە هەرێم گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بکات.

**ڕووداو: بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەغدا بودجەی بڕیون، مادەی 140ی جێبەجێ نەکردووە، بۆیە جگە لە گشتپرسی بۆ جیابوونەوە، هیچ بژارەیەکی دیکەی بەدەستەوە نەماوە. ئێوە بۆ ئەمە ماف بە کورد نادەن؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** ڕاستە مافی ئەوانە. واتە لەبودجەی عێراقدا بەشی بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کوردی 17% بوو. ماوەیەکە مووچەی فەرمانبەران نەدراوە. هەڵبەتە ئەمە هەڵەی بەڕێوەبەرانی ناوەند بوو. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ناوەند ماوەیەک سەربەخۆ ڕەفتاری کرد. ئێمە ئەوەش دەزانین. بەتایبەتی لە سەردەمی نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقدا هەنگاوی هەڵە نران، لە ئاستی باڵاش گفتوگۆ کرا، دیسان ئەوەشیان ئاگادارین. هەروەها ئاگاداری ئەوەشین لە بواری داهاتی نەوت و مووچەی کارمەندان کێشەی مەزن هەیە، بەڵام نابێت ئەوە وەک بیانوو بۆ جیابوونەوە یان دابڕان لە عێراق بەکاربهێنرێ. لەم ڕووەوە مرۆڤ هەق بە بەڕێوەبەرانی هەرێمە کوردییەکە دەدات، بەڵام کاتێک ئەو بابەتە دەبێتە جیابوونەوە، مرۆڤ پێیوایە ئەمە وەک هۆکارێک بەکاردەهێنرێت. مرۆڤ دەڵێت ئەمە زەمینەسازی بۆ دەکرێت. لێرە هەڵبەتە پێویستە بەغدا ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بدات. هەرێمی کوردی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی داڵدەداوە، نابێ بەغدا ئەو هەڵوێستە لەیاد بکات. هەر بۆیە دەبێت ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە هەبێت. واتە دەبێت بەجۆرێک گفتوگۆ بکرێت ئەو دۆخەی ئێستاکە وەها دەرفەتێک نەداتە دەست. دیارە گشتپرسی تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی ئێستای هەرێم ناکرێت. ئەو هەرێمانەی کە ستاتۆکانیان تەنانەت تاوەکو کۆتایی ساڵی 2007یش چارەسەر نەکراوە لەنێو گشتپرسییەکەدان. بڕوانن ناوچەکانی دەشتی نەینەواش لەنێو پرۆسەکەدایە، گشتپرسییەکە کەرکووکیش دەگرێتەوە. کاتێک دەڕوانیت ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە و دەبێتە هۆی ئاڵۆزی. من پێموایە ئەو پارچەبوون و سەربەخۆییە هیچ شەرعییەتێکی نییە، یان بەواتایەکی دیکە هەنگاوێکی دژی دەستوور و قانوونی نێودەوڵەتییە. هیوادارم دەستبەرداری ئەو داواکارییە ببن. بەغداش داخوازیی هەرێمی کوردی جێبەجێ بکات. ئەگینا لەدوای جەژنی قوربان کە لە وادەی گشتپرسییەکە نزیک دەبینەوە، کێشەکان زیاتر دەبن، بەتایبەت لەبارەی کەرکووکەوە. وەک دەزانن نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانی لەشارەکە دا. بەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە. دادگای دەستووریی عێراق ئەمەی وەک شتێکی نامەشروع ناوبرد. پاشان 144 پەرلەمانتاری عێراق نەجمەدین کەریمیان بەوە تۆمەتبار کرد کە دژی دەستووری عێراق جوڵاوەتەوە. ئەو پەرلەمانتارانە بە تۆمەتی پارچەکردنی عێراق نامەیەکیان بۆ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیری عێراق ناردووە. لەدوای جەژن کاتێک عەبادی ئەو نامەیەی هێنایە پەرلەمان، ئەوکات بەپێی دەستووری عێراق پارێزگار لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لەکار دووردەخرێتەوە. لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا کاتێک دەنگی زۆرینە بردییەوە، ئەوکات نەجمەدین کەریم دوور دەخرێتەوە، ئەمەش گوشارێکی دیکەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: پێش گشتپرسی دیدار و گفتوگۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا بەڕێوەچوون، بەڵام هیچی لێ شین نەبوو. پێتانوایە پێش 25ی ئەیلول لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتنێک؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** بەبڕوای من ڕێی تێدەچێ ئەمە ببێت. لە کۆتاییدا بەڕێز بارزانی سیاسەتمەدارێکی عاقڵە و هەڵسەنگاندنی باش بۆ هەلومەرجەکان دەکات. بەغدا دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبخاتەوە، شایستە داراییەکانی ئیدارەی کوردی بدات، بەغدا و هەرێمی کوردی پێویستە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزن. ئەمە ڕاستترین ڕێگایە. کورد بەشدار بووە لە نووسینەوەی دەستووری عێراق. ئەو دەستوورەی عێراقی کردە وڵاتێکی فیدراڵ، ئەوە خودی کوردەکان بوون دەنگیان پێدا. لە عێراقدا بەهۆی داعشەوە بۆشاییەکی گەورە دروستبوو، هەر هەنگاونانێکی وا دەبێتە هۆکاری مەترسییەکی گەورە. بڕوانن، من بۆ ئێوە باس لە مەترسییەکی گەورە بکەم. لە ماوەیەکی کورتدا ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەر کۆتایی دێت. دوای ئەوە سوپای عێراق دەکشێتەوە بۆ دەوروبەری کەرکووک کە لەنێویاندا ژمارەیەکی زۆر چەکداری حەشدی شەعبی هەن. لە دۆخێکی ئاوادا بەبڕوای ئێوە هیچ شتێک ڕوونادات؟ واتە بەبێ ئەوەی عێراق بەهیچ شێوەیەک موداخەلە بکات دۆخەکە هەروا بەردەوام دەبێت؟ ئەگەر بەغدا هاتە سەرهێڵ و موداخەلەی کرد، ئەوکات دۆخی ناوچەکە چۆن دەبێت؟ یەعنی ناترسن؟ من ئەوە دەبینم. منیش لەو هەرێمە ماومەتەوە. کاتێک ئێوە لێرە گوشار بخەنە سەر ستاتۆ و بیهەژێنن دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. بەبڕوای من ئەمە دەبێتە هۆکاری کۆچڕەوێکی گەورە. دەبێتە هۆی شەڕی عەرەب و تورکمان و کورد و هەتا تەواوی هەرێمەکە دەگرێتەوە. من خەمی ئەوەمە ئەمە دەبێتە دەستپێکی ئەوە. بەڕێز بارزانی سیاسەتمەدارێکی عاقڵە و چەندین ساڵە سیاسەت دەکات، بە بڕوای من ئەویش ئەمە دەبینێت.

**ڕووداو: ئایا بەبێ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بە تەنیا ئەنجامدانی گشتپرسییەکە چ ئەنجامێکی دەبێت؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** ئێستا بەڕێز بارزانی.. لەعێراقدا بەڕێز بارزانییە. لەنێو یەکێتیدا، لەنێو پارتەکەی بەڕێز تاڵەبانی پارچەبوون هەیە، لەنێو گۆڕاندا هەیە، ئەگەر لەم دۆخەدا گشتپرسی سەربەخۆیی بکرێ و هیچ هەنگاوێک نەنێت، ئەوکاتە ئەو لایەنانەی دیکە ڕەخنە لەو دەگرن. لەنێو بەڕێوەبەرایەتی هەرێمەکەی کورد حیسابی جۆراوجۆر هەن. بڕوانن بۆچی ئێستا نەجمەدین کەریم دەیەوێت گشتپرسی بکرێ؟ ئێستا نەجمەدین کەریم دەیەوێت ببێتە سەرۆکی هەولێر و بەبێ دەنگەکانی کەرکووک، تەنیا بە دەنگی سلێمانی ناتوانێت ئەمە مسۆگەر بکات. بۆیە دەیەوێت گشتپرسی لە شارەکەی بەڕێوەبچێت. دەیەوێت تەورەکەی سلێمانی و کەرکووک بەهێز بکات و تەواوی دەنگەکان مسۆگەر بکات. دەیەوێت بۆ ئەوێ بپەڕێتەوە. بۆ ئەمەش دینامیکی نێوخۆیی هەن. واتە هیچ شتێک هەر لەخۆیەوە بەڕێوەناچێت. هەرکەسە و خاوەنی حیسابێکە.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئاکپارتی چۆن دەنرخێنن. لەنێوان تێڕوانینی جەهەپە و ئاکپارتیدا هیچ جیاوازییەک هەیە؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** تێڕوانینی ئاکپارتی لەمبارەیەوە، کاتێک لە ڕای وەزارەتی دەرەوە دەڕوانم، ئەوان دەیانەوێ گشتپرسییەکە نەکرێ و ئەنجامەکەی قەبوڵ ناکەن. ئەوان وا نیشان دەدەن کە لەنێو ئاکپارتیدا تێڕوانینی جیاواز هەن، بەڵام کاتێک بمانەوێت بەگشتی بزانین ئاخۆ ڕای ئەوان لەمبارەیەوە چۆنە، بەتەواوی لێی تێناگەین چی دەڵێن. ئاکپارتی تەماشای تورکیا ناکات، تاوەکو بڕوانێت لە عێراق چی دەگوزەرێت. باوەڕ ناکەم ئەوان وەکو ئێمە لەمبارەیەوە خەمیان بێت. من هەوڵمدا تێڕوانینی خۆمان بۆ ئێوە باس بکەم. ئێمە بەپێی دەستووری عێراق بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردی دەناسین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. بەڵام تەواوی هێزمان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخەینەگەڕ، دیارە دەبێت بەشێوەیەک بێت کە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردیش مافەکانیان وەربگرن. ئەگینا نائارامی لەو ناوچەیە سەرهەڵدەدات. واتە نامانەوێت ئاواش بێت و بەوجۆرە بێت. ناشمانەوێت برا کوردەکانمان لە هەرێم لەلایەن بەغداوە پان بکرێنەوە.

**ڕووداو: حکومەتی تورکیا داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات گشتپرسی نەکرێ، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەم داخوازییەی تورکیا گشتپرسی هەر کرا، ئایا حکومەت چ کاردانەوەیەکی دەبێ؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** وا حیساب دەکات هیچ ڕووی نەدابێت! واتە دەڵێت: گشتپرسی لەگەڵ ئەنجامەکەی خۆیدایە و هیچ نییە. ئەمە نامەشروعە و لەبەرژەوەندیدا نییە.

**ڕووداو: بەڕای تۆبێت دەبێت چ کاردانەوەیەک بنوێنرێت؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** ئەنجامدانی پرۆسەکە لە بەرژەوەندیدا نییە و لەوباوەڕەشدا نیم بگاتە ئاستی کاردانەوەی فیعلی. واتە: نابێت بهێڵرێت کارەکان وابڕۆن تاوەکو بگاتە ئەو ئاستە. نابێت لە دژی برا کوردەکانمان هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنیمان هەبێ. دەبێت نەشگاتە ئەو ئاستە. ئەوکاتە لەمافی برایەتی تێدەپەڕێنێت. دەبێ پەرە بە پەیوەندییەکانمان بدەین، ئەو قەرزەی لە ئەستۆی تورکیادایە لە پێکدادانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سافی بکەین. واتە مایەی قەبوڵکردن نییە ئیدارەیەک نەتوانێت مووچە بدات، نابێت بهێڵدرێ بابەتی پارە سەربکێشێ بۆ بابەتی قووڵ و گەورەتر. بەڵام لەلایەکی دیکەوە بڵێین عێراق لاواز بووەو داعش هەیە، با ئێمەش جیاببینەوە، ئەوەشیان نابێت.

**ڕووداو: ئێوە نیگەرانی تورکمانەکانن. بەڵام بەڕێز مەسعود بارزانی گوتی ئێمە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست ناکەین، بەڵکو ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەین لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و فرەزمانی و فرە پێکهاتەیی دەبێت. بە بڕوای ئێوە ئەمە بۆ تورکمانەکان گەرەنتی نییە؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** ئێوە ئەو بڕیارە لەگەڵ تورکمانەکان دەدەن؟ باشە ئێوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک لەگەڵ کێ ڕاوێژتان کرد و بڕیارەکەتان دا؟

**ڕووداو: بەڵام هەندێک لایەنی تورکمانیش هەن پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکەن؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** دونیایەکن ئەوانەی پشتگیری گشتپرسی ناکەن.. ئایا بەرەی تورکمانی عێراقی پشتیوانی دەکات؟ ئەی عەرەبەکان پشتگیری دەکەن؟ بڕوانن کێ لەگەڵە یان نا، هەردەم دەتوانن ئەوانە ببینن کە لەگەڵ پرۆسەکەدان، لە هەموو وڵاتێکیش دەتوانن ئەو کەس و پارتانە بدۆزنەوە کەوا پشتیوانی لە سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئەوانە ئەوانەن کەوا لە پەراوێزدان.

**ڕووداو: با ئێمە بڵێین لەگەڵ هەموو شتێک دەوڵەتی کوردستان دامەزرا... بەلای ئێوەوە ئەو دەوڵەتە بۆ تورکیا دەبێتە مەترسی یان بەپێچەوانەوە؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** من وەکو هەڕەشەیەکی نابینم. پێموانییە بۆ تورکیا مایەی هەڕەشە بێت. لەڕاستیدا من کورد وەک هەڕەشەیەک لەسەر تورکیا نابینم. تەنانەت کاتێک لە عێراقیش بووم کە دەگەیشتمە هەولێر زیاتر هەستم بە ئارامی دەکرد. کاتێک دەچوومە هەولێر وام هەست دەکرد لە تورکیام. بەڵام لەوێ سوپای عێراق هەیە و دەڵێت کەرکووک هی منە. دەڵێت: دیالە شاری ئێمەیە. توزخورماتوو شاری ئێمەیە. هەروەها دەڵێت ناوچەکانی مووسڵ ناوچەی ئێمەن و دەستبەرداریان نابین، بەڵام ئێوەش دەڵێن گشتپرسی لەو ناوچانە دەکەین و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنین. منیش دەڵێم، ئەوە دەبێتە هۆکاری پێکدادان.

بەکورتی ئەگەر ئێوە لەگەڵ بەغدا ڕێکنەکەون ناتوانن ئەو مەسەلەیە یەکلابکەنەوە. چونکە ئەوکات کێشە دروست دەبێت. کێشەکە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیە، دەبێ ئەوانیش قبوڵی بکەن. کۆسۆڤۆ لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە لە سربیا دابڕێنرا، هەرچەندە سربیا دژی وەستایەوە، بەڵام ڕۆژی یەکەم 24 وڵات دانیان پێدانا. ئایا ئێمە هەمان شتمان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کوردی هەیە؟

**ڕووداو: تۆ دەڵێی دەوڵەتی کوردستان بە هەڕەشە لەسەر تورکیا نابینن، بەڵام کەسانی وەک دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی (مەهەپە) دەڵێت گشتپرسی دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** وەڵڵا ئەوە لەو بەڕێزە بپرسە، لە حکومەت بپرسە. سەرۆکی حکومەتیش وەڵامی ئەوە دەداتەوە. ئەوان هەردەم هاوڕێی یەکدین. دەبێت ئەوە بۆ ئەوان خۆیان جێبهێڵین.

**ڕووداو: کوردی تورکیا پشتگیری ئاکپارتییان کرد بە تایبەتی لە هەموارکردنەوەی دەستوور. دەگوترێ ئەو پشتگیرییەی کورد بەشێکی بەهۆی هەرێمی کوردستانەوە بوو، ئەگەر لەدوای گشتپرسی پەیوەندییەکان تێکبچن، ئایا کاریگەری لەسەر دەنگدەرە کوردەکانی ئاکپارتی نابێ؟**

**ئۆزتورک یڵماز:** وەرگرتنی جوڵەی سیاسەتی نێوخۆیی بە پێوەر، شتێکی ناڕاستە. من دیسان دەیڵێمەوە، کورد وەکو هەڕەشە نابینم. بەڵام ئەوە ڕوونە کەسانێک هەن کورد وەکو هەڕەشە دەبینن. بە پێچەوانەوە ئێمە پشتیوانی لە بنیاتنان و بەدەستهێنانی مافی برایەتی دەکەین. ئێمە لە هەڵبژاردن دەنگی زۆر کەمیشمان هێنا، بەڵام لە سیاسەتدا ئەوەی گرنگە، وەستانە لەشوێنی دروست. یەکێتیی خاکی عێراق ئێستا شتە ڕاستەکەیە. ئەمە بەو واتایە نایەت تەواوی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپچڕێنین، بە پێچەوانەوە با بەرەو پێشی ببەین، بەڵام بۆخۆی عێراق خاوەنی سیستەمێکی فیدراڵییە، دەوڵەتێکی کۆنەپارێز و داخراو نییە. مرۆڤ نابێت سیاسەتی نێوخۆیی و دەنگدەران بکاتە خەم.

بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردی، هێشتا زۆر شتیان لە ڕێگادایە. لە تورکیا قسەیەک هەیە دەڵێت: "دەست لەو عەشقە بەردە". بۆیە ئەوە زۆر کێشە لە هەرێمەکە دروست دەکات. ئەگەر بەیانی هێزە ئیقلیمییەکان بێنە ئەو ناوەوە، لەو ناوە ببنە لایەنگر، ناوچەکە دەبێتە سووریایەکی لە ئێستا خراپتر.

> بڕیاری یەکلایەنەی سەربەخۆیی ڕاست نییە

> لە سەردەمی نووری مالیکیدا هەڵەی زۆر کران

> بەغدا دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبخاتەوە

> حکومەتی تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر گشتپرسی نابێ

> نابێ بەغدا ئەوە لەیاد بکات کە هەرێمی کوردی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی داڵدەداوە

> نازانین هەڵوێستی ئاکەپە لە گشتپرسی چییە.. بڕوا ناکەم وەکو ئێمە خەمیان بێت

> دەوڵەتی کوردستان نابێتە هەڕەشە لەسەر تورکیا

## مۆڵەتێکی 10 ڕۆژی داوەتە دووکاندارەکان

# تەندروستیی سلێمانی خواردنەوە وزەبەخشەکان کۆدەکاتەوە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی



وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان خواردنەوە وزەبەخشەکانی لە هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد، پزیشک و شارەزایانی خۆراک هۆشداری دەدەن لەبارەی زیانەکانی ئەو خواردنەوانە. تەندروستیی سلێمانیش دوای مۆڵەتێکی کورت دەست بە هەڵمەتی کۆکردنەوە و لەنێوبردنی خواردنەوە وزەبەخشەکان دەکات.

وەزارەتی تەندروستی لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا، بەهۆی سەرپێچیی یاسایی و نەبوونی مۆڵەتی هاوردن و نەبوونی مەرجی تەندروستیی کارگەکە، خواردنەوە وزەبەخشەکانی کۆمپانیایەکی نێوخۆیی قەدەغە کرد. دواتر لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا، ڕۆژی 22ی ئەم مانگە بە نووسراوی ژمارە (9692) بڕیاری ڕاگرتنی هاتنەناوەوەی هەموو جۆرەکانی خواردنەوە وزەبەخشەکانی بۆ کوردستان دا.

نیسانی ئەمساڵ ئاژانسی ڕۆیتەرز توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا توێژەرانی ئەمریکی گوتیان خواردنەوە وزەبەخشەکان گوشاری خوێن بەرزدەکەنەوە و لێدانی دڵ ناڕێک دەکەن. ئەوان ڕەتیانکردەوە کاریگەرییەکانی ئەو خواردنەوانە تەنیا بەهۆی ماددەی کافایین بێ، چونکە دوو گرووپ خۆبەخشیان هێنا کە گرووپێکیان خواردنەوەی وزەبەخشیان خواردەوە و گرووپەکەی دیکە هەمان بڕی کافایینیان خوارد کە لە وزەبەخشەکەدا هەیە. پاش پشکنین دەرکەوت گوشاری خوێنی ئەو گرووپەی وزەبەخشیان خواردووەتەوە پێنج هێندەی گرووپی دووەمە کە کافایینیان خواردووەتەوە. ئەوان گوتیان پێکهاتەی ئەوتۆ لە خواردنەوەی وزەبەخشدا هەیە کە تاوەکو ئێستا ڕاددەی سەلامەتییان نازانرێ! ئەوە جگە لە بڕێکی زۆر شەکر و ڤیتامین و ئەمینۆئەسید.

پزیشکێکی پسپۆڕ لە کوردستان جەخت لەسەر مەترسییەکانی خواردنەوەی وزەبەخش دەکاتەوە و لەگەڵ بڕیاری قەدەغەکردنیدایە.

د.زانیاری نووری کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە خواردنەوانە نیم، مەگەر چاودێرییەکی توند هەبێت لەسەر مارکێت و فرۆشگاکان".

پسپۆڕەکەی هەناو لەبارەی نیگەرانییەکانی پزیشکان و نێوەندە تەندروستییەکان لەم خواردنەوانە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات و دەڵێت "یەکەم: ڕێژەی کافایینەکە زۆرجار دیاری نەکراوە یان دەستکاری کراوە، ئەگەری زۆرە مرۆڤ پێیانەوە ئاڵوودە ببێ و زۆریان لێ بخواتەوە، دووەم: ئەم خواردنەوانە تێکەڵەی دیکەیان تێدایە کە زۆربەی کات نازانرێت کاریگەرییان چییە".

وەزارەتی تەندروستی دەڵێ بەهۆی مەترسییەکانی ئەو خواردنەوانە، بڕیاری قەدەغەکردنیان داون و تاوەکو دیاریکردنی ڕێنمایی نوێ ئامادە نین ڕێگا بە هێنانە ژوورەوەیان بۆ کوردستان بدەن.

د.خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی زیانە تەندروستییەکانی ئەو خواردنەوانە بە گشتی، هەروەها زیادبوونی نەخۆشییەکانی دڵ بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا، ئەو بڕیارەمان دا".

بە گوتەی بەرپرسەکەی وەزارەت "پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکان دەکرێت بەجۆرێک بێت کەمترین زیانی هەبێت بۆ تەندروستیی خەڵک".

### مشتومڕی کافایین

کافایین ڕەگەزێکی وورووژێنەری مێشکە، خەوزڕان دروستدەکات و خەواڵوویی کەمدەکاتەوە. دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی (FDA) دەڵێ کەسێکی ئاسایی دەتوانێ ڕۆژانە 400 میللیگرام کافایین بخوات، ئەوەش ئەو بڕەیە کە لە پێنج کووپ قاوەدا هەیە.

بەڵام یەک قوتوو خواردنەوەی وزەبەخش بڕی 320 میللیگرام کافایینی تێدایە (هێندەی چوار کووپ قاوە)، ئەوە جگە لە بڕێک شەکری دەستکرد کە هاوتایە لەگەڵ 14 کەوچکەچا شەکری ئاسایی لە هەر قوتوویەکدا. هەروەها بڕێکی زۆر ڤیتامین و ئەمینۆ ئەسیدی تێدایە کە ئەگەر زێدەڕۆیی لە خواردنیان بکرێ، زیان بە جگەر و هەندێکجار دەمارەکان دەگەیێنێ.

### لە سلێمانی کۆدەکرێتەوە

دوای دەرچوونی بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی دەستی بە ئامادەباشی کردووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنەی تەندروستی و خۆراک لە بەشی پشکنین و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتییەکە، دەڵێ "لەسەر ئەو فەرمانەی وەزارەت ئێمە یەکەم شت بریکارەکان و کۆگاکان ئاگادار دەکەینەوە کە چیدی نابێ ئەو بەرهەمە بخەنە بازاڕەوە، ئەوەشی کە لە بازاڕ هەیە مۆڵەتی 10 ڕۆژیان پێدەدەین، پاش ئەوە دەست بە هەڵمەتی کۆکردنەوە و لەنێوبردن دەکەین".

### زیانەکانی خواردنەوە وزەبەخشەکان

**پۆرتاڵی (کافایین ئینفۆرمەر) ئاماژەی بە چەند زیانێکی خواردنەوە وزەبەخشەکان داوە، لەوانە:**

- **وەستانی دڵ: بە تایبەت لەو کەسانەی کە ناتەواوی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنیان هەیە**
- **سەرئێشە و شەقیقە: بەهۆی ئاڵوودەبوون بە کافایین**
- **دڵەڕاوکێ**
- **خەوزڕان**
- **شەکرەی جۆری دوو: بەهۆی ڕێژەیەکی زۆر لە شەکری دەستکرد.**
- **کارلێک لەگەڵ دەرمانەکان: بە تایبەت دەرمانی دژە خەمۆکی**
- **ئاڵوودەبوون**
- **تێکچوونی هەڵسوکەوت: لە منداڵ و مێرمنداڵان**
- **نەسرەوتن و تووڕەیی**
- **ڕشانەوە**
- **هەستەوەری**
- **بەرزەپەستانی خوێن**
- **ژەهراوییبوون بە ڤیتامین بی جۆری نیاسین کە دوور نییە هەوکردنی جگەری لێبکەوێتەوە**
- **بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی گوشار (نۆرئیپینیفرین).**

# 9 خۆراک کە تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکەن

ڕووداو- dailymedicalcases

بەشێک لە هۆکارەکانی شێرپەنجە ناتوانی ڕێگە لە ڕوودانیان بگرین، بۆ نموونە ڕەگەز، پێکهاتەی جینی و بۆماوەیی. بەڵام هەندێکی دیکە دەکرێ ڕێگە لە ڕوودانیان بگرین، وەکوو جگەرە، کحول، خواردنی نادروست، تەمبەڵی و نەجووڵان، ژینگەی ناخاوێن و هەندێک نەخۆشی ڤایرۆسی.

**ئەو خواردنانەی کە بەبڕوای پزیشکان تووشبوون بە شێرپەنجە زیاددەکەن:**

### 1 شەکری سپی و شیرینیی دەستکرد:



باشترین خۆراکی خانە شێرپەنجەییەکانن، چونکە بە ئاسانی زیندەپاڵ دەکرێن. خانە شێرپەنجەییەکان بەهۆی ئەم شیرینییانەوە خێراتر گەشە دەکەن. بۆیە باشترە سوود لە شیرینییە سروشتییەکان وەربگرن، وەکوو هەنگوین، گەزۆ.

### 2 گۆشتی لەقوتووکراو و دەستکاریکراو:



ماددەی پارێزەریان تێدەکرێ بە تایبەتی نیترات، هەروەها چەندین ماددەی کیمیایی دیکە کە تووشبوون بە شێرپەنجە زیا دەکەن.

### 3 ماسیی حەوز



لە حەوزە دەستکردەکانی ماسیدا بەجارێک ژمارەیەکی زۆر ماسی بەخێودەکرێن. بۆ ئەوەی ماسییەکان لەو قەرەباڵخییەدا بژین و نەمرن، بڕێکی زۆر دەرمانی دژە زیندە و مێرووکوژ و ماددەی کیمیایی دەکرێتە حەوزەکانیان. ئەو ماددە زیانبەخشانە لە ڕێگەی خواردنی ماسییەوە دەگەنە جەستە و ڕووبەڕووی چەندین نەخۆشیمان دەکەنەوە، لەنێویاندا شێرپەنجە.

### 4 خواردنە ترشێنراوەکان:



کە لە سرکە و خوێیەکی زۆردا هەڵدەگیرێن، بۆ نموونە خەیارشۆر، ئەمانە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاد دەکەن.

### 5 گۆشتی برژاو:



براژاندنی گۆشت بە ئاگر و دار یان خەڵووز دەبێتە هۆی پەیدابوونی ماددەگەلی تووشکەری شێرپەنجە لە گۆشتەکەدا کە بە هایدرۆکاربۆنە فرەسووڕە ئەرۆماتییەکان ناسراون.

### 6 ڕۆنی هیدرۆجینکراو (ترانز):



بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕۆنەکە و کەمکردنەوەی بۆنەکەی و خۆشکردنی تامەکەی، دەستکاریی ڕۆنی سروشتی دەکرێ و دەگۆڕدرێ بۆ جۆری ترانز کە دەرکەوتووە هۆکارێکی تووشبوونە بە شێرپەنجە.

### 7 چیپسی پەتاتە:



لە ڕۆنی ترانزدا سوور دەکرێنەوە و خوێیەکی زۆریان پێوەدەکرێ. ئەگەر ڕۆژانە یەک ئۆنس چیپسی پەتاتە بخۆی، ساڵانە کێشت کیلۆیەک زیاد دەکات. ئەو ڕۆنی ترانزەی تێیاندایە ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی جەستە بەرزدەکاتەوە، خوێ زۆرەکەیان گوشاری خوێن بەرزدەکاتەوە. ئەو زۆر سوورکردنەوەشیان ماددەی تووشکەری شێرپەنجەیان تێدا دروست دەکات.

### 8 پاکەتی گەنمەشامی:




ئەو پاکەتەی گەنمەشامی ئامادەکراوی تێدا هەڵدەگیرێ ماددەیەکی تێدایە بە (PFOA) ناسراوە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجە.

### 9 ئاردی سفر:



بە زۆر بێژانەوە و لە هێڵەکدانی ئارد، زۆربەی ڕەگەزە خۆراکییە سوودبەخشەکانی لێ جیادەکرێتەوە، پاشان بە گازی کلۆر سپیتر دەکرێتەوە. ئەمەش کاربۆهیدراتێک بەرهەمدەهێنێ کە زۆر بە خێرایی ئاستی شەکر و پاشان ئەنسۆلینی خوێن بەرزدەکاتەوە. لەگەڵ تێپەڕینی کات جەستە بەرگری لە دژی کاریگەریی ئەنسۆلین پەیدا دەکات. ئەمە جگە لە زیادبوونی ئەگەری قەڵەوی و شەکرە لە هەردوو ڕەگەز و زیادبوونی فرەکیسی هێلکەدان لە خانماندا، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەکانی کۆڵۆن و مەمک زیاد دەکات.

# سێکس و تەمەن

د.زاهیر سوران

**سێکس:** بریتییە لەو هەست و سۆزە دەروونییە هەژێنەرە پێویستەی کە چێژێکی تایبەت دەدات بە دەروون و جەستەی دوو مرۆڤ. هەرچەندە سێکس لایەنی ئاسوودەیی جەستە و دەروونی بەسوودی هەیە، بەڵام لایەنە نەخوازراوە تراوماکانیشی بەردەوام دەبینرێت. سێکس چەندین سوودی تەندروستی هەیە لەوانە:

- پەستانی خوێن کەم دەکاتەوە.
- هێمنکەرەوەیە
- مرۆڤ دەپارێزێ لە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن.
- بەرگریی لەش دەپارێزێت.
- مرۆڤ بەهێز و دڵخۆشتر دەکات.
- باوەڕبەخۆبوون زیاد دەکات.
- پێست و ڕوخساری مرۆڤ گەشتر و جوانتر دەکات.
- جۆرێکە لە وەرزش بۆ جەستە و دەروون، هەروەها خەوت خۆش دەکات.

### سێکس و جەستە

بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی، لە تەمەنی 25 ساڵیدا چالاکی سێکسیی مرۆڤ لە لوتکەدایە. ئەو توێژینەوەیە لەسەر 26 هەزار گەنج کراوە کە تەمەنیان 18 ساڵان بووە. بەپێی توێژینەوەیەکی دی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان 18 - 28 دایە باشترە ساڵانە 112 جار سێکس بکەن. ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 30- 39 ساڵاندایە باشترە ساڵانە 89 جار سێکس بکەن. ئەوانەشی تەمەنیان لە نێوان 40- 49 ساڵاندایە باشترە ساڵانە 68 جاران سێکس بکەن.

جەستەی مرۆڤ بەرتەکی جیاوازی سێکسی لە نێوان و نێر و مێدا هەیە. بەپێی شارەزایانی زایەندی: سێکس پەیوەندی بە تەمەنەوە هەیە، هەرچەندە تا مرۆڤ بچێتە تەمەنەوە، زەوقی سێکسی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە تەمەنێکی زۆردا (پیری) بتوانێت سێکس بکات، زۆر باشە و سووی زۆری بۆ تەندروستی هەیە.

کاتێک مرۆڤ دەچێتە تەمەنەوە، توانای سێکسکردنی بەرز دەبێتەوە (دەگمەن) یان نزم دەبێتەوە، بەڵام ئەم خاڵە لە هەموو کەسدا وەک یەک نییە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەرییان لەسەر سێکس هەیە، وەک: سترێس، نائارامی، نەخۆشی، گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

زەوقی سێکسی زێدەتر پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەیە وەک لە جەستەیی، بە مەرجێک مرۆڤ نەخۆش نەبێت. لەبەر ئەوەیە هەندێک کەس بە هەڵە و بۆ بەهێزکردن و دامرکاندنەوەی ئارزووی سێکسی پەنا بۆ بەکارهێنانی دەرمان دەبەن، جاری واش هەیە نیشانەی لاوەکی دەرمانەکان مەترسیدارن و دەگاتە ئاستی مردن.

### تەمەنداران سێکس بکەن یان نا؟

ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەڵێ نابێت بەتەمەنەکان سێکس بکەن لەبەر ئەوەی لە سروشتیدا وا نییە، چونکە جەنجاڵیی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەتایبەتی پیاو کاریگەری خۆی لەسەر سێکسکردن هەیە. جاری وا هەیە پێش خێزان دروستکردن، پەیوەندی سێکسی خراپە، بەڵام هەندێ جاریش مرۆڤ خێزان و منداڵیشی هەیە، ئەوسا سێکس چالاکتر و کاریگەرتر دەبێت.

ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن کاتێک مرۆڤ چووە تەمەنەوە، ئیتر توانای سێکسی نامێنێت. هەیە تەمەنی هەیە، بەڵام سێکسی زۆر چالاکە لەبەر ئەوەی ژیانێکی خۆش و ڕێکوپێک دەباتە سەر. باشتر وایە تەمەنداران تاوەکو توانایان هەبێ، سێکس بکەن.

### ئافرەتان زەوقیان کەمترە لە پیاوان؟

زۆر جاران ئەوە ڕاستە، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو ئافرەتێکی تەمەندار ڕاست بێت. بەڵام پسپۆڕان دەڵێن بە گشتی ئافرەتان زەوقی سێکسییان کەمترە وەک لە پیاوان، نەخوازەڵڵا کاتێک دەچنە تەمەنەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی لێچوونەوە و نەمانی سووڕی مانگانەی ئافرەتان زەوقی سێکسی کەم دەبێتەوە یان نامێنێت. هەرچەندە لێچوونەوە یان نەمانی سووڕی مانگانە، هیچ پەیوەندی نییە بە سێکسی ئافرەتانەوە، بەڵام لەوانەیە کەمی بکاتەوە.

جگە لەوانەی باسمانکردن، دەبێت بەڕاشکاوانە باسی هۆکاری دیکەی نەمانی حەزی سێکس بکرێت، ئەویش بە هۆی خراپبوونی کاری پرۆستات یان بەهۆی نەخۆشیی شەکرەوە. پیاوە شەکرەدارەکان هەمیشە پێش ئەوەی دەستنیشانی نەخۆشییەکەیان بکەن، هەست بە بێهێزی و خراپبوونی باری سێکسیان دەکەن، بەڵام لە شەرمدا هەرگیز باسی ناکەن (هەمیشە بەزیانی خۆیان دەگەڕێتەوە) ئەوسا هێدی هێدی ژمارەی پەیوەندییە سێکسیەکانیان کەم دەبێتەوە هاوکات دەناڵێنن بە دەست ڕەقنەبوونی چووکەوە.

نابێت ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بچێت کە هەرچەندە سێکس فرە سوودی هەیە، بەڵام لەوانەیە هەر بەهۆی سێکسەوە نێر یان مێ تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی زایەندی ببن کە ناسراون بە نەخۆشییە درمە زایەندییەکان، مەترسیدارترینیشیان زەردوویی جۆری B و هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV یە کە چارەسەرکردنیان فرە ئەستەمە.

# توندڕۆیی لە عێراق کۆتایی دێت؟

رووداو- هەولێر

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراق تا دێت بچووکتر دەبنەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە داعش یان ڕێکخراوە توندئاژۆکانی دیکە دوای لە دەستدانی ئەو هەموو ناوچەیە، چۆن خۆیان لەگەڵ ڕەوشێکی نوێدا دەگونجێنن و هەنگاوەکانی داهاتوویان چی دەبێت؟ مایکڵ نایتس، توێژەر و شارەزای کاروباریی عێراق لە پەیمانگای واشنتن، لە راپۆرتێکدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدات.

نزیکەی 10 ساڵ بەسەر "سەحوە"ی هێز و هۆزە عەرەبە سوننەکان لەدژی چەکدارانی قاعیدەی عێراقدا تێدەپەڕێ، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت، کۆدەنگییەک سەبارەت بە هۆکاری بنەڕەتیی دابەزینی هێرشەکانی گرووپە توندڕەوەکان لە نێوان 2006 بۆ 2008 لەئارادا نییە. نایتس لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە سێ هۆکار دەکات کە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر ژمارەی هێرشەکانی گرووپە توندئاژۆ عەرەبە سوننەکانی عێراق هەبووە، بە تایبەتیش تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی "ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و کۆنە بەعسییەکانی بەهێز یان لاواز کردووە".

بەبۆچوونی نایتس، نەبوونی هێزێکی ئەمنیی کاریگەر و بەتوانا لە ناوچە سوننەکان زیاتر لە هەموو هۆکارەکانی دیکە ڕێگەی بۆ داعش خۆشکردووە. داعش و ڕێکخراوە توندئاژۆکانی پێشتر لە نێوان 2012 بۆ 2014 بۆ ئەوەی بتوانن هێزی خۆیان پیشان بدەن، هەوڵیان دەدا بە دانیشتووانی ناوچەکانی بسەلمێنن کە "هێزە ئەمنییەکانی عێراق نە دەتوانن و نە دەیانەوێت خەڵکی ناوچەکە بپارێزن". بە تایبەتیش حکومەتی عێراق نەیتوانی سەرۆک هۆز و چەکدارە سوننەکانی بەشدار لە هەڵمەتی (سەحوە) بپارێزێ.

لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە هەرچەندە ژمارەیەک لە خەڵکی سوننەی ناوچەکە پێشوازییان لە چەکدارانی داعش کرد، ژمارەیەکیان داعشیان وەکوو ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی عێراق دەبینی، بەڵام ژمارەیەکی زۆری سوننەکانی عێراق بە کزی یان چالاکانە پشتگیرییان لە داعش کرد، چونکە حکومەت نەیدەپاراستن، بۆیەش هیچ بژارەیەکیان لەبەردەست نەبوو، مەگەر ئەوەی کە رازی بن ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و ئاوارە بن.

هۆکاری دووەم بۆ هەڵوێستی عەرەبە سوننەکان لە بڕیارەکانی حکومەت دەگەڕێتەوە. بەڕای مایکڵ نایتس، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق (داع) لە 2008 زۆر لە شکستی یەکجارەکی نزیک بوو، بەڵام لەو کاتەدا "هیچ هەموارێکی دەستووری لەبارەی ڕۆڵی حیزبی بەعس، یان یاسای لێخۆشبوون لە کۆنە بەعسییەکان و لێخۆشبوونی گشتی لە بەندکراوە سوننەکان لەئارادا نەبوو"، وەکوو چۆن هیچ هەموارێک لە یاسا و بڕیارەکانی حکومەت سەبارەت بە دەستگیرکردنی سوننەکان نەکرا.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، دوایین هۆکاری سەرەکیی هێرشەکانی گرووپە سوننەکان بۆ "لێکنزیکبوونی ناوچە چاودێرینەکراوەکان دەگەڕێتەوە"، واتە ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی چاودێری و کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق، بە تایبەتیش "ناوچەکانی شەڕ کە تێیدا چەک و تەقەمەنی بە ئاسانی دەگوازرێنەوە". نایتس پێیوایە شەڕی سووریای دراوسێی عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانەوەی بەهێزی هێرشی گرووپە توندئاژۆکان لە عێراق بینیوە.

## داهاتووی سوننە

ئەو ناوچە سوننیانەی کە شیعە دەستیان بەسەردا گرتوون، پشتێنەی بەغدا، باشووری پارێزگای سەلاحەددین، بەشی زۆری پارێزگای دیالە و کۆمەڵێک ناوچەی نزیکی تەلەعفەر، دوزخورماتوو و باکووری پارێزگای سەلاحەدین دەگرێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەو ناوچانە لەڕووی مێژووییەوە زۆرینە سوننە بوون، بەڵام هاتنی هێزەکانی سوپای عێراق کە زۆرینەیان شیعەن و بەتایبەتیش هێزەکانی حەشد، ئەو داینامیکەی خێراتر کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، پارێزگای دیالە چەقی هێرش و هەوڵەکانی داعش پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا لە ساڵی 2007 بۆ 2008 هیچکات هێندە هێرش لەو پارێزگایە نەکراوە. پارێزگای دیالە پارێزگایەکی سوننی و شیعییە کە ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن میلیشیاکانی بەدرەوە کۆنترۆڵ کراوە.

لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی کورد لە 2014 وە تێیدا پەرەی سەندووە، ناوچەی دوبز، ڕەبیعە، زەرگە و باشووری ڕۆژئاوای توزخورماتووە.

گوندەکانی دەوروبەری دوبز لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبی ڕژێمی بەعسدا ژمارەیەکی زۆر خێزانی عەرەبی بۆ هێنرابوو. بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە دوای دەرهێنانی ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی داعش، زۆربەی ئەو خانووانە تەختکراون بۆ ئەوەی عەرەبە سوننە هاوردەکان نەتوانن بگەڕێنەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هێرشی گرووپە عەرەبە سوننەکان لەو ناوچەیە زیاد بکات.

## داعش لاواز نەبووە

لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا، مایکڵ نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەدەستدانی شار و شارۆچکە سوننییەکان داعشی لاواز نەکردووە، بەڵکو ئەو ڕێکخراوە لە گەشەکردنی خۆی بەردەوامە، لە کاتێکدا "ژمارەی ئێستای هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش یەکسانە بە ژمارەی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە لە 2013، بۆیە ئازادکردنی شارەکان لە ژێر دەسەڵاتی داعش تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی میلی کاتژمێرەکە بۆ یەکێک لە مەترسیدارترین ساتەوەختەکانی قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بگەڕێتەوە".

مایکڵ نایتس:
**لەدەستدانی خاک، داعشی لاواز نەکردووە، بەڵکو لە گەشەکردنی خۆی بەردەوامە**





## چۆن کۆتایی بە داعش دەهێنرێ

نایتس پێیوایە بۆئەوەی شکستی یەکجارەکی داعش گەرەنتی بکرێت، دەبێ لە سێ بواردا کاری جیدی بکرێت:

یەکەم: هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی داعش بەهێزتر و زیرەکتر بن. دوای گرتنەوەی شارەکان، هاوپەیمانان دەبێ جارێکی دیکە فۆکەس بخەنە سەر ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە توندڕەوەکان، کە دەکرێ لە داهاتوودا هێرش بکەنەوە سەر شارەکان، جگە لەمەش دەبێ کەرەستەی سەربازیی گونجاویان بدرێتێ.

دووەم: پێویستە فەلسەفە و تەکتیکەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە توندئاژۆکان بگۆڕدرێ، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیوە خەڵکی سوننەی ناوچەکان بپارێزن، بەمەش خەڵکی ناوچەکان وەکوو بێگانەیەک سەیریان کردوون. یەکێک لەو هۆکارانەش کە ئەو هەستی نامۆییە توختر دەکاتەوە بوونی هێزە شیعەکانە لەو ناوچانەی لەڕووی مێژووییەوە سوننەنشین بوون.سێیەم: دەبێ ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە حکومەتیان تێدا نییە کەمتر بکرێتەوە، چونکە لە دەیە و نیوی رابردوودا ئەو ناوچانە بوونەتە حەشارگەی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان. پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار و گرووپە توندڕەوەکانی نێو جەنگی نێوخۆیی سووریا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە دەبێت بکرێت، بۆ ئەوەش دەبێ هێزە ئەمنییەکانی عێراق باشتر مەشقیان پێبکرێ.

# پاکستان بەربەستی بەردەم پلانی ئەمریکایە لە ئەفغانستان

رووداو- هەولێر

ڕۆژی دووشەممەی رابردوو دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا، پلانێکی نوێی بۆ شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان خستەڕوو کە زۆربەی شارەزایان و کۆنە بەرپرسانی ئەمریکی بە درێژکراوەی سیاسەتی ئیدارەی پێشووی دەزانن. خاڵی بنەڕەتی لەو پلانەدا کۆتاییهێنان بە ستراتیژی "بنیاتنانەوەی حکومەت و دامەزراوەکان"ی ئەفغانستان و فۆکەس خستنە سەر هەڕەشەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانە.

بەرپرسانی کۆشکی سپی رایانگەیاندووە کە پلانە نوێیەکە بەرهەمی چەندین مانگ ناکۆکیی نێوخۆیی کۆشکی سپی بووە، بەگوێرەی راپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشتن پۆست)ی ئەمریکی، لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا ترامپ چەندینجار بەسەر بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکادا هاواری کردووە.

ترامپ وا ناسراوە کە حەزی لە ڕێگەچارەی سەربازییە. بەڵام وەکوو ئۆباما دژی دەستتێوەردانی بەرفراوانی سەربازیشە. بۆیە ڕاوێژکارانی سەربازیی کۆشکی سپی دەبوو پلانێک بخەنەڕوو کە هاوسەنگیی لەنێوان ئەو دوو جۆرە تێڕوانینەدا بپارێزێت. ئاکامی ئەو بیرکردنەوەیەش درێژەپێدانی سیاسەتی ئیدارەی پێشوو بوو، بەو جیاوازییەی ئەمجارەیان 3900 سەربازی دیکەش ڕەوانەی ئەفغانستان دەکرێ.

بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، ترامپ دژی مانەوەی سەربازانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان. لە 2013 دا جەختی لەوە دەکردەوە کە "ئەمریکا دەبێ دەمودەست ئەفغانستان جێبهێڵێ". بەڵام جەیمس مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا و ژەنەڕاڵ مەکمەستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، هۆشدارییان دایە ترامپ کە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان ئاکامی کارەساتباری بۆ هەموو ناوچەکە دەبێ.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕیارەکەی سەرۆک هەبووە، جۆن کێلی، بەرپرسی دیوانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بووە. بە گوتەی یەکێک لە بەرپرسانی کۆشکی سپی، کێلی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە کشاندنەوەی هێزەکان لە ئەفغانستان "ژیانی خەڵک، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، هاوپەیمانەکانی واشنتن، سوپا و ئەفغانییەکان دەخاتە مەترسییەوە". شەڕی ئەفغانستان بۆ جۆن کێلی وەکوو هەموو شەڕێک نییە، لەبەر ئەوەی کوڕی خۆی لە 2010 لەو شەڕەدا کوژراوە.

کەسانی نزیک لە سەرۆکی ئەمریکا بە (واشنتن پۆست)یان ڕاگەیاندووە کە ترامپ هەموو کات بە چاوی ڕێزەوە جیاواز لە کەسایەتییە سیاسی و بازرگانییەکان، سەیری ژەنەڕاڵە سەربازییەکان دەکات. بۆچوونی ئەوان لای ترامپ سەنگێکی جیاوازی هەیە.

بەڵام وەکوو کەسانی ئاگادار لە بڕیارەکەی کۆشکی سپی ئاشکرای دەکەن، ئەو پلانە دەبوو زووتر ئاشکرا بکرێ، بەڵام ناکۆکیی نێوان مەکمەستەر و ستیف بەنۆن، دانەری پێشووی ستراتیژیی کۆشکی سپی، هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی بڕیارەکەی ترامپ بووە. بەگوێرەی (واشنتن پۆست)، مەکمەستەر پێشنیازی کردووە دەیان هەزار سەربازی دیکە ڕەوانەی ئەفغانستان بکرێ، بەنۆن پێیوابووە ئەزموونی سەدان ساڵی رابردوو سەلماندوویەتی هەموو هێزە بیانییەکان لە ئەفغانستان تووشی شکست دەبن و پێشنیازی کردووە ئەرکەکە بخرێتە سەر شانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.

مەتیس لەو ململانێیەدا لە پشت مەکمەستەر بووە و پێیوابووە پێدانی ئەو ئەرکە بە کەرتی تایبەت کارەساتی لێدەکەوێتەوە. هەڵوێستە توندەکانی بەنۆن لەدژی ژەنەڕاڵەکان بووە هۆکاری ئەوەی لە ژمارەیەکی کەم لە کۆبوونەوە سەربازییەکانی کۆشکی سپیدا بەشدار بکرێت. ڕۆژی 19ی ئاب ستیف بەنۆن لەسەر کارەکەی لادرا و دوو ڕۆژ دواتر پلانی نوێی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان ڕاگەیەندرا.



ئەمریکا لە ئەفغانستان دەستبەرداری ستراتیژی بنیاتنانەوەی حکومەت دەبێت

## ئەمریکا پاکستان دێنێتە سەر خەت

ژەنەراڵەکانی دەورەی ترامپ دەزانن چارەسەری پرسی "تیرۆر و ئاسایش"ی ئەفغانستان لە سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەشێکی سەرەکیی هەوڵەکان دەبێ لە پاکستان بن، چونکە بنکە و پشتی جەبهەی هێزە توندڕەوەکان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان پاکستان و ئەفغانستانە.

بۆ ئەو مەبەستەش ئیدارەی واشنتن پلانێکی ئامادە کردووە، تێیدا گوشارەکان لەسەر ئەو بەرپرسە سەربازییانە زیاد دەکرێن کە گومان دەکرێت یارمەتی خۆحەشاردانی چەکدارانی تاڵیبان و گرووپە توندئاژۆکانی دیکەی ئەفغانستان لە ناو خاکی پاکستان دەدەن، جیا لەمەش ئەمریکا هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی خۆی لە پاکستان زۆرتر دەکات، سزای قورسیش لەسەر ئەو بەرپرسانە دادەنرێت کە گومانی ئەوەیان لەسەرە یارمەتیی گرووپە توندڕەوەکان دەدەن. ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە کە ئەمریکا کۆمەڵێک تەکتیکی ئەڵتەرناتیڤی لەبەردەستە ئەگەر "سەرکردەکانی پاکستان نەیانەوێت مامەڵەی خۆیان لەگەڵ گرووپە توندڕەوەکان بگۆڕن"، یەکێک لەو بژارانەش ئەو هاوکارییە سەربازییانە دەبێت کە ئەمریکا وەکوو هاوپەیمانێک بە پاکستانی دەبەخشێت.

بەڵام ئەوە کێشەیەکی نوێ نییە. دوو ئیدارەی پێشووی ئەمریکاش هەوڵێکی زۆریان دا بۆئەوەی هاوسەنگی لە نێوان هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ پاکستان و ڕێگرتن لە ئیسلامئاباد بۆ هاوکاریی گرووپە توندئاژۆکان بگرن کە یەکێکیان (تۆڕی هەققانی)یە لە پاکستان و یارمەتییەکی زۆری تاڵیبان دەدات. بەرپرسانی سەربازیی پێشووی ئەمریکا پێیانوایە هەوڵەکانی ترامپیش وەکوو هەوڵەکانی دوو سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بەرامبەر حکومەت و بەرپرسانی پاکستان هیچی لێ سەوز نابێت.

جۆن ئالێن، ژەنەراڵی خانەنشینی ئەمریکی و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، بۆ ماوەیەک فەرماندەی 150 هەزار سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان بووە، بەڵام وەکوو بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی گوتووە، تەنانەت ئەو کاتیش "پاکستانییەکان لە باشترین حاڵەتدا بە خەمساردییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسە دەکرد، پاکستانییەکان ناگۆڕێن، بەڵام سەرۆک حەقی خۆیەتی هەوڵی گۆڕینی ڕەفتاری حکومەتی پاکستان بدات".

## شەڕەکە بە هیندوستان دەکەن

یەکێک لەو بژارانەی ئیدارەی واشنتن خستوویەتیەڕوو، ئەوەیە کە لە ڕێگەی بەشدارکردنی هیندوستانەوە گوشار بخەنە سەر پاکستان. واشنتن داوای لە نیودلهی کردووە بەشدارییەکی کاراتری لە ئەفغانستان هەبێت. بەشداری و دەستتێوەردانی هیندوستان لە ئەفغانستان نیگەرانییەکی سەرەکی بەرپرسانی پاکستانە و یەکێک لە هۆکارەکانی پشتگیریکردنی ئیسلامئاباد لە تاڵیبانیش هەر بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی هیندوستان بووە لە ئەفغانستان. بەرپرسانی پێشووی ئیدارەی ئەمریکا پێیانوایە قۆستنەوەی کێشەی نێوان نیودەلهی و ئیسلامئاباد دەشێت کاریگەری پێچەوانەی هەبێت، لە کاتێکدا پاکستان بە توندی جەخت لەوە دەکاتەوە لە حکومەتی داهاتووی ئەفغانستاندا دەبێ تاڵیبان پشکی هەبێت.

# سووریا..
# شەش ساڵ جەنگ جەنگاوەرانی ماندوو کردووە



کۆنە بەرهەڵستکارەکان کە چەکیان داناوە، ئێستا لەلایەن حکومەتی سووریاوە بەزۆر دەهێنرێنە ناو سوپا

**رووداو- هەولێر**

"ئێمە لە خوێنڕشتن و شەڕ ماندوو بووین، لەمە زیاتر بەرگەی شەڕ ناگرین"، ئەمە قسەی ئەبوو محەممەدە کە ماوەی شەش ساڵ لەدژی حکومەتی سووریا شەڕی کردووە و ئێستا چەکی داناوە، بەڵام لە ترسی هەڵمەتی حکومەتی سووریا بۆ ناونووسکردنی کۆنە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن تاوەکو بچنەوە بەرەی شەڕ، بەرەو تورکیا هەڵاتووە. ئەبوو محەممەد کە بۆ ئاژانسی (رویتەرز) دواوە، ترساوە حکومەت رەوانەی بەرەکانی پێشەوەی شەڕی بکات و بەکوشت بچێ.

ساڵی رابردوو ئەبوو محەممەد، تەمەن 27 ساڵ، بەڵگەنامەی ئاشتی لە شارۆچکەی موعەزەمییە واژۆ کرد. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە، ئەوانەی لە شارۆچکەکەدا مابوون، لە خزمەتی سەربازی بۆ حکومەتی سووریا دەبووردران. لەسەر ئەو بنەمایە، دوای کشانەوەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن، ئامادە بوون لە شارەکە بمێننەوە.

شارۆچکەی موعەزەمییە 10 کیلۆمەتر لە باشووری رۆژئاوای دیمەشقەوە دوورە، لە نیسانی 2013 هەتا تشرینی یەکەمی 2016 لە ژێر ئابڵوقەی توندی هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریادا بوو. بەهۆی زیاتر لە سێ ساڵ ئابڵوقەوە سەرچاوەکانی خۆراک لەو شارۆچکەیەدا تەواو ببوون. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی بڕیاریان دا بەرەو پارێزگای ئدلیب بچن کە ئێستا بنکەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداریی سووریایە، بەڵام کەسانێکی وەکوو ئەبوو محەممەدیش هەبوون کە لە چوارچێوەی ئاشتەوایییەکدا رازی بوون لە شارۆچکەکە بمێننەوە.

بەڵام لە بەهاری ئەمساڵەوە دۆخەکە گۆڕا. ئەبوو محەممەد لە خەڵکانی شارۆچکەکەوە بیستبووی کە ژمارەیەک لە پیاوانی موعەزەمییە ناونووسکراون بۆ ئەوەی لە بەرەکانی شەڕی دژی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆندا شەڕ بکەن. حکومەت 48 کاژێری دیاری کردبوو بۆ ئەوەی پیاوانی شارۆچکەکە خۆیان بە دامودەزگا سەربازییەکانی سووریا بناسێنن.

چەکدارێکی دیکەی پێشووی ئۆپۆزیسیۆنیش لە لێدوانێکدا بۆ (رۆیتەرز) قسەکانی ئەبوو محەممەد پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەوانەی پێشتر لە ئۆپۆزیسیۆندا چەکدار بوون و لە شارەکەدا ماونەتەوە، ئێستا رەوانەی بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێن".

عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتەوایی نیشتمانیی سووریا، وێڕای رەتکردنەوەی ئەوەی کە حکومەت هیچ رێککەوتنێکی پێشێل کردبێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "ژمارەیەک لە چەکدارانی پێشووی ئۆپۆزیسیۆن هاتوونەتە ناو سوپاوە و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆریزمدا شەهید بوون".

هەر لە سەرەتاشەوە خزمەتی سەربازی یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکان بووە کە وای کردووە خەڵکانێکی زۆر شار و شارۆچکەکانی نزیک لە دەسەڵاتی رژێم جێبهێڵن. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی پێیانوایە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانە کە دەکرێ لە داهاتوودا جارێکی دیکە مەترسی لەسەر باڵادەستبوونی دامودەزگا و یاساکانی حکومەت دروستبکەن.

بەگوێرەی ئەو رێککەوتنەی لە نێوان حکومەت و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆندا هەبووە، حکومەت رێگەی بە چەکداران و دانیشتووانی شارۆچکەکانی وەکوو موعەزەمییە داوە ناوچەکان چۆڵ بکەن. بەرپرسانی حکومەتی سووریا دەڵێن خەڵکی ناوچەکە ئازادن لەوەی لە ناوچەی خۆیان بمێننەوە یان نا. لە دوای گەڕانەوەی هێزەکانی حکومەت، رێککەوتنێک لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا کرا، بەپێی ئەو رێککەوتنە ئەو کۆنە چەکدارانەی لە شارەکەدا دەمێننەوە دەبێ بەڵێن بدەن هیچکات لە دژی حکومەت چەک هەڵنەگرنەوە.

بەگوێرەی یاساکانی سووریا هەموو پیاوێکی سەرووی 18 ساڵ دەبێ بۆ ماوەی 20 مانگ سەربازی بکات، ئەم ماوەیە دەکرێ لە کاتی شەڕدا درێژ بکرێتەوە، ئەم یاسایە ئەو پیاوانە ناگرێتەوە کە تاقانە کوڕی ماڵن. درێژبوونەوەی ماوەی شەڕی ناوخۆ وای کردووە هێزەکانی حکومەتی سووریا نەک هەر پشت بەهێزی نێوخۆیی ببەستن، بەڵکو یارمەتییەکی بەرچاو لە میلیشیا شیعەکانی ئێران، عێراق، پاکستان و ئەفغانستانیش وەربگرن.

هەرچەندە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە شارۆچکەکەدا نەماون، هێزەکانی حکومەت هەتا ئێستاش گەمارۆیەکی سەربازی و ئەمنیی توندیان لەسەر شارەکەدا داناوە، بەڵام هیچ هێزێکی چەکدار لەناو شارەکەدا نییە و تاکە ئاسەواری دەسەڵاتی حکومەت لە شارەکەدا ئاڵای حکومەتی سووریایە کە بەسەر باڵەخانە حکومییەکانەوە دەشەکێتەوە.

یەکێک لە شایەتحاڵانی ناو شارەکە بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە، نزیکەی 100 کەس لە کۆنە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو شارەکەدا خۆیان شاردووەتەوە، سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت "ئەوانەی خۆیان رادەستی حکومەت کردووە، ئێستا لەناو شارەکەدا گیریان خواردووە". حکومەتیش هەڕەشەی کردووە هەر پیاوێکی شارۆچکەکە خۆی ناونووس نەکات، دەستگیر دەکرێ.

دەرچوون لە موعەزەمییە بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی سووریا 2600 دۆلاری تێدەچێت.

ئەبوو محەممەد بە یارمەتیی هاوڕێیەکی خۆی لە ئدلیبەوە چووەتە تورکیا، بۆ ئەوەش خانووەکەی فرۆشتووە.

پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ کە دوو کوڕی هەیە، پێیوایە چوونە ناو سوپا لەو بارودۆخەی ئێستادا "ئامادەگییەکی دەروونیی باشی دەوێت". بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ئەو چەکدارانە هەتا چەند مانگ لەمەوبەر لە پاڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا لەدژی هێزەکانی حکومەت شەڕیان دەکرد. ئەو دەڵێت: "پێچەوانەکردنەوەی دۆست و دوژمن کارێکی ئاسان نییە".

وەزیری ئاشتەوایی نیشتمانیی سووریا بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاندووە، حکومەت شەش مانگ کاتی داناوە بۆ ئەوەی کۆنە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی ناوچەکە، ناوی خۆیان بۆ خزمەتی سەربازی تۆمار بکەن، ژمارەیەک لەو چەکدارانەش ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ئەوەی وەکوو پاسەوان بەرگری لە ئاسایشی ناوچەکانی خۆیان بکەن.

> "ئەوانەی خۆیان رادەستی حکومەت کردووە، ئێستا لەناو شارەکەدا گیریان خواردووە"

عەلی حەیدەر ئەو زانیارییەی پشتڕاست کردەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەدا کە ئاخۆ حکومەت ئامادەیە ئەمە وەکوو ئەڵتەرناتیڤێک بخاتە بەردەستی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن.

موعەزەمییە یەکێکە لەو ناوچانەی کە شەڕی ناوخۆ کاریگەرییەکی قورسی دەروونی لەسەر دانیشتووانەکەی داناوە. بەدەر لەوەی ئەم شارۆچکەیە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەژێر گەمارۆیەکی سەختدا بووە، ساڵی 2013 رووبەڕووی هێرشێکی کیمیایی بە گازی سارین بووەوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حکومەتی دیمەشق بە بەرپرسیاری ئەو هێرشە دەزانن و حکومەتی سووریاش رەتیدەکاتەوە هیچ رۆڵێکی لەو هێرشەدا هەبووبێ.

## ریاز چاوی لە عێراقی پاش داعشە

# سعودیە و عێراق لێک نزیک دەبنەوە؟

**رووداو- هەولێر**

لە چەند مانگی رابردوودا کۆمەڵێک ئاماژە سەبارەت بە پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی سعودیە و عێراق دەرکەوتوون. لە مانگی شوباتدا عادل ئەلجوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیە، سەردانی بەغدای کرد کە لە 1990ەوە ئەوە یەکەمجار بوو وەزیرێکی دەرەوەی سعودیە سەردانی دراوسێیەکەی باکووری بکات، دواتر لە تەمووزی ئەمساڵدا قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق کە سەرکردەیەکی سەر بە رێکخراوی بەدرە لەگەڵ محەممەد بن سەلمان، وەلیعەهدی سعودیە کۆبووەوە. بەڵام سەرنجڕاکێشترین دیدار ئەوەی موقتەدا سەدر، سەرۆکی رەوتی سەدر بوو لەگەڵ بن سەلمان لە جەددە.

کێنێس پۆڵاک، توێژەر لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی لە نووسینێکدا لەبارەی پێشڤەچوونی ئەو پەیوەندییە دەڵێت: "سەدر سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی عێراقییە و هەندێکجار تاوەکوو ئاستی شیعەیەکی شۆڤینیش دەچێت. پەیوەندییەکانی سەدر و ئێران ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە سەدر بنکەیەکی جەماوەریی سەربەخۆی هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە لە قۆناغی پاش سەدامدا هاوپەیمانێکی گرنگی ئێران بووە، میلیشیای سەرایای سەلامی سەر بە سەدریش هاوکاریی لە ئێران وەردەگرێت". لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە پۆڵاک پێیوایە کۆبوونەوەی سەدر و بن سەلمان چاوەڕواننەکراو بوو.

پۆڵاک دەڵێت لەو قۆناغە بەراییەدا ئەو کۆبوونەوانە دەکرێ ئاماژەیەک بن بە خواستی سعودیە بۆ بەشداری لە هەوڵەکانی پشتگیری لە عێراق، لەوانەش "ئاسانکاری بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات، سەرلەنوێ کردنەوەی ئەو بۆڕییە نەوتەی لە ماوەی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا دروستکراوە و بە سعودیەدا نەوتی عێراق بۆ دەریای سوور دەگوازێتەوە". ئەو بۆڕییە نەوتییە لە کاتی هێرشەکەی سەدام حوسێن بۆ سەر کوەیت لە 1990 راگیرا.

بە بۆچوونی پۆڵاک لێکنزیکبوونەوەی سعودیە و عێراق دەکرێت ببێتە هۆی بەشدارکردنی سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقی پاش داعشدا.

ئەمریکا لە 2003 وە هەوڵ دەدات وڵاتانی کەنداو رازی بکات، رۆڵیان لە سەقامگیری و دارشتنەوەی جیۆپۆلیتیکی عێراقدا هەبێت، لەبەرئەوەی پشتگوێخستنی عێراق لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە، تەنیا ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شیعەکانی عێراق بۆ باوەشی ئێران پاڵ بنێن و سوننەکانیش بەناچاری پەنا بۆ گرووپە تیرۆریستەکانی وەکوو داعش و قاعیدە بەرن، بۆیە پۆڵاک جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەکی ریاز و بەغدا "بۆ ئەمریکییەکان هەواڵێکی خۆشە".

لە ماوەی یەک دەیە و نیوی رابردوودا سعودیە خۆی لە عێراق و قەیرانەکانی بەدوور گرتووە. لەبەر



ئەوەی پێیانوابووە دۆسیەی عێراق بەیەکجاری رادەستی ئێران کراوە، ئەگەر وەهاش نەبێت، ئەوە ئەمریکا خۆی دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە بەهۆی هێرشەکانی 2003 دروستی کردوون. لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە کوڕەکەی شا سەلمان قۆڵی هەڵماڵیوە بۆ ئەوەی دەست بۆ ئەو دۆسیانە بەرێت کە سعودیە پێشتر خۆی لێ بەدوور گرتبوون.

رۆژی 2017/8/14 سەدر سەردانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کرد و لە ئەبوزەبی لەگەڵ شێخ محەممەد بن زاید، وەلیعەهدی ئەبوزەبی و جێگری فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئیمارات کۆبووەوە. لەو سەردانەدا ئەنوەر قەرقاش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی کەنداودا دێتە ئاراوە. پۆڵاک پێیوایە وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە دەتوانن رێگری لەوە بکەن کە "عێراق بۆ جاری سێیەم بکەوێتەوە ناو شەڕی نێوخۆیی".

پۆڵاک پێیوایە لێکنزیکبوونەوەی عێراق و وڵاتانی کەنداو لەڕووی سایکۆلۆژی و سیاسیشەوە گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعەکانی عێراق متمانەیان بە هاوکارییەکانی ئێرانە و بڕوایان وایە ئەگەر هیچ وڵاتێکیش پشتگیرییان نەکات، ئێران لە پشتیان دەبێت، بەڵام زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەو کاریگەرییە بەرفراوانەی ئێران بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراقەوە دڵخۆش نین، بەڵام هەتا ئێستا "نە ئەمریکا و نە وڵاتە بە گومانە عەرەبییەکانی ناوچەکە ئامادە نەبوون بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤێک یارمەتی هێزە شیعەکان بدەن، بۆیەش هەموو جارێک ناچاربوون روو لە ئێران بکەنەوە".

بەپێی گوتارەکە، عێراقییەکان ناخوازن بە تەواوەتیش پەیوەست بن بە سعودیەوە، وەکوو چۆن لە 14 ساڵی رابردوودا وابەستەی ئێران بوون، بە تایبەتیش نایانەوێت "وڵاتەکەیان مەیدانی شەڕی داهاتووی نێوان سعودیە و ئێران بێت". بەڵام هێزە عێراقییەکان دەیانەوێت لە رێگەی زلهێزێکی دیکەی ناوچەکەوە "هاوسەنگی بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بگەڕێننەوە".

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 2018 زۆربەی هێزە سەرەکییە عێراقییەکانی ناچار کردووە لە ئاستی گوتار و لێدوانەدا خۆیان وەها پیشان بدەن کە لایەنگری لە سیاسەتێکی نێوخۆیی و دەرەکیی سەربەخۆ دەکەن. جیا لەمە پەیوەندییەکانی نێوان ریاز و بەغدا دەتوانێت هێز و لایەنە عێراقییەکان ئاسانتر لەسەر کاندیدی میانڕەو یەکبخات کە بتوانێت ناکۆکییە تایفییەکان هێورتر بکاتەوە، نەک ئەو کاندیدە سوننە و شیعە توندئاژۆیانەی عێراقیان بەرەو ئەو دۆخەی ئێستا پاڵناوە.

بەبۆچوونی کێنێس پۆڵاک نزیکبوونەوەی عێراق و سعودیە متمانەی ئەوەش بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی سوننەی عێراقی دەگەڕێنێتەوە کە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بکەن، چونکە بەهۆی نزیکبوونەوەی بەغدا و ریاز هاوپەیمانێکی ناوچەیی بۆ سوننەکان لە عێراقدا دەبینن کە دەوری باڵای لە پشتگیریکردنی داواکانی سوننە لە عێراقدا دەبێ.

پۆڵاک کە ساڵانێکی زۆر لە سیاسەتی عێراقی کۆڵیوەتەوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "ئەمریکا نابێت وا بزانێت رۆڵی زیاتری سعودیە بە مانای کەمبوونەوەی رۆڵی واشنتنە لە عێراق"، چونکە پەیوەندییەکانی سعودیە و عێراق بە هەموو بایەخەکەشیەوە "ناتوانێت جێی رۆڵی واشنتن لە عێراق پڕبکاتەوە"، بەڵکو بەشداریکردنی سعودیە بە واتای ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێت ئاسانتر هەنگاو بۆ سەقامگیرکردنی رەوشی عێراق بهاوێژێت، بەتایبەتیش لە مەسەلەی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق.

> پشتگوێخستنی عێراق لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە، تەنیا ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شیعەی عێراق بۆ باوەشی ئێران پاڵ بنێن



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئێران چی لە کوردستان دەوێت؟

لەبەر ئەوەی هێشتا خۆمان بڕیارمان نەداوە کە سەربەخۆییمان دەوێت یان نا، لە 25ی ئەیلول دەردەکەوێت خەڵکی کوردستان دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بمێننەوە یاخود سەربەخۆبن، بۆیە ناکرێت هەڵوێستی ئێستای هیچکام لە وڵاتانی دەوروبەر و دونیاش وەک هەڵوێستی فەرمی تەماشا بکەین. لە دوای ئەوەی کوردستان بڕیاری خۆی دا و سەرکردایەتی سیاسی کورد کاری بەبڕیاری گەلەکەی کرد و دەوڵەتی فیدراڵیی کوردستانی ڕاگەیاند، ئەوکات لەگەڵ و لەدژ بوونی وڵاتان بۆ بە فەرمی ناسین و دانپێدانانی نێودەوڵەتی گرنگە.

وەک بنەمایەکی چەسپاویش، نەک بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ تەواوی دونیا پێوەری دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دروست دەبێت. دەوڵەتی کوردستان بەرژەوەندی بۆ هەر وڵاتێک هەبێت دانی پێدا دەنێت و زیان بە هەر وڵاتێک بگەیەنێت لەدژی دەوەستێتەوە. ئەگەر تەماشای دەوڵەتی ئیسرائیل بکەین، دەبینین حەفتا ساڵە دامەزراوە و هێشتا چەندین دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی دانیان پێدا نەناوە، چونکە لەڕووی ستراتیژییەوە بوونی ئەم قەوارەیە بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەبینن، بەڵام زۆر لە دەوڵەتانی تری جیهان کە بەرژەوەندییان لە دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا هەبوو، هەر زوو مامەڵەی فەرمییان لەگەڵ کرد، تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە نە بەرژەوەندی و نە مەترسییان لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هەیە، وەک پرەنسیپ و ئیلتیزامێکی نێودەوڵەتی ئەوانیش دانیان بە دەوڵەتەکەدا ناوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەمە بۆ ئایندەی دەوڵەتی کوردستانیش بنەمایەکی ڕاستە، کاردانەوەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەبن.

لەبەر ئەوە پێش ئەوەی چاوەڕێی هەڵوێستی کەس بین، پێویستە خۆمان ئەوە بزانین دروستبوونی دەوڵەت لەم بەشەی کوردستان لە کوێدا دەبێتە مەترسی بۆ وڵاتانی دیکە و لە کوێدا دەبێتە بەرژەوەندی؟ چ وڵاتێک زیانی پێدەگات و کام دەوڵەت دەستکەوتی دەبێت؟ ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانینە ئایندەی دەوڵەتی کوردستان، کەواتا پێویستمان بەوە نابێت چاوەڕوانی هەڵوێستی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی ناوچەکە و جیهان بین. خۆمان دەزانین کێ لەگەڵمان دەبێت و کێ لە دژ. ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هەڵوێستێکی پێچەوانەی چاوەڕواننەکراومان بینی، لەو دۆخەدا ئەرکی ئێمەیە بەرچاوڕوونی بدەینە ئەو وڵاتە و دڵنیای بکەینەوە کە بەدحاڵیبوونێک هەیە.

لێرەدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربارەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەویش بە پلەی یەکەم بەهۆی تێگەیشتنی هەڵەی خەڵکی کوردستانەوە لە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە کە ئێستا بە بەربڵاوی ئەو تێگەیشتنە دروستبووە (ئێران دژی سەربەخۆیی کوردستانە و دوژمنایەتی دەوڵەتی کوردستان دەکات). هەروەها بەپلەی دووەمیش مەبەستمە ئەگەر لە ناوەندە ستراتیژییەکانی ئێرانیشدا بەدحاڵیبوونێک هەبێت لەوەی کوردستان بۆیان دەبێتە مەترسی، بەڵکوو ئەوانیش تێگەیشتنە هەڵەکەیان ڕاست بکەنەوە.

ئەگەر ئەم ناوە (هەرێمی کوردستان) بگۆڕدرێت بۆ (دەوڵەتی کوردستان) چ مەترسییەک دەخاتە سەر ئێران؟ لە کاتێکدا ئێستا لەژێر ناوی هەرێمی کوردستان نەک بە سنوورەکانی پێشووترەوە، بەڵکوو لە شەنگالەوە تا گوڵاڵە کە کورد حوکمی دەکات، بەرژەوەندییەکی زۆری بۆ ئێران دەستەبەر کردبێت، بۆچی کە ناوەکەی ببێتە دەوڵەتی کوردستان ئەو بەرژەوەندییانە دەبن بە مەترسی؟ لە کوێدا کوردستان دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئێران تا ئێران لە دژی ڕابوەستێ؟

چارەکە سەدەی ڕابردوو ئەوەی بۆ ئێران سەلماندووە کە ئەم نیشتمانە لەژێر هەر ناوێکدا کورد بەڕێوەی بەرێت، دڵنیایی بۆ ئێران زیاترە لەوەی هەرکەسێکی تر حوکمی بکات. سنوورێکی بەرفراوانی ئێران بە باشووری کوردستانەوەیە، بەهۆی باشووری کوردستانەوە نەک هەر سنوورەکانی، بەڵکوو تا قووڵایی وڵاتەکەش ئارامی و سەقامگیری ڕەخساوە. چارەکە سەدەیەکە بزووتنەوەی چەکداریی کورد لەو بەشەی کوردستان هەموو چالاکییەکی سەربازییان ڕاگرتووە، لەکاتێکدا ئەو دوو دەیەیەی ڕابردوو ئێران زۆرترین کێشەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەبووە، ئەگەر هەرێمی کوردستان بیویستبا یان ڕێگەی دابا زۆرترین کەناڵی پەیوەندی لە نێوان نەیارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبوو. چۆن ئێران دەستی خستووەتە ناو کاروباری بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوچەکەوە، ئەوکاتیش زۆرێک لەو دەوڵەتانە دەیانتوانی بەهۆی کێشەی کوردەوە دەست وەردەنە کاروباری ناوخۆی ئێران. بەڵام هەرێمی کوردستان ئەم دەرگایەی بەڕووی هیچکام لە دوژمنەکانی ئێراندا نەکردووەتەوە.

ئێران بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییە جیهانیەی لەسەرێتی و وەک کۆنگرێسی ئەمریکاش بڕیارێکی ئیدارەکەی ترامپی پەسەند کرد، لە داهاتوودا گەمارۆکان لەسەری توندتر دەبن، لە 25 ساڵی ڕابردوودا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی ئێراندا کراوە بوون و بەشێکی زۆری پێویستییەکانی ئێران لە بازاڕەکانی کوردستانەوە دەستەبەرکراوە، کوردستان بازاڕێکی جیهانی بووە بۆ ئێران و لە هەمانکاتدا بازاڕێکی گەورەش بووە بۆ کاڵای ئێرانی، لە داهاتووشدا ئەم بازاڕە و سنوورەکانی بۆ ئێران بایەخیان زیاتر دەبێ.

لە کوشتنی ئیمام حوسێنەوە هەموو شیعەی جیهان کە ئێستا ئێران ڕابەرایەتییان دەکات، خۆیان بە زوڵملێکراو دەزانن و پێیانوایە خاکی عێراق هی ئەوانە و لێیان زەوتکراوە. پیرۆزییەکانی شیعە لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراقن، دەیانەوێ عێراق دەوڵەتێکی شیعی بێت و ناوەندی کۆکەرەوەی شیعەی جیهان بێت. بۆ ئەوەی ئەم خواستەیان بەدی بێت، پێویستیان بەوە بوو بەپلەی یەکەم ڕۆڵی سوننەی عێراق تا ئاستی نەبوون لاواز بکەن، لەدوای کەوتنی سەدام دەرگایەکیان بەڕوودا کرایەوە و بەدیاریکراویش دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق دەستیان ئاوەڵا بوو بۆ ئەو ئامانجە، هاتنی داعش و لێکەوتەکانی خزمەتێکی زۆریان بە گەشەی تەشەیوع کرد و ئێستا تا ئەندازەیەک قۆناغی یەکەمیان بڕیوە. بەڵام لەمپەرێکی گەورەیان لەپێش ماوە بۆ ئەوەی ناسنامەی عێراق ببێتە وڵاتێکی شیعەی عەرەبی، ئەویش مانەوەی کوردستانە.

دەبێت ئێران و شیعەکان ئەوە بزانن کە کوردستان کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم بەشیعەبوونی عێراق و تەواوکردنی هیلالی شیعی، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانن کە کوردستان تا ئەندازەیەک بەغدای بۆ شیعەکان جێهێشتووە بەهۆی ئەوەی کە مەیلی سەربەخۆیی هەیە، ئەگەر لە عێراق بمێنێتەوە بەغدا بەتەنها بۆ شیعە جێناهێڵێت. تەنانەت سوننەکانیش کە ئێستا ڕۆحی تەسلیمبوونیان تێدا دروست بووە، بەهۆی ئەوەیە کە دەزانن کورد جێیاندەهێڵن و بە تەنها شەڕی شیعەیان پێناکرێت، ئەگەر بزانن کوردستان لەگەڵ عێراق دەمێنێتەوە، ئەوانیش بەرەنگاری شیعە دەبنەوە، واتا مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق دەبێتە گرفتێکی گەورەتر بۆ ئێران کە ئەویش بەهێزبوونەوەی سوننەی عەرەبە.

ئێران دەوڵەتێکی گەورەیە، ستراتیجیەتی خۆی بە وردی بنیاتناوە، ئەو بەرژەوەندیانە دەبینێت کە بەستراونەتە سەربەخۆیی کوردستانەوە. ئەوەش دەزانێت ڕێگە لە سەربەخۆیی کوردستان بگرێت هەموو ئەو شتانە پێچەوانە دەبنەوە، بۆیە پێموایە هەڵوێست و لێدوانە نەرێنییەکانی لەو بارەیەوە دەشێ بۆ دوو ئامانج بن، یەکەمیان پشکی زۆرتری دەوێت لە ئایندەی کوردستان و دووەمیش دەیەوێ کوردستان دڵنیایی ئەوەی بداتێ کە دەوڵەتەکەی نابێتە پێگەی نەیارەکانی، بۆ هەردووکیشیان حەقی خۆیەتی.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# گورگ و مەڕی جەژنی قوربان

هێندێک لەوانەی ساڵ دوانزە مانگ بە تاسەی ژەمێک کەبابی گۆشتی بەرخەوەن، هەر کە باسی جەژنی قوربان کرا، دەکەونە ڕەخنەگرتن لە ئاژەڵ سەربڕینی ڕۆژی جەژن. کاری چاکیش دەکەن؛ جەژنی دێرینی قوربان و سەردان و گەردنئازادی با هەبێ و بەردەوام بێ، بەڵام نەک بە نرخی سەربڕینی ئاژەڵی بەستەزمان!

هەڵبەت ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە بۆی بڕوانین، قوربانیکردنی ئاژەڵ کارێکی ئەوەندە خراپیش نییە، بگرە نیشاندەری هەنگاوێکی گەورەی بەرەوپێشیشە لە مێژووی ئادەمیزاد و سرووتەکانی قوربانیکردندا. ئاخر وەک شوێنەوارناسان و مرۆڤناسە کولتوورییەکان دەیسەلمێنن، یەکەم سرووتەکانی قوربانیکردنی ئادەمیزاد، بە ڕشتنی خوێنی مرۆڤ خۆی، دەستی پێکردووە: یەکەمین قوربانییەکانی ئادەمیزاد ئەو ئاژەڵە کۆمەڵایەتییە دوو پێیە بووە کە ناویان لێ ناوە مرۆڤ.

## قوربانیکردن وەک توندوتیژییەکی پیرۆز

لە بنەڕەتدا، سرووتی قوربانیکردن لەپێناوی خێری جڤاکدا بووە. قوربانیکردن توندوتیژییەکی ناچاری بووە لە پێناوی بەلاڵادان لەسەر جڤاک؛ بۆ ئەوەی بەلا بەسەر جڤاکدا نەبارێ، دەبووایە بەلاگەردانی بۆ بکرێت. سەرەتاکان، ئادەمیزاد لەخۆی زیاتر بەلاگەردانێکی دیکەی پێ شک نەهاتووە؛ بۆیە مرۆڤێکی وەک نوێنەری جڤاک دیاری کردووە، تا لەجێگەی هەموو جڤاک، ئەم ببێت بە قوربانی.

## "قوربانیی جێگرەوە"

قوربانیی جێگرەوە دەستەواژەیەکە کە "گیرارد ڕێنە"، مرۆڤناسی ناسراوی فەڕانسەیی، لە کتێبی "توندوتیژی و پیرۆز"دا بەکاری دەهێنێ و لەڕێیەوە باس لەو پرۆسەیە دەکات کە بەهۆیەوە، مرۆڤ لەبری ئەوەی سرووتەکانی قوربانیکردن بە خوێنی ئادەمیزاد بڕەنگێنێ، ئاژەڵی کرد بە قوربانیی جێگرەوەی ئادەمیزاد. واتە، ئاژەڵ بوو بە قوربانیی جێگرەوەی مرۆڤ، مرۆڤێک کە بۆخۆی جێگرەوەی جڤاک بوو.

کاتێک مرۆڤ لە بری جڤاک دەکرێت بە قوربانی، گیرارد ڕێنە، ئەم کردەیە ناودەنێ "جێگرتنەوەی یەک قات". کاتێک، لە قۆناغی دواتری قوربانیکردندا، ئەمجارەیان ئاژەڵ جێگەی ئادەمیزادا دەگرێتەوە، گیرارد ڕێنە ئەم هەنگاوەیان ناو دەنێ "جێگرتنەوەی دووقات" (double substitution). بە لێکدانەوەی گیرارد ڕێنە، "جێگرتنەوەی دووقات" وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوەی مێژووی ئادەمیزادە، چونکە توندوتیژی خۆی لەخۆیدا شتێکی خراپ و ماڵوێرانکەر بووە. کەچی کاتێک لە سۆنگەی میکانیزمی جێگرتنەوەی دووقاتەوە، مرۆڤ توانی "خراپە"ی توندوتیژی لەسەر مرۆڤ بڕەوێنێتەوە، ئیدی توندوتیژی بوو بە شتێکی "چاک"، بە توندوتیژییەکی پیرۆز.

## قوربانیی ئایدیال: ئاژەڵێک هاوتامی مرۆڤ

من لێرەدا ناچمە سەر وردەکاریی ئەو باسە کە ئاخۆ لە چ پرۆسەیەکدا بەقوربانیکردنی مرۆڤ گۆڕدرا بۆ بەقوربانیکردنی ئاژەڵ. بەڵام دەشێ بەبەردەوامی لەخۆمان بپرسینەوە ئاخۆ ئەو هەنگاوە چ بایەخێکی بۆ "بەمرۆڤبوون"ی مرۆڤ هەبووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش بە هەرباریکدا بدەینەوە، یەک ڕاستیی ساکار بەڵام سامناکی پێ لەبیرنابردرێتەوە، ئەوەی کە: قوربانیکردنی ئاژەڵ درێژە و یادگاریی سرووتی قوربانیکردنی مرۆڤە هەر بەدەستی مرۆڤ خۆی. دیاردەیەکی جێی شوورەیی کە بەشێوەیەکی هاودژانە، مرۆڤ هەم دەخوازێ خۆی لێ نەبان بکا و هەم پێداگری لەسەر بەیادهێشتنەوەی دەکا. لە جەوهەری ئەم پاراڎۆکسەشدا ئەو ڕاستییە خۆی حەشارداوە کە وا دیارە مرۆڤ نایەوێ لە ناسێنەی سەرەتایی خۆی، وەک "جێگرەوەی یەک قات"، داببڕێ!

ئەگەر لە سرووتی قوربانیکردنەکاندا، هۆی جێگۆڕکێی مرۆڤ بە ئاژەڵ، هۆیەکی ئەخلاقی بووبێت (وەک شەرم یان بەزەیی لە چاوی پڕ لە پاڕانەوەی ئینسانی قوربانی) یاخود هۆیەکی ئابووری (وەک دەستپێوەگرتن بە ئەژماری ئەندامانی جڤاک)، لە هەرحاڵدا، وا دیارە مرۆڤ —تەنانەت دواتر و لە قۆناغی "جێگرەوەی دووقاتیشدا" – تەنیا ئەو دەمانە ئۆخژنی بە قوربانیکردن هاتووە کە قوربانییەکەی هیچ نەبێ تۆزێک بۆنی ئادەمیزادی لێهاتبێت!

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە، وەک گیرارد ڕێنە بە باشی دەیسەلمێنێ، هەموو ئاژەڵێک نەیتوانیوە هەستی بەلاوەگێڕبوون لە مرۆڤدا بخولقێنێ. ئەو ئاژەڵەی بۆ قوربانیکردن هەڵبژێردراوە، هێندراوەتە ناو جڤاکی مرۆڤەوە، قەیرێکی چاک لە گەڵ مرۆڤەکان هێڵدراوەتەوە تا ئەگەر ڕەنگی مرۆڤیش نەگرێ ئەوا بۆنی مرۆڤ بگرێت. تەنانەت لە هێندێک لە جڤاکەکانی ئەفریقادا ئاژەڵی هەڵبژێردراو ناوێکی وەک ناوی دانیشتوویەکی گوندەکە یان خێڵەکەشی لەسەر دانراوە و بگرە وەک مرۆڤێکیش ڕێزی لێ گیراوە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی هەتا ئەو جێیەی کە دەلوێ، گرێدراوییەکی هەستەکی لە نێوان ئاژەڵی قوربانی و مرۆڤەکانی دیکەی جڤاکدا پێکبهێنرێت. بەم شێوەیەش، ئاژەڵی قوربانی دەبووە نوێنەری ئەندامێکی جڤاک و لە ڕێی ئەویشەوە، نوێنەری تێکڕای خێڵ و جڤاکەکەی. ڕێک ئا لەم ئاستەشدا بووە کە مرۆڤ هەستی کردووە ئاژەڵە قوربانییەکە بۆ جێگرتنەوەی ئادەمیزاد دەست دەدات! وەک گیرارد ڕێنە دەگێڕێتەوە؛ "بۆ ئەوەی ئاژەڵ بۆ نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤ بلوایە، دەبوو وەک مرۆڤ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت". لە خۆڕا نییە کە هەرگیز ئاژەڵی کێوی و نادەستەمۆ بۆ قوربانیکردن بەکارنەهێنراوە! ئەمەش وەنەبێ تەنها بە میراتی ئایینە ئیبراهیمییەکانەوە پەیوەست بێ.

ئەفسانەکانی گریکی کەوناراش هەر بەم ئاقارەدا چوون.. سرووتی ڕۆمییەکان و نەریتی خێڵە مێکزیکییەکانی بەر لە کۆلۆمبووسیش هەر هەمان ڕاستی دەنوێنن.

## ئەفسانەی فریادڕەس و پیرۆزکردنەوەی توندوتیژی

ئەو سەردەمانەی مرۆڤ لە بەرامبەر هێزی سروشتدا داماو بوو، لە ئاسمانەکاندا بۆ فریادڕەسێک دەگەڕا. "فریادڕەس" بەڵام هەر بۆخۆی بووە سەرچاوەیەکی دیکەی ترس؛ ڕێزی تێکەڵ بە ترس. داماوییەکانی ئادەمیزاد، هەر جارەی مرۆڤی بە ئاقارێکدا بردووە؛ قوربانیکردن باجێک بووە بۆ ڕەواندنەوەی ترسی فریادڕەس. مرۆڤ ئەفسانەکانی خۆی چێ کردووە و هەر لە چوارچێوەی ئەفسانەکانیشیدا، ڕەوایەتیی سرووتەکانی خۆی دابین کردوون. لەڕاستیدا تەنها شتێک کە دەشێ بگۆڕێ و یەکبین دەشگۆڕێ، تێم و تەونی ئەفسانەکانە: پاساوی قوربانیکردنەکان؛ دەنا سرووتی قوربانیکردن و دابی قوربانیکردن، هەروا لە جێگەی خۆیەتی. لەڕێی ئەفسانەکانەوە، پاساو بۆ توندوتیژیی ئەودیو سرووتی قوربانیکردن دەهێنرێتەوە و هەر ئەوەندە! لەم ڕوانگەیەوە، ئەفسانە چیرۆکی درۆزنانەی بکوژە، کە لە پێناوی پاساوهێنانەوە بۆ کوشتنی قوربانییەکانی دادێ، یەکبین بەرهەم دەهێنرێتەوە.

لە چیرۆکی ئیبراهیمدا، دەستڕاگرتن لە قوربانیکردنی ئیسماعیل، سەرلەنوێ وەک بەڵگەیەک بۆ بەرزنرخاندنەوەی سرووتی قوربانیکردن وێنا دەکرێ: لەوێدا خوایەک هەیە کە بە میهرەبانیی خۆی، مەڕێک دەنێرێتە خوارێ و ڕێگە دەگرێ لە سەربڕینی ئیسماعیل بە دەست باوکی. لێرەشەوە، هەموو بەچکەی ئادەمیزاد، بۆ تاهەتایە دەکاتە قەرزاربارى ڕەحمەتی خۆی. منداڵانێک کە دەبێ چاو لە باوکی ئاسمانەکان بکەن و وەک ڕێزێکیش بۆ چاکەی ئەو، ئەوانیش بە کوشتنی یەکبینی ئاژەڵەکان، لە سرووتی قوربانیکردنەکانیان بەردەوام بن. لە چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیلدا، جێگۆڕکێی قوربانییەکان دەکرێ بە ڕاز و نهێنیی بەپیرۆزکردنی قوربانیکردن. لە هەموو شتێکیش دزێوتر، ڕازاندنەوەی کردەی سەربڕین بوو: جوانکردنی مانای کوشتن؛ نیشاندانی سەربڕینی گیانلەبەر وەک هێمای ژیانگێڕانەوە (بۆ ئیسماعیل) نەک گیان ئەستاندن لە گیانلەبەرێکی تر!

خۆ گومان لەوەدا نییە کە ئەفسانەکان چیرۆکی پارێزگاری لە جیهانی کۆن بوون. گومان لەوەش نییە کە بەشێوەیەکی مێژوویی و لە بەستێنی ئەفسانەکاندا، سرووتی قوربانیکردن (وەک میکانیزمی بەلاوەگێڕی) ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە هێشتنەوە و پارێزگاری لە جڤاکەکاندا گێڕاوە. "بەلاوەگێڕەکان" واتە قوربانییەکان، دەلیلی دڵنیایی ناوخۆیی و پارێزەری جڤاک لە تووناوبوونی ناوخۆیی و مەترسیی دەرەکیش بوون. هەڵبەت ئەوەی نابێ لەبیری بکەین ئەوەیە کە بەردەوامبوون لە ڕیچواڵ و سرووتی قوربانیکردن تەنها بەیەک مەرجی گرینگ مەیسەر بووە: بەپیرۆزکردنی توندوتیژی. بەردەوامبوون لەسەر سرووتی قوربانیکردن، تازەکردنەوەی یەکبینی سۆز و وەفادارییەکی وشیارانە یان ناوشیارانەیە بەرامبەر بە سیحری خوێن و ختووکەی توندوتیژی.

## دڕندەیەک، وەفادار بە زاتی خۆی

ئادەمیزاد، لەڕێی قوربانیکردنی ئاژەڵەوە، پێویستیی هەنووکەیی قوربانیکردنی مرۆڤ وەبیرخۆی دەهێنێتەوە. دەڵێی قەدەرە و، مرۆڤ دەبێ بۆ تاهەتایە سەرخۆشی خوێن و خوێنڕشتن بمێنێتەوە. سرووتی قوربانیکردن، میکانیزمێکە بۆ مشتومالدانەوەی هەست و، جۆشدانەوەی گیانی مرۆڤکوژیی دێرینی ئادەمیزاد لە ڕێی پرۆڤەی ئاژەڵکوژییەوە! لەخۆوە نییە زانا و توێژەری وەک گیرارد ڕێنە، هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی و جێی بایەخ لە نێوان کولتوورە مرۆڤ بەقوربانیکەرەکان و ئەو کولتوورانەدا کە پێشتر یان ئێستاش خەریکی قوربانیکردنی ئاژەڵن، نابینێتەوە. ڕێنە دەڵێ؛ "لە هەردوو کولتوورەکەدا هۆیەکانی قوربانیکردن و میکانیزمی هەڵبژاردنی قوربانی، لە بنەڕەتدا وەکوو یەک وان"!

ئێستا ڕەنگە ئەو ڕاستییە تاڵانەی سەرەوە بڕیک هەژێنەر بێنە بەرچاو. بەڵام هەژێنەرتر ئەوەیە کە کاتێک چاوێکی خێرا بەدەوروبەری خۆماندا دەگێڕین؛ دەبینین کە پاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ، هێشتاش هەست ناکەیت گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر مرۆڤدا هاتبێ؛ هێشتاش سەربڕینی مرۆڤ، هەرماوە. هێشتاش وەهمێک بەناوی "شەرەف" دەکرێ ببێتە پاساوی ڕشتنی خوێنی ئینسانێک. هێشتاش دەکرێ سەدان کەس بەهێمنی ڕاوەستن و چاو لە لاقەفرتەی دەمی گیاندانی لەسێدارەدراوان بکەن. هێشتاش دەشێ مرۆڤێک خۆی بەخەڵکی تردا بتەقێنێتەوە بۆ ئەوەی پێی بچێتە بەهەشت. هێشتاش دەشێ هەزاران مرۆڤی بێتاوان لە پێناوی ئامانجێکی پووچدا کۆمەڵکوژبکرێن. هێشتاش دەکرێ لە پێناوی خودادا —جا ئاسمانی بێت یان زەمینی–، مافی ژیان لە ملیۆنان "مەخلوقی خودا" زەوت بکرێت. بەڕاست، بەو هەموو سەدە و هەزارەی وەرسووڕاوە، چ شتێک لە زاتی ئادەمیزاد گۆڕاوە؟! هەڵبەت لە یەک بواردا پێشکەوتنی مرۆڤ حاشا هەڵنەگرە: گەشەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیای ئەنجامدانی توندوتیژی!

## "گورگی مرۆڤ" و ئەفسانەی ڕزگاری

پاساوی کەونارای مرۆڤی سەرەتایی بۆ قوربانیکردن، ئاڕاستەدان بە هێزی سروشت، ڕاگرتنی دڵی خواکان و دواجار جۆشدانەوەی ڕۆحی دەستەجەمعیی جڤاک بووە. هەمیشە شتێک هەبووە کە مرۆڤ باجی پێداوە؛ قوربانیدان جۆرێک بووە لە باجدان لە پای ترس لە شتێک و سڵەمینەوە لە هێزێک کە دەشێ وێرانکەر بێت. هەموو جارێکیش ئەم هێزە وێرانکەرە، ئەم فاکتەرە قوربانیخوازە، ڕەگەزێک بووە لە دەرەوەی ئیرادەی ئادەمیزاد– یان هیچ نەبێ بەوشێوەیە وێناکراوە. بەڵام ئەمە گەر وەهمیش نەبێ، هیچ نەبێ خۆگێلکردن لە زۆرینەی هەقیقەتە. ئاخر تۆماس هۆبز گوتەنی؛ مێژووی پڕ لە ڕەنجی ئادەمیزاد پێمان دەڵێ: "گورگی مرۆڤ، مرۆڤ بۆ خۆیەتی". ئەوەی مرۆڤ بە مرۆڤی کردووە، هیچ هێزێکی دەرەکی پێی نەکردووە. بۆیە ڕەنگە ئەوەش کە دەبێ مرۆڤ لێی بسڵەمێتەوە هەر لە ناخی مرۆڤ خۆیدا بێت! ئەوە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو ڕێوشوێنانەی مرۆڤ گرتوونیە بەر، پێش هەموو شتێک لە خزمەتی دوورخستنەوەی بەرپرسیارێتی لەسەرشانی ئادەمیزاد خۆیدا بوون!

دەنا ئەگەر لە شتێک دەترسین، ئەگەر بەدووی ڕزگارییەوەین لە دەست شتێک، ئەو شتەی لێی تۆقاوین، ئەو شتە دەشێ پێش هەموو شوێن، لە ناو ناخی خۆماندا بێ. "سەرچاوەی شەڕ و خراپە" لە دەرەوەی مرۆڤدا نییە. بەلاگەردانی مرۆڤ دەشێ تەنها من–ی ناخی مرۆڤ خۆی بێت. نیچە گوتەنی؛ "خود–ی [ناخی] منە ئەو شتەی کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بین. هەر خود–ی منە ئەو شتەی ئابڕووی مرۆڤی بردووە". ئاسمانەکان کەسیان لێ نییە. تەنانەت ئەو کەسەش کە نیچە پێی دەڵێ "مەجازی شاعیرانە".

نیچە گوتەنی؛ "مرۆڤە ئەو شتەی کە دەشێ بەسەریدا زاڵ ببین"!

کەواتە، "جەژنی قوربان"، وەک بیانوویەک بۆ شادی و گەردنئازادی، با ببێ و بمێنێ. بەڵام نا بۆ "سرووتی قوربانیکردن"؛ بۆ نەریتی کوشتن و خوێنڕشتن!



محەممەد دڵشاد

# بۆچی تورکمان پشتگیریی گشتپرسی بکەن؟

تورکمان بە زۆرینەی دەنگ پشتگیریی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. ئەمە هەلی ئەوانە بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی و پەرتەوازەیی کە بەشێکیان لە سنووری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندان و بەشێکیان لە سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

ئەوان لەگەڵی دەبن، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەڕێز مەسعوود بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پێکهاتەکان دووپاتی کردەوە کەوا دەوڵەتی کوردستان نیشتیمانێک دەبێت بۆ تەبایی و پێکەوەژیان، چەسپاندنی مافەکان بەپێی دەستوور و یاسا دەبێت، سەرباری گۆڕینی ئاڵا بۆ ئاڵایەکی نوێ کەوا هێمای ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان نیشان بدات.

تورکمانەکان مەبەستیانە دووربکەونەوە لەو کێشە و گرفتە مەزهەبیانەی لە عێراق هەن. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تورکمان چەندین جار تووشی نەهامەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی هاتوون، بەتایبەتی لەپارێزگای کەرکووک و شارۆچکەی داقوق.

یەکێک لەو نەهامەتییانە ئەوە بوو کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا تورکمانەکان ناچار دەکران خۆیان بە عەرەب ناونووس بکەن، وێڕای داگیرکردنی زەویوزارەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی، تورکمان وەک کەمینەی نەتەوەیی هەژمار نەکرا، هەربۆیە لە پەرلەمانی عێراقدا تەنیا یەک ئەندام پەرلەمانی هەیە کە ئەویش لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبەکاندایە، کەچی لە پەرلەمانی کوردستان تورکمانەکان بە دەنگێکی کەمتر لە کوردەکان دەردەچن و دەبنە ئەندامی پەرلەمان. ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت و ناوچە دابڕاوەکان بخرێنە سەر کوردستان، ڕێژەی تورکمان زیاتر لەبەرچاو دەگیرێت و دەبێتە نەتەوەی دووەم لەم وڵاتەدا و دەتوانێ گشت مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ.

هەروەها بەهۆی هێزی پێشمەرگەوە تورکمانەکان دڵنیا دەبن کە جارێکی دیکە خاک و شەرەف و ناموسیان ناکەوێتە بەردەستی تیرۆریستان وەک ئەوەی لە تەلەعفەر و چەند شوێنێکی دیکە ڕوویدا.

لە کۆنەوە پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و برایەتی هەیە لەنێوان کورد و تورکمان. زۆربەی خێزانەکانی ئەو ناوچەیە نیوە کورد و نیوە تورکمانن. واتا پەیوەندی و تێکەڵییەکی خێزانیی پتەو هەیە لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا.

ئێمە باوەڕمان وایە کوردستان دەبێتە ئەو دەوڵەتەی هەموو نەتەوەکان هاوشێوەی تورکمان لە پەراوێزی و پشتگوێخراوی ڕزگار دەکات و هەستی نەتەوەییمان پێدەبەخشێت. ئەوکات تورکمان وەکو نەتەوەی دووەم کە نەتەوەیەکی دیار و سەرەکی دەبێت، هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانی دەوڵەتی کوردستان دەبن و لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا بەهێزتر دەبن. ئەمە زیاتر متمانە و ئیرادەمان پێدەبەخشێ.

بە گەڕانەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کوردستان دەبێتە پەناگەیەک بۆ سەرجەم ئەو نەتەوە و کەمینانەی کە لەم ناوچەیە دەژین و پشکی شێریش بەر تورکمان دەکەوێت. تورکمان بەو شێوەیە دوور دەکەوێتەوە لە شەڕی تایفی و مەزهەبی و لەژێر چەتری دەوڵەتی کوردستاندا، لەگەڵ کورد و سەرجەم نەتەوەکانی دی بە ئاشتی و تەبایی وەکو برا دەژین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پشتی پەردەی گرتنی دوو میتەکەی تورکیا

1

لە 4ی تەممووزی 2003، هێزێکی ئەمریکی بە هاوکاریی هێزێکی تایبەتی یەکێتی بە فەرماندەیی پاڤڵ تاڵەبانی، هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی بەرەی تورکمانی لە سلێمانی و تورگەیان لەسەر 11 ئەفسەر و پلەداری تورک کرد و دوای 60 سەعات ئازادیان کردن.. بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس، جەلال تاڵەبانی کە هاوکار و ئاگاداری هاتنی ئەو سەربازە تورکانە بوو، خەبەری لەو ئەفسەرە تورکانە دابوو، بە ئەمریکییەکانی گوتبوو کە ئەوانە بۆ کوشتنی عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکووک هاتوون. کوڕەکەی تاڵەبانی بە کامێرای ڤیدیۆ ئەو دیمەنانەی تۆمار کرد و لە ڕێگەی ئیلنوور چەڤیکی ڕۆژنامەنووسەوە دزەی پێکردە ناو میدیای تورکیا. سەیر ئەوەیە لەم ڕووداوەی ئێستاشدا کە دوو میتی تورک گیراون و بووەتە هۆی دەرکردنی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، هەمان ناو (ئیلنوور چەڤیک) بە جۆرێک دێتە ناو باسەکەوە.

سیناریۆی یەکەم ئەوەیە کە یەکێتی نیشتمانی لە ڕێگەی گوتەبێژەکەیەوە ڕایگەیاندووە گوایە خەرقێکی ئەمنی ڕوویداوە (بێ ئەوەی بگوترێ خەرقەکە کێ کردوویەتی؟ پەکەکە کە میتەکانی ڕفاندووە، یان تورکیا کە میتی بۆ سلێمانی ناردووە؟) و ڕووداوەکە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە، بەڵام سەیر ئەوەیە تورکیا داوای کەسە ڕفێنراوەکانی لە یەکێتی دەکاتەوە، نەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان!

سیناریۆی دووەمیش هەر هی ناو یەکێتییە، بەڵام ڕەسمی نییە و دەڵێ ئەو دوو میتە پێشتر بە ئاگاداریی یەکێتی لەگەڵ پەکەکە کۆبوونەتەوە و ئەمجارە ویستوویانە بێ ناوبژیکەر دانیشن و پەکەکە ڕفاندوونی. ئەوەش سیناریۆیەکی لاوازە، چونکە ئەگەر بەڕاستی گفتوگۆ لەنێوان پەکەکە و میتدا هەبووبێت، پەکەکە بۆ بیانڕفێنێت؟ بۆ گفتوگۆ لە قەندیل دەبێ و لە سلێمانی نابێت؟ دوو کارمەندی میت چۆن دەتوانن گفتوگۆیەکی وا گەورە بەڕێوە بەرن؟

سیناریۆی سێیەم هی پەکەکەیە کە هەم دەیەوێ بەسەرێکدا ئۆباڵی ڕووداوەکە لە ئەستۆی یەکێتی لاببەرێت و بڵێت خۆم شتەکەم دۆزیوەتەوە و خۆم کەسەکانم دەستگیر کردوون کە گوایە بۆ تیرۆر کردنی جەمیل بایک هاتوونەتە سلێمانی! دوو کارمەندی بێ چەکی میت و تیرۆرکردن و ڕفاندنی کەسێکی وەک جەمیل بایک؟!

---

## سیناریۆ هەرە بەهێزەکە کامەیە؟

2

تورکیا بە وردی ئاگای لە جموجۆڵە تەنزیمی و سەربازییەکانی پەکەکەیە لە ناوچەکانی ژێر نفوزی یەکێتی و لەوەش نیگەرانە. لە ناوەڕاستی شوباتی ئەمساڵ هەمان ئیلنوور چەڤیک (کە ئێستا ڕاوێژکاری باڵای سەرۆککۆماری تورکیایە)، ڕایگەیاند کە بەمزووانە سەرکردەیەکی گەورەی پەکەکە لە کوردستانەوە ڕادەستی تورکیا دەکرێتەوە. هەر زۆریشی پێ نەچوو کە لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی یەکێتی لە تورکیاوە، بەناوی ڕاوێژکاری ئەردۆغان هاتە سلێمانی و چاوی بە مام جەلال کەوت! لە میدیای فەرمیی یەکێتیش بڵاوبووەوە. پێدەچێ ئیلنوور چەڤیک ئاگاداری هەندێک شت بووبێ کە لە نێوان تورکیا و بەشێکی یەکێتیدا لەئارادا بووە. بەڵام دیسانیش ئەگەر شتێکی وا لەئارادا بووبێت، ئەوا ئەو کارە بە دوو کەس ناکرێت وەکوو پەکەکە بانگەشەی بۆ دەکات!

بۆیە دەشێ ئەو دوو میتە کاریان ئەوە بووبێت کە زانیاری لەسەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە کۆبکەنەوە، بە تایبەتیش کە ئیشیان لە سلێمانی تەواو بووە و چوونەتە ڕانیە! ئامانج ئەوە بووە کە تورکیا ئۆپەراسیۆن لەناو قووڵایی سلێمانی ئەنجام بدات، بەڵام هەر دیسان لەسەر دەستی یەکێتی (کە دەگوترێ میتەکان پێشتر لەلایەن ئاسایشی ڕانیەوە دەستگیرکراون و دوای لێکۆڵینەوە، ڕادەستی پەکەکە کراون) کارەکە نیوەچڵ ماوە. هەر بۆیەشە تورکیا لەو مەسەلەیەدا یەکێتی بە بەرپرسیار دەزانێت و داوای کارمەندەکانی میت لە یەکێتی دەکاتەوە!

هەر یەک لەو سیناریۆیانەی سەرەوە ڕاست بن یان هەڵە، فاکتێکی گرنگیان تێدایە کە ئەویش ئەوەیە یەکێتی لە ئەنجامی سیاسەتی پێداهەڵگوتن بە پەکەکە لە ڕقی پارتی، بەشێکی زۆری ڕای گشتی و تەنانەت کادیرەکانی خۆیشی پێشکەشی پەکەکە کردووە. هەر سیناریۆیەکی سیاسی و سەربازی کە پەکەکە مەبەستی بێت، بە هاوکاریی خەڵکی ئەو ناوچانە ئەنجامی دەدات، جا چ گرتنی دوو میت بێت بۆ تێکدانی پەیوەندیی تورکیا و یەکێتی، یان بەگژیەکدا کردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی دەڤەری بناری هەڵگورد! پەکەکە هەموو ئەوانە بە هاوکاریی ئەو کەسانە دەکات کە کادیر، لایەنگر و تەنانەت بەرپرسی ناوچەیی یەکێتین. بۆیە دەبێ یەکێتی ئەوەی خۆی بۆ ئێرانی ناکات، ڕێگە نەدات پەکەکە لەناوچەی نفوزی ئەودا بۆ ئێرانی بکات.

## دوا هەڵوێستی گۆڕان!

3

ئەوە چەندین مانگە هەر کۆبوونەوە دەکرێت بۆ ئەوەی دوا هەڵوێستی گۆڕان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بزانرێ چییە؟! ڕاستییەکەی هەڵوێستی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو، کوشتنی کات لە پێناوی کارانەکردنەوەی پەرلەمان، ئەوە پوختەی هەڵوێستی گۆڕانە. تا پارتی مەرجی هەبوو ئەوان داوای کاراکردنەوەی بێمەرجیان دەکرد، کە پارتی مەرجی نەما ئەوان مەرجیان دانا! تا پارتی دەیگوت با حیزبەکان لەدەرەوەی پەرلەمان ڕێکبکەن، ئەوان دەیانگوت نەخێر لەناو پەرلەمان، کەچی ئێستا دەڵێن لە دەرەوەی پەرلەمان! بزووتنەوەی گۆڕان توانای بڕیاری سیاسی نەماوە. بەڵام دوایین هەڵوێستیان سەبارەت بە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی جورئەتێکی سیاسی گەورەیە و نیشانەی ئەوەیە سەرکردەکانی ئێستای گۆڕان کە زۆربەیان نزیکەی پەنجا ساڵ خەباتیان بۆ سەربەخۆیی کردووە، دەڵێن ئەگەر گشتپرسی کرا، دەڵێن بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. چاوەڕوانی زیاتر لەوە لە گۆڕان مەکەن و دوای گشتپرسی پەرلەمان کارا بکەنەوە، ئەوکاتە ڕەنگبێ گۆڕان بتوانێ بڕیار بدات.

---



زریان ڕۆژهەڵاتی

# بەر لە گشتپرسی، کەرکووک دەتەقێتەوە؟

ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک، لە واتایەکدا جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەبێت کە ساڵانێکە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا پەکیانخستووە.

زۆربەی بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی کوردیش بە ئاگان لەوەی کە هێشتنەوەی دوورگەیەک بۆ داعش لە حەویجە، لە چمکی باشووری خۆرئاوای کەرکووک، ستراتیژێکی غەیری شەڕی تیرۆری لەپشتە! ئەویش ڕێخۆشکردنە بۆ گەڕانەوەی سوپا و هاتنی حەشدی شەعبی بۆ کەرکووک. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا بەر لە 9/25 ئەو ستراتیژە بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت یان نا؟ ئەگەر وابێت، گونجاوترین سیناریۆی گەڕانەوەی سوپا- هاتنی حەشد کامەیە؟

### کەرکووک و گشتپرسی

نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک لە تازەترین لێدوانیدا ڕایگەیاندووە کە ئەوان لە کەرکووک گشتپرسی دەکەن. لە بەینی عەرەب و تورکمانەکانیشدا، بەرەی تورکمانی زیاتر لە هەموان دژی گشتپرسی دەردەکەوێت. بەپێی ئامارەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 2014، ژمارەی دەنگی یەکێتی+ پارتی لە کۆی 570759 دەنگی سندوقەکان، 273040 دەنگ بووە.

ئەگەر وای دابنێین کە تورکمان و عەرەبەکان دەنگ بە نەخێر دەدەن، ئەوا لەبەرامبەر دەنگی بەڵێی گریمانەیی کورددا، 71492دەنگی بەرەی تورکمانی و 53796 دەنگی ئیئتیلافی ئەلعەرەبییە و 38328 دەنگی ئیئتیلافی عەرەبی کەرکووک هەیە کە دەکاتە 163616 دەنگ. دیارە بەهۆی ئاوارەبوون و کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی بەهۆی جەنگی داعش و تەنانەت زیادبوونی دەنگدەری نوێ، ئەو ژمارانە دەگۆڕێن.

لە سیناریۆیەکی دیکەشدا بەشێک لە تورکمان و عەرەبەکان پشتگیریی دەنگی بەڵێ دەکەن و بەشێکیشیان بە تایبەتی بەرەی تورکمانی بایکۆتی دەکات و بەوجۆرەش ژمارەی دەنگی نەخێر زۆر کەمتر دەبێتەوە.

### بەغدا و گشتپرسی لە کەرکووک

حکومەتی ناوەندی هیچکات نەیشاردووەتەوە کە دەیەوێت هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە پێش قۆناغی هاتنی داعش و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پاشەکشە بکەن، بەڵام دەزانێت ئەمرێکی واقیع هەیە و تەنها بە داواکردن بۆی ناچێتە سەر. کەوابوو چی دەکات؟

هەنگاوی یەکەمی بەغدا دانوستاندن دەبێت و هەوڵ دەدات لەڕێی دانوستاندنەوە ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک بە دەردی مادەی 140 بەرێت. ئەگەر ئەمەش سەری نەگرت ئەوسا هەوڵی زیادکردنی دەنگی نەخێر دەدات. بۆ ئەوەش جگە لە دانوستاندن لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان، هەوڵی کاریگەری دانان لەسەر کورد لەڕێی ناونووسکردن لە حەشدی شەعبی و تەهدیدی بڕینی مووچە دەدات.

کارتی بڕینی مووچە یەکێکە لە بەهێزترین کارتەکانی حکومەتی بەغدا بۆ زیادکردنی دەنگی نەخێر لە گشتپرسییەکەی کەرکووک. بەپێی ئامارێکی ناڕەسمی نزیکەی 70 هەزار مووچەخۆری کەرکووک لە بەغداوە مەعاش وەردەگرێت کە ئەمەش بۆ ئەنجامی گشتپرسی لە کەرکووک، ژمارەیەکی یەکلاکەرەوە دەبێت.

#### فەوزای ئەمنی و گەڕانەوەی سوپا

"لە هەر فەوزا و بێ نەزمییەکدا نەزمێک شاراوەیە" و دەرکەوتنی فەوزایەکی ئەمنی لە کەرکووک دەتوانێت ئەو نەزمە سیاسی و ئەمنییە پێشکەشی بەغدا بکات کە چاوەڕوانیەتی. باشترین ڕێگاش بۆ ئەمە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی دزەکردنەوەی داعشە بۆ ناو کەرکووک.

ئەگەر ژمارەیەکی گریمانەیی وەک 100 چەکداری داعش، هاوشێوەی ساڵی 2016 بێنە ناو کەرکووک و فەوزایەکی ئەمنی دروستبکەن، ئەوسا حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دەتوانن وەک هێزێکی فریادڕەس بێنە ناو کەرکووک و لەوێ بمێننەوە.

هێشتنەوەی داعش لە حەویجە و جموجۆڵی گوماناویی داعش لەوێوە بۆ ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەویش لە کاتێکدا کە سوپا و حەشدی شەعبی لە سێکوچکەی تکریت- بەشیر- ئامرلی دەتوانن بە ئاسانی گرفت بۆ هاتوچۆی داعش دروستبکەن، نیشانەی ئەوەن کە ستراتیژی ڕاستەقینەی بەغدا گەڕانەوەیە بۆ کەرکووک. باشترین ڕێگای ئەمەش، ئەوەیە کە وەک فریادڕەس بگەڕێتەوە نەک وەکوو هێزێکی دژە کورد.

ڕەنگە پێش گشتپرسی، فەوزایەکی ئەمنی لە کەرکووک بخولقێ. چونکە ئەو فەوزایە، نەزمێکی ویستراوی لێ دەکەوێتەوە. جا پێویستە هەرێمی کوردستان حیسابە ئەمنی و سیاسییەکانی خۆی بۆ ڕێگرتن لە دۆخێکی گریمانەیی وەها بکات.

---



عومەر ئەحمەد

# کورێگزێت

25ی ئەیلول هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان دەڕۆنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بەپێچەوانەی گشتپرسییەکەی بەریتانیا کە لە ڕۆژی 2016/6/23 بەڕێوەچوو، ئەنجامی گشتپرسییەکەی کوردستان چاوەڕوانکراوە و زۆرینەی خەڵک دەنگ بە جیابوونەوە لە عێراق دەدەن.

هەرێمی کوردستان و بەریتانیا هەرچەندە دوو پێکهاتەی تەواو جیاوازن لە دوو جوگرافیای زۆر جیاوازتر، بەڵام ئەو کێشانەی کە دوای پرۆسەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (برێگزت) سەریان هەڵداوە و دەبێت چارەسەر بکرێن، هاوشێوەی ئەو کێشانەن کە دوای گشتپرسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕوودەدەن.

بەریتانیا ماددەی 50ی لیسبۆنی کردە بەڵگە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا و هەرێمی کوردستانیش دیباجەی دەستووری عێراقی کردووەتە بەڵگە بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسی.

### دوو ساڵ دانوستاندن

بەپێی ماددەی 50ی لیسبۆن، ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە لەلایەن وڵاتێکەوە کارا بکرێت، ئەوا دەبێت لە ماوەی دوو ساڵ دانوستاندندا، کێشەکان لەنێوان ئەو وڵاتە و یەکێتی ئەورووپا چارەسەر بکرێن و ڕێککەوتنێکی نوێ بێتە ئاراوە. بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش چەندین جار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەنجامدانی گشتپرسی بە مانای ڕاگەیاندنی دەستبەجێ سەربەخۆیی نییە و ئەوە پەیوەستە بە دانوستاندنەکانیان لەگەڵ بەغدا. هەرچەندە هێشتا ڕانەگەیێنراوە، بەڵام پێدەچێ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی گشتپرسی مانگی ئەیلول، هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکانی لەگەڵ عێراق دیاری بکات. دەکرێ وەک بەریتانیا ماوەی دوو ساڵ بۆ جیابوونەوە لەگەڵ عێراق دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەم کێشەکان چارەسەر بکرێن و هەم هەرێمی کوردستان سیستەمی ئابووری و سیاسیی خۆی بۆ ئەو جیابوونەوەیە ئامادە بکات. ئەوەی لێرەدا گرینگە، ئەوەیە کە هەندێ لە وەزیرەکانی حکومەتی بەریتانیا جگە لەو دوو ساڵ دانوستاندنە، خوازیارن ماوەی سێ ساڵ وەک قۆناغی ڕاگوزەر دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی برێگزێت کەمترین زیان بە ئابووری و بازرگانیی بەریتانیا بگەیەنێت.

دیسان دانانی قۆناغی ڕاگوزەر لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی باشووری کوردستان پێدەچێت زۆر پێویست بێت، چونکە لەڕووی ئیداری و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بۆ ئەوەی دەوڵەتی باشووری کوردستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا مامەڵە بکات، پێویستە زۆر ئامادەکاری بکات. چاپکردنی دراو و دانانی بانکی ناوەندی و دەرکردنی پاسپۆرت و ڕێکخستنی کاروباری دەرەوە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە جیاوازەکان، پێدەچێت کاتێکی زۆری پێویست بێت.

### مافی نیشتەجێبوون

3.2 ملیۆن ئەورووپی ئێستا لە بەریتانیا دەژین و 1.2 ملیۆن بەریتانیش لە وڵاتانی ئەورووپی نیشتەجێن. بەپێی یاساکانی یەکێتی ئەورووپا تا پێش ئەوەی بەریتانیا بەتەواوەتی لە یەکێتی ئەورووپا جیابێتەوە، هاووڵاتیانی هەردوولا بۆیان هەیە سەربەستانە لە هەر وڵاتێک کە بیانەوێت ژیانیان بەسەربەرن و مافەکانیشیان پارێزراوە، هەڵبەت هاتوچۆی ئەو کەسانە پێویستی بە ڤیزا نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەریتانیا بە کردەیی لە یەکێتی ئەورووپا جیابووەوە، چارەنووسی ئەوانە چی دەبێت؟ ئەم پرسە سەرەکیترین بابەتی دانوستاندنەکانی برێگزێت بوو کە لە 2017/6/19 دەستپێیکرد. تا ئێستا دوو خولی دانوستاندنەکان بەڕێوەچوون و لەسەر ئەو پرسە هەندێ پێشکەوتن بەدەستهاتووە. بەریتانیا پێشنیازی کردووە مافی نیشتەجێبوون بەو ئەورووپیانە بدات کە 5 ساڵ لەو وڵاتە ژیان بەسەردەبەن.

کێشەی هاتوچۆی هاووڵاتیانی عێراقی و کوردستانیش دوای جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بە کردەیی سەرهەڵدەدات. جگە لە خەڵکی ئاسایی، هەندێ کەسی وەبەرهێن و پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکان و مامۆستایانی زانکۆ دوای تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی عێراق لە 2005 ڕوویان لە کوردستان کرد. چارەنووسی ئەو کەسانە دەبێتە کێشەیەکی هاوشێوەی کێشەی نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا. ئایا کەسانی عێراقی دوای سەربەخۆیی کوردستان پێویستیان بە ڤیزا هەیە بۆئەوەی سەردانی دەوڵەتی کوردستان بکەن؟ ئەی بۆ کەسە بەکەڵکەکان وەک شارەزایان و تێکنۆکراتە عێراقییەکان، مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵیان چۆن دەبێت؟ ڕەنگە دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان هاوچەشنی بەریتانیا مافی نیشتەجێبوونی هەتاهەتایی بەو کەسانە بدات و لەبەرامبەردا دەبێت وەها مافێک بە کەسانی بازرگان و وەبەرهێنەری کورد لە بەغدا بدرێت. چونکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وەبەرهێنەری زۆر لە هەرێمی کوردستانەوە وەبەرهێنانیان لە شارەکانی دیکەی عێراق کردووە و پێویستیان بە گەرەنتی مانەوەیە بۆ ئەوەی لە پرۆژە و کارە بازرگانییەکانیان بەردەوام بن.

جگە لەوەش عێراق گەورەترین بازاڕی کاڵای پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی، باشووری کوردستان ڕەنگە لە داهاتوودا کارئاسانی بکات و بەبێ ڤیزا ڕێگە بە عێراقی بدات سەردانی کوردستان بکەن و بەپێچەوانەشەوە.

### یەکێتی گومرکی و بازاڕی ئازاد

کێشەی گرینگی دیکەی سەرەکی لەنێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا، چۆنیەتی مامەڵەی بەریتانیایە لەگەڵ بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپا کە تا ئێستا لەبەردەستی بووە. ئەورووپا گەورەترین بازاڕی کاڵا بەریتانییەکانە کە تا ئێستا بەبێ پێدانی هیچ باج و ڕەسمێکی گومرگی سوودمەند بووە لەو بازاڕە گەورەیە، بەڵام دوای جیابوونەوە، وڵاتانی ئەورووپی دەتوانن پێناسەی گومرگی بەسەر بەریتانیادا بسەپێنن. ئێستا لە دانوستاندنەکاندا، بەریتانیا دەیەوێت هەرچۆنێک بێت تووشی ئەو کێشەیە نەبێت و بگەنە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا، چونکە ئەوە دەتوانێت بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەریتانیا بپارێزێت. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق، پرسی سەپاندنی پێناسەی گومرگیی زیادە بەسەر ئەو کاڵایانەی لە هەرێمی کوردستانەوە دەڕۆن بۆ عێراق و هەروەها جیاوازیی ئەو پێناسە گومرگییەی کە لە دەروازە سنوورییەکان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن لەگەڵ ئەوانی عێراق لە باشوور، بووەتە کێشەیەکی گەورە کە زیانی گەورە لە قەبارەی بازرگانیی هەردوولا داوە.

شێوازی کاری بازرگانی لە نێوان باشووری کوردستان و عێراق، هاوچەشنی بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا پرسێکی گەورەیە. لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیی هەردوو وڵات و پێویستیی هەردوو لایەن بە یەکتر، لەڕووی کاری بازرگانییەوە پێدەچێت ئەو دوو لایەنە چارەیەکیان نەبێت، جگە لەوەی بگەنە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لە نێوانیاندا و یەکخستنی پێناسە گومرگییەکانیان. عێراق پێویستی بەوە هەیە دەستی بگاتە ڕووسیا و ئۆکراینا و چەندین وڵاتی ئۆراسیایی دیکە و لەوانەش گرینگتر دەریای ناوەڕاست و تورکیا کە سەرەکیترین هاوبەشی بازرگانییەتی و ڕێگەیەکی دیکەی نییە جگە لە هەرێمی کوردستان. عێراقیش دەروازەی باشووری کوردستانە بۆ کەنداو کە گرینگترین ئاوی بازرگانیی جیهانە و هەروەها بۆ وڵاتانی عەرەبی. لەبەر ئەوە کێشە گومرگییەکانی ئێستای نێوان باشووری کوردستان و عێراق لە دوای کورێگزێت دەبێت چارەسەر بکرێن و بەتەواوەتی ئەو پرسە لە نێوانیاندا شەفاف بێت. هەروەها بۆ ئەوەی هیچیەک لەو وڵاتانە زیانمەند نەبن، دەبێت پێناسە گومرگییەکان لە دەروازە سنوورییەکان و لە فڕۆکەخانەکان وەک یەکیان لێبکرێت و لە نێوان خۆشیاندا هیچ گومرگ و باجێک لە یەکتر وەرنەگرن. ئەگەرنا هاوسەنگیی بازرگانیی نێوانیان تێکدەچێت و لایەنێک زیانمەند دەبێت.

### کێشە داراییەکان و قەرزەکان

کێشەیەکی دیکە کە لەکاتی دانوستاندنەکانی کورێگزێت دەبێت چارەسەر بکرێت، پرسە داراییەکانە. حکومەتی عێراق هێشتا لەسەریەتی قەرەبووی کوێت بکاتەوە و هەروەها ئەو 122 ملیار دۆلار قەرزەی کە لەسەر شانێتی بیداتەوە. پێدەچێت باشووری کوردستان ناچاربێت بە ڕێژەیەک بەشدار بێت لە گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانە بۆ سەرچاوەکانی. کێشەی دارایی دیکەی نێوان باشووری کوردستان و عێراق ئەو 40 ملیار دۆلارەیە کە لەبری نەناردنی سێ ساڵ و هەشت مانگ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایان حکومەتی عێراقەوە لە نێوان ساڵانی 2014-2017 کەوتووەتە سەر ئەو وڵاتە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها داوای لە عێراق کردووە بە 9 ملیار دۆلار قەرەبووی ماددی ئەنفالکراوان بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە عێراق لە یەدەکی بانکی ناوەندی کە پشکی کوردستانیشی تێدایە، بڕی 54 ملیار دۆلاری خەرج کردووە و هیچی نەداوە بە هەرێمی کوردستان. ئەمە کۆمەڵێک پرسی دارایین کە پێویستیان بە چارەسەکردنە لە نێوان دەوڵەتی باشووری کوردستان و عێراقدا.

سەبارەت بە کێشە داراییەکانی نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا، یەکێتی ئەورووپا داوای 60 ملیار یۆرۆ قەرەبوو لە بەریتانیا دەکات بەهۆی ئەو پابەندبوونە داراییە هاوبەشانەی کە لەو کاتەی بەریتانیا بەشێک بووە لە ئەورووپا، لەسەری دروستبووە و هێشتاش لە دانوستاندنەکانی برێگزێتدا ئەو ژمارەیە لە نێوانیان ساخ نەبووەتەوە.

### پرسی سنوور و سەروەریی خاک

هەرچەندە بەلێدانی خەندەق و ئازادکردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەدەستی داعش، هەرێمی کوردستان سنووری خۆی لەگەڵ عێراق جیاکردووەتەوە، بەڵام پێدەچێت بۆ ئەوەی عێراق ڕازی بێت بەو سنوورە نوێیە کە هەرێمی کوردستان دایناوە، چەندین ساڵ دانوستاندنی چڕوپڕ پێویست بێت. تەنانەت لە پرۆسەی برێگزیتیشدا، کێشەی سنووری نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا سەرهەڵدەدات و دەبێت لە نێوان بەریتانیا و کۆماری ئێرلەندا و یەکێتی ئەورووپا چارەسەر بکرێت.

ئێرلەندای باکوور بەشێکە لە سەروەریی خاکی بەریتانیا، بەڵام ئێرلەندا وڵاتێکی سەربەخۆیە، ئێستا هاتوچۆی کاڵا و هاووڵاتییان لەنێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا ئازادە بەوپێیەی کە دوو وڵاتی بەریتانیا و ئێرلەندا هەردوو ئەندامن لە یەکێتی ئەورووپا، بەڵام دوای برێگزیت ئەو ڕەوشە دەگۆڕێت و پێشبینی دەکرێ ناکۆکی لەو ناوچەیە سەرهەڵبداتەوە کە مێژوویەکی خوێناویی هەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

# جیهان هاشم: مێردەکەم ئەڵقەی دەستگیرانداری بۆ کچێک فرۆشت



« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Reklam




Good food
abc
Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

تەنیا بە 25000 دینار

رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی نوێ بەحرکە تەنیشت گوندی لوبنانی

www.abcrestaurants.com/erbil

Reklam




Knowledge UNIVERSITY

**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd

